بیروڕا

# کوردایەتی و عەبدایەتی

## فەرەیدون پێنجوێنی

٢٠١٦ سلێمانی



ناوی کتێب : کوردایەتی و عەبدایەتی

ناوی نوسەر : فەرەیدون پێنجوێنی

بابەت : بیروڕا

٢٠١٦

# روونکردنەوە :

سالآنێکە ناو بەناو دەربارەی : کوردایەتی ، گەندەڵی ، بێدادی ، راگەیاندن ، دیموکراتی ، ئۆپۆزسیۆن ، دەوڵەت ، ئایین ، دەستور ، هەڵبژاردنی گشتی ، کێبەرکێی سیاسی و حیزبی و ... هتد وتار دەنوسم ، کوردایەتی و گەندەڵی ناونیشانی کتێبی یەکەمم بو بۆ کۆکردنەوەی هەندێ لەو وتارانە کە پێشتر هەمویانم لەسایت و رۆژنامەکان ، یان ئەکاونت و پەیجی شەخسیی خۆم لەفەیسبوک بڵاوکردۆتەوە ، هەروەها کوردایەتی و خەونی شاعیرانە ناونیشانی کتێبی دوەمم بو ، ئێستاش کوردایەتی و عەبدایەتی دەکەمە ناونیشانی کتێبی سێیەمم بۆ کۆکردنەوەی هەندێکیتر لەو وتارانەی کە لەساڵی ٢٠١٦ دا نوسیومن .

٢٢ دیسێمبەر

# سوریا ببوایەتە دەرس بۆ هەرێم

ئەگەر ئەردۆغان ئەو کودەتایەی بەسەر ئەمریکادا کردبێ : بەیەکجاری ئەنقەرەی پاڵدابێتەوە بەمۆسکۆ ، تاران ، بەغداو دیمەشقەوە ، ئەوا چەند توانرا بەو هەمو ساڵ ئاشوبە سوریا لەژێر چنگی ئەسەد دەربهێنرێت ، ئەوەندەش دەتوانرێ ئامەد لەژێر دەستی تورکیا ، سنە لەژێر دەستی ئێران ، هەولێر لەژێر دەستی بەغداو قامیشلو لەژێر دەستی سوریا دەربهێنرێ.

ئەردۆغان ئەگەر دڵنیابێ ئەمریکا خەیاڵی هەیە دەسکەوتێکی سیاسیی راستەقینەی هەمیشەیی بۆ کورد (جا لەهەر پارچەیەکی کوردستاندابێ) دەستەبەر بکا ، ئەوا فیعلەن کودەتای خۆیی بەسەر واشنتۆندا کردوەو براوەتەوە (بۆی دەچێتە سەر تا کۆتایی یان نا ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە).

لەحاڵەتی سەرگرتنی کودەتایەکی وەهادا ، تاقە رێگەی گونجاو لەبەردەم کورددا ئەوەیە کە : هەوڵی خۆگونجاندن بدات لەگەڵ حکومەتە مەرکەزیەکانی ئەنقەرە ، تاران ، بەغداو دیمەشق ، چاکبن یان خراپ ، کەم بدەن یان کەمتر لەکەم.

بێگومان عەقڵ نایبڕێ کە ئەمریکا (نێرە بیدۆشەیەکی تری وەکو ئەوەی لەسوریا بۆ خۆیی سازاند) لەئێران یان تورکیاو عێراق بۆ خۆی بسازێنێ ، بەتایبەتی لەپێناوی کورددا.

لەهەمو حاڵەتێکدا ، بژاردەی هەرەباش بۆ کورد ، (بەتایبەتی کوردی باشور) ئەوەیە کە : دەستبەرداری داوای تەعجیزی ببێ ، دوای بەڵێنی ئەمریکا نەکەوێ (ئەگەر بەڵێنی لەو جۆرە لەئارادایە) ، سەیرێکی بارودۆخی سوریا بکا کە دوای شەش دانەساڵ وەعدو بەڵێنی ئەمدەوڵەوت و ئەودەوڵەت بەئۆپۆزسیۆنی وڵاتەکە بۆ روخاندنی رژێمی ئەسەد ، دواجار کار بەچی گەیشت ؟

.............

19 دیسێمبەر

# بەرپرسانی کورد وریای دەزگای پۆلیسی تورکیابن نەیانکوژێ !

باڵیۆزی روسیا لەتورکیا ، لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە کە موکەڵەفە بەپاراستنی گیانی خەڵک ، کوژرا .

رەنگە بگوترێ ئەو قسەیە قسەیەکی قورسە :

پۆلیسێکی وڵاتەکە کابرای باڵیۆزی کوشتوە نەک دەزگای پۆلیسی وڵاتەکە ، چۆن دەبێ تاوانی بکوژێک بدرێتە پاڵ سەرلەبەری دەزگایەک (با کابرای بکوژ ئەندامی ئەو دەزگایەشبێ) ؟!

بەڵام نا ، ئەو دەزگایە گرنگترین دەزگای دەوڵەت و سیستمە سیاسییەکەی ئێستای تورکیایە ، هەر ئەو دەزگایەبو سەرۆکی وڵات (ئەردۆغان) ی لەتیاچون پاراست و نەیهێشت لەکودەتاکەی ماوەی رابردودا قڵپ ببێتەوە .

جگەلەوە : پۆلیس (هەر پۆلیسێک) بەپرس و ئاگادارییی دەزگاکەی چەکی پێیە ، بەپرس و ئاگادارییی دەزگاکەی لەهەر شوێنێکە کە هەیە ، ئەگەر پۆلیس ببێتە تیرۆریست ئەی ئیتر کێ کێ بپارێزێ لەکێ ؟ ئەگەر پۆلیس ئاگای لەوە نەبێ کەوا ئەندامێکی خۆی وردە وردە بەرەو زەلکاوی تیرۆر هەڵدەخلیسکێ ، ئەی ئاگای لەچی بێت ؟ ئاگای لەکێ بێت ؟ کێ ئاگای لەکێ بێت ؟ پۆلیس ئاگای لەخەڵک بێت هەڵنەخلیسکێن یان خەڵک ئاگای لەپۆلیس بێت هەڵنەخلیسکێ ؟

ئەمە بەلایەک ...

با ئاوڕێک لەو گوتەیەی چەند رۆژی رابردوی ئەردۆغان بدەینەوە کە دەنگی هەڵبڕی و گوتی : لەمافی خەڵکی حەڵەب خۆشنابین ئەگەر تەنها بەڕزگارکردنی یەک دانە کەسی خەڵکی شارەکەشبوبێ ...

زۆر رێی تێدەچێ ئەمە ئەو تۆڵەیەبێ کە ئەردۆغان دەیگوت و خۆی بۆ نابۆوە !

تەنانەت ئەگەر نەشتوانرێ ڕاستەوخۆ لەم کەیسەدا ئەردۆغان بکرێتە شەریکەتاوان ، دەتوانرێ بەوە تاوانبار بکرێ کە لەڕێی لێدوانە خوێناویەکانیەوە زەمینەسازیی کردوە بۆ پەیدابونی تاوانبارانێکی زۆری وەک بکوژی باڵیۆزەکەی روسیا .

باشە ئاخر حکومەتی تورکیا ئەم بکوژە بەچی تۆمەتبار بکات ؟ تۆمەتباری بکات بەوەی هەڕەشەو گوڕەشەکانی ئەردۆغانی تەرجەمە کردوە بۆ کردەوە ؟ مەگەر وا !

بێگومان مۆسکۆ لێکۆڵینەوەی ورد لەم تاوانکارییە دەکا ، هەرچەند بەرژەوەندیی باڵای وڵات رێگای نادا رێوشوێنێکی ئەوتۆ بەرامبەر بەئەنقەرە بگرێتەبەر تەنانەت ئەگەر بەڵگەی وردیشی دەست بکەوێ بۆ تۆمەتبارکردنی .

بەڵام زۆر گرنگە بتوانرێ ئیسپاتی تێوەگلانی دەزگای پۆلیسی تورکیاو خودی دەوڵەتەکە لەو تاوانەوە بکرێ .

رەنگە پرسیاری ئەوە بکرێ کە : چۆن دەبێ بیر بۆ ئەوە بچێ وڵاتێک دیپلۆماتێکی میوان بکوژێ کە بەخۆی بەرپرسە لەپاراستنی گیانی ئەو میوانە ؟

وەڵام :

بۆ رازیکردنی چەکدارانی (بەناو خەڵکی حەڵەب) و وڵاتانی پشتیوانیان .

بێگومان ئەم کردەوە تیرۆرستییە لەهەمو حاڵەتێکدا ئامانجی خۆیی پێکا ، واتە : برێکی باش لەگلەیی و گازاندەو تورەیی تیرۆریستانی سوریا بەرامبەر بەئەنقەرە دەرەوێنێتەوە ، جا ئۆباڵەکەی بکەوێتە ئەستۆی کابرای بکوژ بەتەنیا ، یان بکەوێتە ئەستۆی خۆی و دەزگاکەی و حکومەتی وڵاتەکەی پێکەوە ، ئەمەش رێک بەدڵی ئەردۆغانە (ئەگەر نەشسەلمێ کە بەدەستیشی بوە) .

.................

17 دیسێمبەر

# تەها محێدینەکان و ئۆجەلانەکان

رژێمی عێراقی دوای صەددام ، بەقەدەر رژێمی ئێستای تورکیا لەئاستی کورددا توندوتیژ بوایە ، هەرچی بەرپرسی کورد لەبەغدا هەن و هەبون لەماوەی ئەم چەند ساڵەی فەرمانڕەوایی شیعەدا لەعێراق ، یەکی یەک دانە طەها جەزراوییان لێدەردەچو (طەها یاسین رەمەضان جەزراوی نەک طەها محێدین مەعروف) .

ئێستاش کە رژێمی فەرمانڕەوا لەبەغدا ، بەقەدەر رژێمی فەرمانڕەوا لەئەنقەرە ، دەرهەق بەکورد توندوتیژ نییە (دەرەقەت نایەت وەکو ئەنقەرە توندوتیژبێ) هەرچی بەرپرسی کورد لەبەغدا هەن و هەبون لەماوەی ئەم چەند ساڵەی فەرمانڕەوایی شیعەدا لەعێراق ، یەکی یەک دانە طەها محێدینیان لێدەرچوە !

کەچی کوردانی بەرپرس لەتورکیای ئەردۆغان (لەپەرلەمانتارو سەرۆکشارەوانی) ، وێرای هەمو توندوتیژییەکی رژێمی فەرمانڕەوا بەرامبەریان ، هەریەکەیان عەبدوڵڵا ئۆجەلانێکیان لێدەرچوەو وەکو ئەو کەوتونەتە کونجی زیندان .

ئەم راستییە ، جیاوازییەکمان پیشان دەدا کە لەنێوان نەهجی کوردی باکورو نەهجی کوردی باشوردا هەیە ، نەک لەنێوان نەهجی داگیرکەرانی کوردستان :

داگیرکەرانی کوردستان ، نە لەئێستادا نە لەرابردودا نە لەداهاتودا ، هیچیان لەهیچیان چاکتر نین و نەبون و نابن ، ئەگەر دەست و پێیان نەبەستریتەوە هەمویان هەر ئەوە دەبن کە هەبون و هەن ، هەمویان هەر درێژەپێدەری نەهجەکەی صەددام و ئەتاتورک و خومەینی دەبن .

گەلی کورد خۆیەتی کە خاوەنی دو نەهجی ناچونیەکەو بەو هۆیەوە بۆتە خاوەنی دو ئەزمونی سیاسیی ناچونیەک .

هەقە هەمومان بەجدی بەشوێن ناسینەوەو دەستنیشانکردنی ئەو جیاوازییە (فیکری - سیاسی و مۆراڵی) یانەوەبین کە ئەزمونی سیاسیی گەلی کوردیان لەکوردستاندا دابەشکردوە بۆ ئەو دو جۆرە ئەزمونە سیاسییە ناچونیەکە :

-جۆری کوردستانی (باکورو رۆژئاوا)

-جۆری کوردستانی (باشورو رۆژهەڵات)

تەماشا :

هیچ کام لەداگیرکەرانی کوردستان ، لەدۆستایەتیی نێوان نوخبەی سیاسیی کوردی رۆژهەڵات و نوخبەی سیاسیی کوردی باشور ناسڵەمێنەوە (تا ئەو کاتەی دۆستایەتیەکە بەو شێوەیە بچێتە سەر کە چۆتە سەر) ، کەچی لەهەمو دۆستایەتییەکی نێوان کوردی رۆژئاواو کوردی باکور دەسڵەمێنەوە !

بۆچی ؟

.....................

30 نۆڤەمبەر

# بێلایەنکردنی خەڵکی کوردستان لەئاست دوبارە داپڵۆسینەوەی_ئێزدیەکان

جوڵەیەکی تیۆری و میدیایی لەئارادایە بۆ رەشکردنی ئێزدیەکان لەبەرچاوی گەلی کورد ، وەک بڵێی دەویستریێ زەمینەسازی بکریێ بۆ دوبارە داپڵۆسینەوەیان لەشەنگال و (بێلایەنکردنی خەڵکی کوردستان لەئاست دوبارە داپڵۆسینەوەیاندا) .

بۆ نمونە دەنوسریێ و بڵاودەکرێتەوە : ئێزدی کورد نین .. ئێزدی موسوڵمانی لادەرن .. ئێزدی و نادیە مورادی باڵیۆزیان سیخوڕی کویێ و کوێن و ... هتد (رێک لەم رۆژانەداو لەهەندیێ پێگەی ئەلیکترۆنیی کوردییەوە) .

دەبیێ خەڵکی کوردستان بەو چەواشەکاریانە (کە رێک روی لەوانەو هەوڵێکە بۆ بێلایەنکردنی ئەوان لەئاست دوبارە داپڵۆسینەوەی ئێزدیەکان) هەڵنەخەڵەتێن .

جاریێ پێش هەمو شتیێ ئەوە بزانین : -

مرۆڤ خۆی شوناسی خۆی هەڵدەبژێریێ :

خۆی خۆیی بەکورد دایەقەڵەم ئەوا کوردە .

خۆیی بەعەرەب دایە قەڵەم ئەوا عەرەبە .

گەڕانەوە بۆ رەگوریشەی مێژویی لەپێناوی دیاریکردنی شوناسی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا یان لەپێناوی سەپاندنی شوناسێکی دیاریکراو بەسەریاندا ، هیچ بەهایەکی سیاسیی ئانیی نییە : مرۆڤ ئەوەیە کە خۆی دەیڵیێ ...

کورد هەن خۆیان بەعەرەب دەزانن ، ئەوانە عەرەبن ئەگەر مێژوش ئیددیعاکەیان نەسەلمێنیێ ! بۆچی ؟ چونکە مرۆڤ خۆی موخەییەرە دەیەویێ چی بێت و هەڵگری چ شوناسێک بێت :

ناکریێ بەزۆر شوناس بەسەر کەسدا بسەپێنریێ .

ساڵەهایە دەوڵەتی تورکیا ئاگرو ئاسن و پارە بەکاردێنێ لەپێناوی سەندنەوەی شوناسی کوردی لەخەڵکی باکوری کوردستان و سەپاندنی شوناسێکیتر بەسەریاندا ، ئێران لەگەڵ کوردەکەی بندەستی خۆی هەروەها ، سوریاو عێراق هەروەها ، بەڵام جگە لەو کوردانەی کە بەمەحضی ئیرادەو ئیختیاری خۆیان شوناسە مێژوییەکەی خۆیانیان وەلاوە ناوە ، ناتوانرێ بەیەک کوردیتریان بگوترێ تورک یان عەرەب یاخود فارس ، تەنانەت ئەگەر زمانی کوردییش نەزانن .

بەڵام بەشێکی زۆر لەئێزدیەکان نەک هەر خۆیان بەعەرەب و موسوڵمان نازانن ، بەڵکو زمانی عەرەبیش نازانن ، تەنها کوردی دەزانن .

جگەلەوە :

دەبێ بپرسین ئەم فاشییەتە بۆ ؟ هەرچی هاوڕەگی تۆ نەبو بۆچی دەبێ نەبێ و نەمێنێ و لەتەنیشتتەوە نەژی ؟ ئایا گەلانی ئەوروپاو ئەمریکاو شوێنانی تری دنیا کە پێکەوە دەژین ، هەمویان هاوڕەگ ، هاوزمان ، هاودین و هاومەزهەبن؟ ئایا گەلانی کۆن کە لەناو ئیمپراتۆریەتەکاندا پێکەوە ژیاون ، هەمویان هاوڕەگ ، هاوزمان ، هاومەزهەب و هاودینبون ؟

بەکورتی و بەکوردی :

نابێ قەت رازیبین ئێزدیەکان لەشەنگال یان لەهەر جێیەکیتر دوبارە دابپڵۆسرێنەوە ، نابێ ئەو هاوسۆزییەی لەداپڵۆسینی یەکەمجاریاندا هەمانبو بەرامبەریان ، یەک دڵۆپ و یەک تۆز کەم بکات ...

....................

29 نۆڤەمبەر

# ئەم دەسەڵاتە لەهەرێمدا کەی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە یان خۆی ئەبدەیت دەکا ؟

تەنانەت لەلادێشدا (بەلادێی ناو کۆمەڵگە سەرەتاییەکانیشەوە) شتێک لە (دەسەڵاتی گشتی - یان فەرمانڕەوایەتیی گشتی) لەهەمو دنیادا لەئارادابوە ، جا ئەو دەسەڵات یان فەرمانڕەوایەتییە گشتییە لەدەستی کوێخای گونددابوبێ یان لەدەستی مەلای گونددا ، یاخود لەدەستی کاهین و جادوگەری خێڵ (وەک ئەوەی لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا هەبوە) .

لەقەڵەمڕەوی هەمو دەسەڵاتدارێتییەکیشدا هەڵە کراوە (دەرهەق بەمرۆڤ و مافەکانی) ، چ زۆرو چ کەم ، چ گەورەو چ بچوک .

فیکرەی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت تا ئێستا هەر فیکرەو خەیاڵە .

هەروەها فیکرەی دەوڵەتی باڵا یان دەوڵەتی میسالی ئەویش هەر خەیاڵە :

خەیاڵی نییە بتوانرێ بڕوا (نەک هەر بەکۆی خەڵکی کۆمەڵگە) بەڵکو بەزۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگە بهێنرێ کە فلانە سیستمی سیاسی و حکومڕانی باڵاترین و میسالیترینە ؟

دەی دەوڵەتێک (چەندیش باش و چاکبێ بۆ بەشێکی زۆر لەخەڵکی کۆمەڵگە) ئەگەر بەشێکی تر لەخەڵکی کۆمەڵگە ، بەشێکی کەمتر لەزۆر ، تەنانەت زۆر کەمتر لەزۆر ، بەلایانەوە ناپەسەندبێ : هەست بەغوبن و بەشخوراوی بکەن لەسایەیدا ، ئەوە چ جۆرە دەوڵەتێکی باڵاو میسالییە ؟

لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی گشتی هەر دەبێ لەئارادابێ ، چونکە مرۆڤ لەسەر ئەوە راهاتوە ، وەکچۆن کۆمەڵگە مرۆییە کۆن و نوێیەکان لەزۆر زوەوە لەسەری راهاتون .

غیابی دەسەڵاتی گشتی واتە : سەروەری و حضوری فەوزا .

مومکین نییە بتوانرێ قەناعەت بەکەسێکی بیرتیژو دوربین بهێنرێ کە : ژیانکردن لەسایەی غیابی دەسەڵاتی گشتیدا ، ژیانێکی میسالیی بەدوادا دێت و فەوزاسەروەریی بەدوادا نایەت .

خەڵکی هەرێمی کوردستانیش لەم رێسایە بەدەر نین :

#نه دەتوانن لەغیابی دەسەڵاتی گشتیدا ژیان بکەن .

#نه پێیان دەکرێ دەسەڵاتێکی گشتیی باڵاو میسالی لەکۆمەڵگەکەیاندا بچەسپێنن .

بەڵام ئایا :

ئەوەی لەهەرێمی کوردستاندا هەیەو ناوی نراوە (دەسەڵاتی گشتی) دەسەڵاتی گشتییە ؟ یان شتێکە لەنەوعی فەوزاسالاری و فەوزاسەپێنیی دەستئەنقەست ؟

با بڵێین دەسەڵاتی گشتییە (بەو پێیەی توانیویەتی خەڵکی هەرێمەکە لەژێر رکێفی خۆیدا بهێڵێتەوە) : دەسەڵاتێکی گشتیی زۆر کۆڵەوارو بێتوانا یان زۆر کەمتەرخەم لەئاست ژیانی خەڵکدا (ژیان بەهەردو دیوەکەیەوە : مادی و مەعنەوی) کە رەنگە لەنیوە بەرەوسەرتری خەڵک زۆر بەتوندی لێی ناڕازیین ، نیوەی باقیەکەشی هەر لێی ناڕازیین بەڵام بەبێدەنگی .

ئایا دەسەڵاتێکی لەو جۆرە چی چاوەڕوانیەتی جگە لەشکستی زیاتر ، بەتایبەتی کە دەبینین ساڵەهایە گوێی خۆی لەپرسیارو ناڕەزایەتیی خەڵک دەخەوێنێ .

ئەو دەسەڵاتە ، یان دەبێ رێگەی خەڵک بدا بیر لەبەدیلی ئەو بکەنەوە ، یان دەبێ بچێ بەدەم داوای خەڵکەوەو بەشێوەیەک خۆی ئەبدەیت بکا کە : ناڵێین دەسەڵاتێکی میسالیی لێدەرچێ ، بەڵکو دەسەڵاتێکی لێدەرچێ هیچ نەبێ لەئاستی خواستە مادی و بژێویەکانی خەڵکدابێ (چش لەمافە سیاسیەکانیان کە لەمێژە لەدەستیان داوە) .

هەر بۆ بیرخستنەوە دەیڵێین :

زۆربەی سیستمە سیاسییە خۆسەپێنەکانی دنیا (بەسیستمە عروبیەکەی کابرایشەوە لەعێراق) بۆ پاساودانی دەسەڵاتدارێتیی خۆیشیان بوبێ ، مافە مادی و بژێویەکانی خەڵکیان دابین کردبو و دەکەن .

................

25 نۆڤەمبەر

# موحەلیلێکی عەرەب : ئاگرەکەی ئیسرائیل سیناریۆیە

هەرچەند لەم بارودۆخە دژوارەدا کە خەڵکی وڵات و هەرێمەکەی ئێمەی تێکەوتوە ، نەک هەر هەواڵی گرگرتنی ئیسرائیل بایەخێکی خەبەری - سیاسیی لای میدیاو میدیاکارو هاووڵاتی ئێمە نییە ، بگرە رەنگە گڕگرتن یان غەرقبونی ژاپۆن ، ئەمریکا ، روسیا ، بەریتانیاو ئەڵمانیاو فەرەنساش بەسەریەکەوە ، بایەخێکی زۆری نەبێ .

بەڵام بەچاوپۆشی لەبارودۆخی خەڵکی وڵات و هەرێمەکەمان ، سەرنجێکی جیاواز (کە سەرنجی ئێمە نییە بەڵکو سەرنجی نوسەرێکی عەرەبە بەناوی هاشم الفخراني) لەبارەی ئەو ئاگرە گەورەیەوە دەخەینەڕو کە سێ - چوار رۆژە ئیسرائیلی گرتۆتەوەو هێشتاش هەر بەردەوامە .

بێگومان هەر موتابیعێکی هەواڵ ، لەم سێ - چوار رۆژەدا دەیانجار مانشێتی لەمجۆرانەی کەوتۆتە بەرچاو :

-ئیسرائیل گڕی گرت .

-ئیسرائیل سوتا .

-ئیسرائیل داوای هاوکاری لەتورکیا ، ئیتالیا ، یۆنان و قوبرس و وڵاتانیتر دەکا یارمەتیی بدەن بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرەی وڵاتەکەی گرتۆتەوە .

-فەلەستین و مصر بەشداری لەکوژاندنەوەی ئاگرەکەی ئیسرائیلدا دەکەن .

-نەتانیاهۆ هەڕەشە دەکا ، دەڵێ : ئاگرەکە دەستی تیرۆریستانێکی لەپشتەوەیە ، نایەڵین بەسەریانەوە بچێ .

-فڕۆکە ئاگرکوژێنەوە زەبەلاحەکەی ئەمریکا (ناسراو بەسوپەر تەنکەر) کە بڕێکی زەبەلاح ئاو هەڵدەگرێ ، تاقە ئومێدی ئیسرائیلە بۆ دامرکاندنەوەی ئاگرەکە .

-و ... چەندین مانشێت و بنمانشێتی تر .

قسەی جیاواز لەو نێوەدا کە تا ئێستا کەوتبێتە بەرچاومان ، قسەی ئەم نوسەرە عەرەبە (هاشم الفخراني) یە

، دەڵێ :

گڕگرتن و سوتانی ئیسرائیل سیناریۆی خودی تەلئەبیبە بۆ ئەوەی لەو ڕێیەوە هەم زەوی و هەم زەمینە دەستەبەر بکا بۆ بنیاتنانی ئۆردوگای نوێی جولەکەنشین : لەسەر زەویە سوتاوەکان ئۆردۆگای نوێ بنیات بنێ .

ناوبراو دەڵێ :

ئیسرائیل لەساڵی ٢٠١٠ ەوە (بەدوای گڕگرتنی دارستانەکانی کرملدا) هەمو ساڵێ مانۆڕی گەورە لەبواری فریاگوزاریی مەدەنی ، روبەڕوبونەوەی کارەساتی سروشتی بەتایبەتی ئاگرکەوتنەوەو نمایشی توانای خۆی لەو بوارەدا سازدەکا .. بۆچی ناتوانێ ئەم ئاگرە خامۆش بکا ؟

دەپرسێ : بۆچی سوپای ئیسرائیل (تا کاتێک کە ئەو وتارەکەی خۆیی تێدا نوسیوە) بەشداری لەکوژاندنەوەی ئاگرەکەدا ناکاو تەماشاچییە ؟

دەپرسێ :

بۆچی بەرپرسانی ئیسرائیل رێک لەرۆژی دوەمی ئاگرکەوتنەوەکەدا پێشنیاری بنیاتنانی ئۆردوگای نوێی جولەکەنشین دەکەن ؟ بۆچی رێک دو رۆژ دوای سەرکەوتنی دۆناڵد ترامپ لەئینتیخاباتەکەی ئەمریکا ، پێشنیاری بنیاتنانی ئۆردوگای نوێی جولەکەنشین دەکەن ؟

هەر بەخۆی ، وەڵامدەداتەوە دەڵێ :

تەلئەبیب ، دوای سەرکەوتنی دۆناڵد ترامپ لەئینتیخاباتەکەی ئەمریکا ، چاوی لەسەر کۆشکی سپییە پشتیوانیی بکا بۆ دەستبەسەرداگرتنی زەویی ترو بنیاتنانی دەیان ئۆردوگای نوێی جولەکەنشین لەسەری .

سەرەنجام دەڵێ :

ئاگرەکەی ئیسرائیل لەلایەن خودی تەلئەبیبەوە هەڵگیرسێنراوە ، لەپێناوی دەستەبەرکردنی زەوی و زەمینە بۆ بنیاتنانی دەیان ئۆردوگای نوێی جولەکەنشین کە لەپلاندایە تا ساڵی ٢٠٢٠ بنیات بنرێن و تەواو بکرێن .

.....................

21 نۆڤەمبەر

# ئیرهابی سەر خەڵکی هەرێمی باشوری کوردستان

هەمو ئەو شارو شارۆچکەو ناوچانەی هەرێمی باشوری کوردستان کە ئێستا بونەتە ناوچەی (ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان) ، لەپێناوی هەڵتەکاندنی رژێمە عروبی و فاشیستییە یەکلەدواییەکەکانی عێراق و هێنانەئارای سەردەمێکی نوێدا ، بێئەندازە ماندو و سنگلەپێشبون ، بۆیە ئێستاش هەروا سنگلەپێش و ناڕازی و ماندون .

گومانی تێدا نییە :

خەڵکانێک کە بەپەیداکردنی دەستکەوتێکەوە زۆر ماندوبوبن ، بۆ پاراستنیشی هەروا لێبڕاو دەبن .

پێویستە پارتەکانی هەرێم ئاگاداری ئەمەبن :

خەڵکی (ناڕازی) ی هەرێمی کوردستان ، لەژێر ترس و بیمدا دەژین (ترس و بیمی لەدەستدانی دەستکەوتە گشتیەکان) .

خۆپیشاندان و درێژەدانی ئەوان بەناڕەزایەتی (جا لەسەر جادەبێ یان لەڕێی سۆشیال میدیاوە) چەندێکی بۆ سەندنەوەی موستەحەقاتە مادی و مەعیشیەکانیانە ، ئەوەندەو بگرە زیاتریشی بۆ گوزارشتکردنە لەو ترسە (ترسی لەدەستدانی دەستکەوتە مادی و مەعنەویە گشتیەکان) تەنانەت ئەگەر خۆیشیان بەم راستییەیان نەزانیبێ و بەدەستەواژگەلی رۆشن گوزارشتیان لێ نەکردبێ ، کە ئەمە واتە : ترسێکی پەنهان لەنەستدا .

پارتەکان لەسەریانە :

ئەگەر ژیان و بژێوی و موچەی خەڵکیشیان پێ دابین ناکرێ ، هیچ نەبێ ئەو ترسە لەدڵ و دەرونیاندا بڕەوێننەوە .

پارتەکان هەر هەمو (رازی و ناڕازی ، حاکم و ئۆپۆزسیۆن) بەشدارن لەتۆقاندنی خەڵکی ناڕازیی هەرێمدا ، دەبێ دەستهەڵگرن لەدڵتەنگترکردن و زیاتر تۆقاندنیان .

چیی تێدەچێ بۆ پارتەکان ئەگەر ناوبەناو روبکەنە خەڵک و بیریانی بخەنەوە کە قەرزاری دەنگ و متمانەیانن ، چیی تێدەچێ ئەگەر (وەکو ئەوەی کە کەسی قەرزار

بۆ دڵنییاکردنەوەی خاوەنقەرز دەیکا) بیری خەڵکی بخەنەوە کە ئەوان بەتەمانین هەتا هەتایە دەست بەسەر پرۆسەی سیاسی و حکومڕانی و دەنگی خەڵکدا بگرن (دەنگی خەڵک کە بەقەرز دراویانەتێ نەک بۆ هەتاهەتایە) ؟ چیی تێدەچێ ئەگەر لەبەینی خۆیاندا رێکبکەون لەسەر دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەتایبەتی لەدۆخێکی سیاسی و مەعیشیی خراپی وەکو ئێستادا کە حەتمەن دەستاودەستکردنی دەسەڵات (ئەگەر باشبونی مەعیشەتیشی بەدوادا نەیەت) ئارامییەکی دەرونیی گەورەی بەدوادا دێت بۆ خەڵک (ئەگەر دەستاودەستێکی راستەقینەبێ نەک دەستاودەستێکی نمایشی یان دەستاودەستێکی بەپێچ و پەنا) .

خەڵکی (ناڕازی) ی هەرێمی باشوری کوردستان ، لەسایەی کردەوەی پارتەکانی ناو پرۆسەی سیاسیدا (بەپارتی فەرمانڕەواو پارتی ئۆپۆزسیۆنەوە) دڵنییایی و ئاسایشی دەرونییان لەدەست داوە ، بەر لەوەی موچەو قوتی ماڵ و منداڵیان لەدەست بدەن .

پارتەکان ، لەڕێی شاشەکان و پێگە ئەلیکترۆنیە زەردەکانیانەوە (زەرد - بەمانای روزەرد ، وەکو ئەوەی بەڕۆژنامەی روزەرد دەگوترێ : رۆژنامەی زەرد) ، بەچڕی بەشدارن لەتۆقاندنی خەڵکدا (لەنەشارەزایی و منداڵبازرییانەوەبێ یان لەشارەزاییەوە) ، نازانین بۆچی وادەکەن ؟ دەیانەوێ ئیحسانەکەیان پڕاوپڕبێ (وەکو دەڵێ : الاحسان بالتمام) : لەپاڵ بێموچەییدا ترس و بیمەکەش بکەن بەقورگی خەڵکدا ؟ نازانن ئەمە زەرەری بۆ دەسەڵاتدارێتی یان بەشدارییە سیاسیەکەی خۆیان هەیە ، بەرلەوەی زەرەری بۆ خەڵک هەبێ ؟

..................

17 نۆڤەمبەر

# کورد بەتەمای ئەمریکا نەبێ

# ئەمریکا لەمەودوا پۆلیسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نابێ

نوسەرو موحەلیلی ئەمریکی ئارون دیفید میلر - جێگری سەرۆکی دەزگای (وودرو) ی نێودەوڵەتی بۆ کاروباری دەستپێشخەریی نوێ و خاوەنی کتێبی (کۆتایی عەظەمەت : ئەمریکا بۆچی ناتوانێ و نایەوێ سەرۆکێکی تری مەزنی هەبێ ؟) دەڵێ :

ئەگەر ترامپ بەڵێنەکانی جێبەجێ بکا ، ئەوا ئەمریکا چیتر پۆلیسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نابێ .

بەڵام ئایا ترامپ بەڵێنەکانی جێبەجێ دەکا ؟

نوسەری ناوبراو وەڵامدەداتەوە دەڵێ : ئەوە لەعیلمی غەیبدایە .

بەپێی وتارێکی شیکاریی (ئارون دیفید میلر) کە لە CNN ی عەرەبیدا بڵاوکراوەتەوە (لینکی وتارەکە لەدامێنی پۆستەکەدایە) ، ئەمریکای سەردەمی ترامپ (ئەگەر بەخواستی ترامپ بەڕێوە بچێ) ، لەسەر پێنج بنەما مامەڵە لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکا کە ئەمانەن :

١ . هەماهەنگیکردن لەگەڵ ڤلادیمیر پوتن (سەرۆکی راستەقینەی وڵاتێکی راستەقینە) بۆ کۆتاییهێنان بەتیرۆر .

٢ . کۆتاییهێنان بەناکۆکیی نێوان ئەمریکاو وڵاتانی دۆست لەناوچەکەداو چاوپۆشیکردن لەخراپەکاریەکانیان ، ئیسرائیل لەپێش هەموویانەوە ، بەڵام لەگەڵ ئێران نا (ئێران بەدەر دەبێ لەقاعیدە سیاسیە گشتیەکەی ترامپ - وەکو رایگەیاندوە) .

٣ . وڵاتان و نەتەوەکان خۆیان لەناوخۆدا خۆیان بنیات بنێن (ئەمریکا کە لەدەرەوەی ئەوانە خۆی بەبنیاتنانی ئەوانەوە خەریک نەکا) .

٤ . وڵاتان خۆیان ئەمن و ئاسایشی خۆیان دابین بکەن .

٥ . دیموکراتی و مافی مرۆڤ لەدەرەوەی ئەمریکا ، دەچەسپێن یان ناچەسپێن کێشەی ئەمریکا نییە ، ئەمریکا زۆر لەوڵاتان نەکا بۆ چەسپاندنی دیموکراتی و مافی مرۆڤ ، دەست لەکاروباریان وەرنەدا .

تایبەت بەعێراق :

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی موسڵ و هەڵوەشانەوەی داعش ، ئەمریکا تەنها ئەوەندەی کە پێویستە نەک زیاتر لەوە ، بەشداری لەڕێکخستنەوەی ژیانی عێراقیەکاندا بکا .

پوختەی بۆچونی (ئارون دیفید میلر) ئەوەبو کە باس کرا .

پرسیاری ئێمە دەربارەی داهاتوی هەرێمی باشوری کوردستانە بەتایبەتی و هەرێمەکانی تری کوردستانی گەورە بەگشتی :

#لەغیابی پۆلیسێکی نێودەوڵەتیی وەکو ئەمریکا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ، بەتەمابین بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی گەلەکەمان ، پشت بە چ پۆلیسێک ببەستین ؟ ئێران و تورکیا ؟

#ئەی بۆ بنیاتنانی گەلەکەمان لەناوخۆدا کە ئەرکی وڵاتان و نەتەوەکان خۆیانە (بەپێی سیاسەتی ئەمریکای ترامپ ئەگەر سەربگرێ) پشت بەکام فاکتەرگەلی ناوخۆیی ببەستین ؟ بەگەندەڵکاری ، کێشمەکێش ، نەسازاوی و نەکڵۆکیەکەمان ؟

#ئەی دەوڵەت و مەوڵەت و جیابونەوە لەعێراق و ... ؟

...................

15 نۆڤەمبەر

# فۆکۆیاما :

# دەرچونی ترامپ وەرچەرخانێکی گرنگە نەک هەر لەسیاسەتی ئەمریکیدا بەڵکو لەسەرلەبەری سیستمی جیهانیدا

میدیا جیهانیەکان تا ئێستا بەردەوام نوسین و لێکدانەوە لەبارەی هۆکاری دۆڕانی هیلاری و دەرچونی ترامپەوە بڵاو دەکەنەوە کە نوسەرانی زۆر دیار بەشداری لەنوسینیاندا دەکەن ، رەنگە تا زۆر دوای ئێستاش هەر وابڕوا .

هۆکاری بنەڕەتی بۆ ئەم زۆر وتنە لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە ، نامەئلوفیەتی روداوەکەیە کە لەتەوەقوعی کەم کەسدابوە .

لێرەدا زۆر بەکورتی لەسەر دو وتار رادەوەستین کە دوای خوێندنەوەیان (خوێندنەوەی دو وتارەکە نەک ئەم کورتە پێشەکییە) تێدەگەین : بۆچی دەرچونی ترامپ روداوێکی نامەئلوفە ؟

یەکەم : فۆکۆیاما

فۆکۆیاما - نوسەرو فەیلەسوفی ناوداری ئەمریکیی بەئەسڵ ژاپۆنی ، بەبۆنەی سەرکەوتنی دۆناڵد ترامپەوە لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکادا وتارێکی گرنگی نوسیوە (لینکی وتارەکە لەدامێنی پۆستەکەدایە) .

دەڵێ : شکستی هیلاری و سەرکەوتنی ترامپ ، وەرچەرخانێکی گرنگە نەک هەر لەسیاسەتی ئەمریکیدا ، بەڵکو لەسەرلەبەری سیستمی جیهانیدا .

گرنگیی وتارەکە لەوەدایە رەخنەی تێدا گرتوە لەسیستمی سیاسیی ئەمریکی ، بەتایبەتی لەڕوی ئابورییەوە ، دەستی لەسەر ئەوە داناوە کە سیستمی ئەمریکی لەجیاتیی دابینکردنی ژیانی شایستە بۆچینی کرێکار ، تا هاتوە جیاوازیی چینایەتیی تۆخ کردۆتەوە .

لەهەموی سەیرتر ئەوەیە دەڵێ کەموکورتی لەسیستمی سیاسیی ئەمریکیدا هۆکاری دەرچونی دۆناڵد ترامپی

قەومی و شەعبەوییە !

بێگومان باسی زۆر شتی تری گرنگی کردوە ، لەوانە : شێوازی حیزبایەتیکردن لەئەمریکادا :

دەستی خستۆتە سەر کەموکوڕیی دیموکراتیەکان و رەخنەی ئەوەی لێگرتون کە : هەمیشە خەریکی سیاسەتی هەوییە بون (مافی ژن ، مافی هۆمۆو هاوڕەگەزباز ، ژینگەپارێزی و ... هتد) ، بەڵام مافی بژێوی و ئابوریی چینەکانی خوارەوەیان پشتگوێ خستوە ، خۆیان پێوە خەریک نەکردوە .

هەروەها لەبارەی نەهجی کوماریەکانیشەوە دواوەو دەستی لەسەر کەموکوڕیەکانیان داناوە .

باسی عەولەمەو بازرگانیی کردوە ، بۆچونی وردو گرنگی لەبارەیانەوە خستۆتەڕو .

دوەم : یوسف مكي

وتارێکی تری گرنگ لەبارەی دەرچونی ترامپەوە ، توێژەرو ئەکادیمیی عەرەب (دکتۆر یوسف مەکی) نوسیویەتی ، باسی ئەوەی تێدا کردوە کە دەرچونی ترامپ لەدەرەوەی هەمو پێشبینیەکانەوەبو لەبەرئەوەی گەلەکۆمەکێیەکی زۆر گەورەی لەسەربو لەلایەن دامەزراوەی سیاسیی ئەمریکی و میدیاو تەنانەت ئەو حیزبەشەوە کە کاندیدی کردبو (حیزبی کۆماری) ، چاوەڕوان دەکرا بەتوندی شکست بخوا .

ناوبراو کە پیاوێکی ئاگاو شارەزایەو ساڵەها لەئەمریکا مامۆستای زانکۆ بوە ، چەند لاپەڕەیەکی لەمێژوی سەرۆکایەتی ئەمریکا هەڵداوەتەوە ، بۆ ئەوەی تێمانگەیەنێ کە : دەرچونی ترامپ ، بەهەمو پێوەرێک روداوێکی نامەئلوف و دەگمەنە لەمێژوی ئەمریکادا ، لەبەرئەوەی ترامپ هەم لەدەرەوەی دامەزراوەی سیاسییەوە پەیدابوە ، هەم لەچوارچێوەی سیستمی سیاسیی ئەمریکیدا بیرناکاتەوە : رەخنە لەسیستمی سیاسیی ئەمریکی دەگرێ .

لەگەڵ چەند سەرۆکێکی تری ئەمریکادا بەراوردی دەکا کە ئەوانیش لەسیستمی سیاسیی ئەمریکی لایانداوەو هەوڵیانداوە وەکو خۆیان بیربکەنەوە بەڵام بەسەختی ماوەی سەرۆکایەتییان لێگوزەراوە ، جۆن کینیدی کە یەکێکیانبوە ، بەو هۆیەوە تیرۆریش کرا (لەلایەن خودی دامەزراوەی سیاسیی ئەمریکییەوە) .

بێگومان نەک هەر فۆکۆیاما یان دکتۆر یوسف مەکی ، بەڵکو نوسەرانێکی زۆر قسەیان لەسەر ئەم روداوە گرنگە ئەمریکی و جیهانییە کردوەو دەکەن ، بەروداوێکی نامەئلوفی دەدەنە قەڵەم .

لەناویاندا هەن دەڵێن :

ترامپ یان دەبێ دەسبەرداری وەعدو بەڵێنەکانی خۆی ببێ و لەچوارچێوەی سیستمی سیاسیی ئەمریکیدا هەڵسوکەوت بکا ، یان دەبێ تیرۆر بکرێ ، یان دەبێ لەنیوەی ماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا دەستهەڵگرێ و جێیبێڵێ بۆ جێگرەکەی یان بۆ هەر کەسێکیتر .

تەنانەت لەسەر ئاستی وڵاتان ترس و بیم و حەزەرێکی زۆر لەئارادایە بەرامبەر بەترامپ ، بۆ نمونە چین :

هەر لەئێستاوە ترسی لێنیشتوە کە ترامپ ڕێژەی باج لەسەر کاڵای هەناردەکراوی چینی بۆ ئەمریکا ، بەرز بکاتەوە ، لەئەنجامدا زیانی گەورەی ئابوری بەر چین بکەوێ .. بۆ ڕێگرتن لەوکارە موحتەمەلە ، خێرا (هەر یەکسەر دوای دەرچونی ترامپ) وریایی دا بەئەمریکا کە ئەگەر شتی وەها روبدا ئەوا پەکینیش دەستەوسان دانانیشێ ، دەستی خۆی لەهەمو کاڵا ئەمریکیەکانی ناو بازاڕەکانی چین دەوەشێنێ ، هەر لەئەپڵەوە بیگرە بۆ سەیارەو فولی سۆیاو ... هتد .

لەولاوە وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا ، لەتازەترین لێدوانیدا (لەجیاتیی ئەوروپا) فشار دەکاو دەڵێ : پێویستە ترامپ لەنێوانی ناتۆو روسیادا یەکێکیان هەڵبژێرێ و خۆی یەکلایی بکاتەوە .

ترس و بیمی ئێرانیش لەگەڵدا ...

زۆر شتی تریش ...

تەنها کوردە کە کەمترین کات و حەیزی میدیایی بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان کردوە ، وەکو بڵێی پێی وایە کەری بەو بارەوە نەتۆپیوە !

.................

14 نۆڤەمبەر

# ئێران لەژێر هەڕەشەی راستەقینە بەڵام بێئاکامی ترامپدا

لەسەروەختی بەڕێوەچونی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکادا ، بیروڕای زۆر نارۆشمان لەترامپ بیست کە بەهۆی ئاڵۆزی و نارۆشنییانەوە وەکو بیروڕاگەلی ناکۆک و دژبەیەک کەوتنە بەر گوێمان ، دیارترینیان لەبارەی پەیوەندیی لەمەودوای نێوان (ئەمریکا - روسیا / ئەمریکا - سوریا / ئەمریکا - ئێران) ەوە بو .

ترامپ بەڵێنی دا پەیوەندیی لەمەودوای نێوان واشنتۆن - مۆسکۆ پەیوەندییەکی دۆستانەبێ ، لەو پێناوەدا دەستی وڵاتەکەی لەسەر رژێمی ئەسەد هەڵبگرێ ، تەنها تەرکیزی لەسەر داعشبێ : هەوڵی لەناوبردنی داعش بدا .. بەڵام چاو بخشێنێتەوە بەرێکەوتننامە ئەتۆمیەکەی نێوان ئێران - رۆژئاوادا کە ئەمریکای سەردەمی ئۆباما لایەنی هەرە دیاربو لەتاووتوێکردن ، گەڵاڵەکردن و ئیمزاکردنیدا .

بێگومان تەصەورکردنی ئەوەی کە ترامپ بتوانێ لەیەک کاتدا دۆستایەتیی پوتین و ئەسەد بکا بەڵام هاوکات دوژمنایەتیی ئێران بکا ، ئاسان نییە .

جارێ ئەوە بڵێین کە :

-نە ئەمریکا دو ئەمریکایە (ئەمریکایەکی نەرمی دیموکراتی) و (ئەمریکایەکی زبری کۆماری) .

-نە ئێران دو ئێرانە (ئێرانێکی نەرمی ئیسڵاحی) و (ئێرانێکی زبری موحافەزەکار) .

ئێرانی ئیسلامی ، جڵەوی بەدەست ئیسڵاحیەکانەوەبێ ، یان بەدەست موحافەزەکارەکانەوە ، هەمان یەک دانە ئێرانی ئیسلامییە کە هەبوەو هەیە .

ئەمریکایش هەروەها (جا جڵەوی لەدەست دیموکراتیەکاندابێ ، یان لەدەست کۆماریەکاندا) ، روسیای پوتین و سوریای ئەسەدیش هەروەها .

تەنها شت کە لەرێدایە گۆڕانی بەسەردابێ و وەکو لەمەوبەر نەمێنێتەوە (پلانی یاریەکەیە) ئەگەر مومکینبێ :

کۆتاییهێنان بەموراوەغەیەکی سیاسی و ئەنجامدانی موراوەغەیەکیتری سیاسی

(لەلایەن یاریچیەکانەوە بەسەرەکی و نا سەرەکییانەوە) ، دەنا ستراتیژی هەریەکەیان هەمان ستراتیژە کە هەبوە ، هەر بەوجۆرەش دەمێنێتەوە :

-ستراتیژی_ئەمریکا (چ لەسەردەمی ئۆبامادا چ لەسەردەمی ترامپدا) :

هەوڵدان بۆ لاوازکردنی رۆڵی روسیا لەناوچەکەو دنیادا (چ بەهەنگاوی خاو ، چ بەهەنگاوی گورج) ، بینا لەسەر ئەوە هەوڵدان بۆ لاوازکردنی دۆستەکانی روسیا یان گۆڕینی رژێمی فەرمانڕەوا تیایاندا ، بەتایبەتی لەئێران و سوریا .

-ستراتیژی_روسیا :

هەوڵی بەردەوام بۆ خۆبەهێزکردنەوە ، پاراستنی بەرژەوەندیەکانی لەناوچەکەو دنیادا ، دەستگرتن بەدۆستەکانیەوە ، لەناویاندا سوریاو ئێران کە هەردوکیان بایەخی ستراتیژیی گرنگیان هەیە بۆی .

-ستراتیژی_ئێران (چ لەم سەردەمەی رۆحانیدا ، چ لەسەردەمی هەر سەرۆکێکی تری سەر بەنیزامدا) :

بەهەمان شێوە (دەستگرتن بەبەرژەوەندیەکانیەوە ، هەروەها دەستگرتن بەپەیوەندیەکانیەوە لەگەڵ روسیاو سوریاو حزب اللەو ... هتد) .

-ستراتیژی_سوریا :

مانەوەی ئەسەد لەدەسەڵات بەکۆمەکی روسیاو ئێران و حزب الله .

واتە :

-ئەوەی لەرێدایە ئاڵوگۆڕی بەسەردابێ (لەسەردەمی ترامپدا) تاکتیکی فەریقەکانە نەک ستراتیژیان :

گۆرینی تاکتیکە بەتاکتیکی نوێ لەخزمەتی هەمان بەرژەوەندیی کۆندا کە هەیە (کە هەریەکەیان هەیانە) .

لێرەوە نۆرەی پرسیارە :

-ترامپ بە چ خەیاڵێکەوە نیازی هەیە مۆسکۆ بێلایەن بکا لەململانێی نێوان (واشنتۆن - تاران) دا ؟

-چۆن بتوانێ دۆستایەتیی روسیاو دوژمنایەتیی ئێران لەیەک کاتدا بکا (کە ئەوە یەعنی هەوڵدان بۆ بێلایەنکردنی مۆسکۆ لەململانێی نێوان واشنتۆن - تاراندا) لەکاتێکدا ئێران بۆ روسیاو روسیا بۆ ئێران بایەخی زۆر گەورەی سیاسی و ستراتیژییان هەیە ؟

-بڵێی بڕیارسازانی روسیا ئەوەندە کەمئاگابن نەزانن کە :

کۆڵەوارکردن یان گۆڕینی رژێمی ئێستای ئێران ، زەرەرێکی هەرە قورسی قەرەبونەکراوەی لێدەکەێتەوە بۆ روسیا ؟

-یان نەزانن کە : ئەوەی لەخەیاڵی ترامپدا دەگوزەرێ ، هەر ئەوەیە کە لەخەیاڵی سەرۆکەکانی پێش ئەودا گوزەراوە :-

بیرکردنەوە لەپەلوپۆکردنی روسیا بەڵام بەشێوازێکی تاقینەکراوە (دۆستایەتیکردنی خۆی و دوژمنایەتیکردنی دۆستەکانی دانە لەدوای دانە) ؟

-بڵێی ترامپ بتوانێ دەستی مۆسکۆ لەپشتی تاران بکاتەوە :

پوتن رازی بکا بەداشبەداش :-

سوریا بۆ روسیا - ئێران بۆ ئەمریکا ؟ (هەرچەند مومکین نییە ئەمریکا بەیەکجاری دەستبەرداری سوریا ببێت بۆ روسیا مەگەر بەموئەقەت) .

-گریمان دەتوانێ ئەو دانوستانە قورسە بگەیەنێتە ئەنجامی خوازراو :

دواجار گەمەکە دەخزێنێتە بەینی خۆی (کە ئەمریکایەکی موعەظەم بەهەمو دامودەزگا گرنگەکانیەوە راوێژکارو شەریکەبڕیاریەتی) و شەخصی پوتن (کە خۆی بڕیاردەرو هەمەکارەی وڵاتە وێڕای هەر پرس و راوێژێک بەفەریقەکەی) ، سەرەنجامیش بڕیارە قورسەکەی پێدەدا :-

دەستی لەپشتی تاران پێ بەردەدا (بەو پێیەی پرۆسەی بڕیارسازی لەڕوسیا ، وەکو پرۆسەی بڕیارسازی لەئەمریکا ، ئاڵۆزو ئاوکێش نییەو لەکۆتاییدا پوتن خۆی بڕیاردەرە) .

هەر بەوجۆرەی کە بۆ ئەردۆغان هەڵکەوت :

بەتەلەفۆنێک بۆ پوتن ، چاکتر لەهەر کاتێ دەستی لەخاکی سوریا گیربوەوە ، کێشمەکێشی نێوان ئەنقەرە - مۆسکۆیشی خاوکردەوە (ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیشبێ و بۆ ماوەیەکی درێژیش نەبێ) .

بەڵام :

وێڕای لاوازی و کۆڵەواریی ئەم گریمانەیە ، چەندین بەربەست لەڕێی ترامپدایە ، لەوانە :

-ئەوروپا لەهەڵوەشاندنەوەی رێکەوتننامە ئەتۆمیەکەی نێوان ئێران - رۆژئاوا ناڕازییە .

-خەڵکێکی زۆر لەئێراندا نایانەوێ ئەمریکا شەڕ بئاڵێنێتە وڵاتەکەیان ، تەنانەت کوڕەزای رەزاشا کە دوژمنی سەرسەختی نیزامی ئێرانی ئیسلامییە لەنامەیەکی پیرۆزبایییدا بۆ ترامپ داوای کردوە واشنۆن رێکاری دیموکراتی بگرێتەبەر بۆ ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕ لەئێراندا (نەک شەڕو شۆڕ) .

-خەڵکێکی زۆر لەئەمریکا دژی شەڕو دژی ترامپن ، تەنانەت ملیاردێرێکی وەکو (جۆرج سوروس) کە دەڵێن بەهاری عەرەبی و چەندین جموجوڵی گەورەی جەماوەری لەشوێنانی جۆراوجۆری دنیا ، بەدەستی ئەو و بەپارەی ئەو سازێنراون ، لەدوای بەڕێوەچونی ئینتیخاباتەکەوە بەجددی لەهەوڵی سازکردنی بەهارێکی ئەمریکیدایە لەناوخۆی ئەمریکادا بەئامانجی پاشەکشەکردن بەترامپ و دانانی سەرۆکێکیتر لەشوێنی .

-نیزامی_ئێران خۆی ، تیکەیەکی نەرمەقوت نییە .

بەڵام :

وێڕای هەمو ئەوانە ، هەڕەشەی ترامپ لەئێران ، هەڕەشەی راستەقینەیە نەک مانۆڕو شەڕی دەرونی (پێناچێ تاران بەبێ زیان دەربازی ببێ لێی بەتایبەتی لەڕوی ئابوری و بژێوییەوە) ، رەنگە سودمەندی یەکەمیش لەو دۆخە تورکیابێ (دەستی واڵا دەبێ بۆ دەستوەردان لەکاروباری وڵاتانی ناوچە) .

بەڵگە بۆ ئەوەی هەڕەشەکانی ترامپ لەئێران جددین ، هەمان ئەو راستیانەن کە باسکران :

(هاتنەسەرخەتی ئەوروپا بۆ ئاگادارکردنەوەی ترامپ لەهەڵوەشاندنەوەی رێکەوتننامە ئەتۆمیەکە ، نامەکەی کوڕەزای رەزاشا بۆ ترامپ کە داوای لێکردوە لەڕێی دیموکراتییەوە هەوڵی گۆڕینی رژێمی ئێران بدا نەک لەڕێی شەڕەوە ، هەوڵەکانی جۆرج سوروس و خۆپیشاندانەکانی ئەمریکا دژی دەرچونی ترامپ) و چەندین بەڵگەو ئاماژەیتر کە رۆژانە دەردەکەون .

....................

12 نۆڤەمبەر

# دو مەتەڵە قورسەکەی ترامپ :
# -دۆستایەتیکردنی روسیاو دوژمنایەتیکردنی ئێران
# -سەقامگیری و نەسازان

ئەوەی لەبارەی ئەمریکای چوارساڵی ئایندەوە دەیزانین ئەوەیە :

لەرۆژی ٢٠ / ١ / ٢٠١٧ ەوە ، بەکردەوە جڵەوی حکومڕانیەکەی بەدەستی ترامپ و ستافەکەیەوە دەبێ تا رۆژی (لانیکەم) ٢٠ / ١ / ٢٠٢١ .

دوای ٢٠ / ١ / ٢٠١٧ سیاسەتی ئەو وڵاتە موعەظەمە چۆن دەبێ و چیی بەسەردێ ؟ بەتەواوی مەعلوم نییە (واتە : بەتەواویش نامەعلوم نییە) !

یەکێک لەو مەتەڵانەی کە ترامپ لەسەرەتای خۆپاڵاوتنەکەیەوە تا دەمی بردنەوەی گەمەکە دایهێناو چاودێران بەشوێن وەڵامیەوەن ، ئەمەبو :

-لەگەڵ روسیا پێکدێین و لەگەڵ ئێران تێکی دەدەین !

ئیتر نازانرێ چۆن دەتوانێ لەگەڵ روسیا دۆستایەتی بکاو لەگەڵ دۆستی روسیا (ئێران) دوژمنایەتی ؟ چۆن دەتوانێ هاوسەنگی لەنێوان ئەمسەرەوسەری ئەو هاوکێشەیەدا رابگرێ ؟

روبەرت فورد - باڵیۆزی پێشوی ئەمریکا لەسوریا (وەکو هەر یەکێ لەئێمە) لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا داماوەو دەڵێ : رۆشن نییە !

بەڵام وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگی داوتەوە ، بەمشێوەیە :

-سیاسەتی_دەرەکیی_ئەمریکا لەسەردەمی ترامپدا ، بەدوای چەسپاندنی سەقامگیرییەوە دەبێ لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا - سوریا بۆ نمونە ، نەک بەدوای ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕەوە (کە ئەمە پێچەوانەی سیاسەتە دەرەکییە باوەکەی ئەمریکایە ، هەر ئەمەشبو وایکرد بەشێک لەکۆماریەکان دەنگ نەدەن بەترامپ) .

-بەهاری_تری_عەرەبی لەسەردەمی ترامپدا رونادا .

بەڵام سیاسەتی راگەیەندراوی ترامپ ، هەڵگری (ئیشکالیەت - مەتەڵ) ێکی تریشە کە روبەرت فوردی باڵیۆزی پێشوی ئەمریکا لەسوریا ، لەو وتارەیدا کە لەبەردەستی ئێمەدایە (بۆ بینینی وتارەکە تەماشای لینکی دامێنی پۆستەکە بکە) ، دەستی لەسەر دانەناوە ، ئەویش ئەمەیە :

-ئەگەر ترامپ لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە بەدوای چەسپاندنی سەقامگیرییەوە دەبێ لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ، نەک بەدوای ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕەوە ، ئەی :

-هەوڵدان بۆ کێشانەوەی وڵاتەکەی #لەرێکەوتننامە_ئەتۆمیەکەی نێوان ئێران - رۆژئاواو نەسازان لەگەڵ تاران یەعنی چی ؟ چ جۆرە سەقامگیرییەک لەسیاسەتێکی وەها دەکەوێتەوە ؟

...................

12 نۆڤەمبەر

# ترامپ نەشارەزا نییە

بەڵێ ، ترامپ :

بەخۆوەناز ، خۆدەرخەر ، سەرچڵ و شارباژێری وتەنی : کەمێکیش لەسەرە (وەکو لەبارەیەوە گوتراوە) ، بەڵام نەشارەزا نییە .

ئەو ، جگەلەوەی بەکالۆریۆسی لەزانستی ئابوریدا هەیە ، گەورە سەرمایەگوزارو وەبەرهێنێکی زۆر دیاری بواری خانوبەرەیە ، لەبیست و پێنجساڵی رابردودا بەدو قەیرانی گەورەی دارایی - ئابوریدا پەڕیوەتەوە کە پێش هەر کەرتێکی تری ئابوری گورزی هەرە قایمیان بەر کەرتەکەی ئەو کەوتوە :

-قەیرانی_ساڵی_١٩٨٩

-قەیرانی_ساڵی_٢٠٠٨ کە جگە لەئەمریکا خۆی وڵاتانێکی زۆری گرفتار کردو بەتوندی کەرتی خانوبەرەی گرتەوە ، ناویش نرا : قەیرانی کەرتی خانوبەرە (واتە ئەو کەرتەی کە ترامپ پسپۆڕە تیایداو ساڵەهای ساڵە وەبەرهێنانی تێدا دەکا ، هەروەها باوکی ترامپیش پێش ترامپ) .

زۆرێکمان بیرمانە :

ئۆباما بەو وەعدە گەمەی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٨ ی بردەوە کە : پرۆژەی جددیی هەیە بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە (قەیرانی دارایی - ئابوریی ٢٠٠٨) ، لەڕاستیدا بەکردەوە سەلماندیشی کە لەئاستی وەعدەکەیدا بوە .

ئەگەر ئۆباما ئەوەندەی لەدەست هاتبێ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانێک کە لەکەرتی خانوبەرەوە سەری دەرهێناو بەناوی قەیرانی خانوبەرەشەوە ناوی چوە مێژوی ئەمریکاو دنیاوە ، ئەی دەبێ ترامپ کە پەنجا شەست ساڵە بەبنەماڵە شارەزایی لەوەبەرهێنانی خانوبەرەدا کۆدەکەنەوە ، چیی لەدەست بێت بۆ چارەسەرکردنی هەر قەیرانێکی دارایی - ئابوری کە عادەتەن گەورەترین قەزیەیە لەئەمریکاداو رۆڵی کەرتی خانوبەرە لەدەرکەوتنیدا لەزۆربەی کەرتەکانیتر لەبەرچاوتر دەبێ (وەکو لەوەوبەر تاقیکراوەتەوە) ؟

ئەمە لەلایەک ...

باسی لایەنی سیاسی بکەین :

دەگوترێ ترامپ سیاسی نییە .. راستە ! بەڵام ساڵانێک لەمەوبەر ئەنجومەنی پیران لەڕێی ئەندامێکیەوە داوای لێکردوە کە خۆی کاندید بکا بۆ وەرگرتنی پۆستی حاکمی نیویۆرک (!) ، ترامپ داواکەی رەت کردۆتەوە .

ئەگەر ترامپ مرۆڤێکی تەواو بێتوانا بوایە لەسیاسەت و ئیدارەدا ، پێشنیاری لەوجۆرەی دەخرایە بەردەم ؟

ترامپ چەندین کتێبی نوسیوە ، بەرنامەی تەلەفزیۆنیی پێشکەشکردوە کە لەپاداشتی پێشکەشکردنی هەر ئەڵقەیەکیدا بڕی سێ ملیۆن دۆلاری وەرگرتوە (سەرەتا پاداشتی هەر ئەڵقەیەکی پەنجا هەزار دۆلاربوە دواتر هەڵکشاوە بۆ ئەو بڕە زۆرە) ، هەروەها زانکۆی هەبوە (لەبواری پسپۆڕیەکەی خۆیدا) ، خاوەن نەزەربوەو بەردەوام بۆچونی خوی لەرۆژنامەوە بڵاوکردۆتەوە ، کتێب لەبارەیەوە نوسراوە (ساڵەها لەمەوبەر نەک لەدوێنێ و پێرێوە) کە دەرەنجامی سەد سەعات گفتوگۆبوە لەگەڵیدا (لەناو فڕۆکەدا ، لەئۆفیسی کاردا ، لەدانوستانی تایبەت بەئیشەکەیداو ... هتد) .

بێین بڵێین ئەحمەق و گێلە ! ئەمە گێلێتی نییە ؟

.................

# ریسکی گەل بەڕیسکی حیزب نابێ بەراورد بکرێ

بەراوردکاری لەنێوان ئینتیخاباتەکەی ٢٠٠٩ ی هەرێمی کوردستان و ئینتیخاباتی ئەمجارەی ئەمریکا کە لەهەردوکیاندا شایەدی ریسکی گەورەبوین ، بەراوردکارییەکی جوان و دروستە :

لەهەردو ئینتیخاباتەکەدا بکەری ریسکەکە (جا شایانی ئافەرینگۆیی و ستایشبن یان سەرکۆنەو سەرزەنشتکردن) گەلبون :

-لەهەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگ و بەرچاو لەگەلی کوردستان

(کە بەدەنگی خۆیان بزوتنەوەی گۆڕانیان سەرخست و هەرێمەکەیان خستە بەردەم ئەزمونێکی تازە) .

-لەئەمریکا زۆرینەی گەلی ئەمریکا

(کە بەدەنگی خۆیان ملیاردێرێکی غەریبی سەرکێشی ناسیاسییان رەوانەی کۆشکی سپی کرد) .

بەڵام بەراوردکاری لەنێوان دو ریسکی (لەهەمو رویەکەوە ناچونیەک) دا :

-ریسکی حیزبێک لەهەرێمی کوردستان بەئەزمونی پەرلەمانییەوە لەچەند مانگی رابردودا - پەکخستنی پەرلەمان (بەقەرارێکی حیزبی) .

-ریسکی ئەمجارەی گەلی ئەمریکا .

بەمەبەستی هاوتاکردنیان وەکو دو ریسکی گرنگی هاوشێوەو ئافەرینگۆیی یەکەمیان لەپاڵ دوەمیاندا ، بەراوردکارییەکی نالۆژیکییە .

ئەگەر لەم وەختەدا کە دەگوترێ ترامپ بەکەڵکی سەرۆکایەتیکردنی وڵاتێکی زەبەلاحی وەکو ئەمریکا نایەت ، دیموکراتەکانی ئەمریکا (بەسەرۆکایەتیی ئۆباما) بڕیاریان بدایە دەسەڵات رادەستی ترامپ نەکەن و درێژە بەحکومڕانیی خۆیان بدەن ، ئەوسا بەراورد لەنێوان ریسکی حیزبەکەی هەرێمی کوردستان و

حیزبی دیموکراتیەکان لەئەمریکا لۆژیکی دەبو ، چونکە لەم حاڵەتەی دواییدا بەراوردەکە لەنێوان کردەوەی دو بکەری چونیەکدا دەبو کە هەردوکیان (حیزب) دەبون ، نەک یەکێکیان حیزب و ئەوی تریان جەماوەر ...

.................

8 نۆڤەمبەر

# هیلاری کلینتۆن : ترامپ تۆپی وێڵە !

هەمومان دەستەواژەی (گوشەی وێڵ) مان بیستوە ، هەروەها زۆربەمان دەستەواژەی (تۆپی وێڵ یان صاروخی وێڵ) یشمان بیستوە کە بۆ گاڵتە بەکار براوە ، بێگومان دەستەواژەی دوەم لەدەستەواژەی یەکەم تازەترە ، رەنگە لەدوای شەڕی (ئێران - عێراق) ەوە بەسەر زاری خەڵکی لای ئێمەدا هاتبێ .

هیلاری کلینتۆن ئەم دەستەواژەیە (تۆپی وێڵ / المدفع المنفلت) ی لەکوێوە هێناوە ، هێناویەتی !

دەڵێ : دەنگ مەدەن بەترامپ ، ترامپ تۆپی وێڵە !

بیهێنەرە پێش چاوی خۆت :

ئەگەر ئەوە لەهەرێمی کوردستاندا روبدا : -

کەسی یەکەم و باڵای ئەم حیزب ، کەسی یەکەم و باڵای ئەو حیزب ناوبنێ (تۆپی وێڵ و گوللەی وێڵ) ، یان بڵێ (شایستەی ئەوە نییە سەرۆکی باڵای وڵاتبێ) وەکو ئەوەی ئۆباما بەترامپی وت لەم هەڵمەتەی هەڵبژاردنی سەرۆکدا لەئەمریکا !

نەوەڵڵا بیهێنەرە پێشچاوی خۆت ناوێکی وەها (فڵانەکەس تۆپی وێڵ بو بەسەر خەڵکی کوردستاندا بەربۆوە !) بەسەر وەزیرێکی بچکۆلەدا ببڕدرێ ، بۆ نمونە بەسەر وەزیری سامانە سروشتیەکاندا !

دەبێ چ قیامەتێک هەڵسێ !؟

.....................

6 نۆڤەمبەر

# هاوڕام لەگەڵ مەیمونەکە (لەبارەی ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکاوە)

هەرچەند لەسەر ئاستی سیاسی لەمێژە هیچی گرنگ لەناوخۆی ئەمریکادا ناقەومێ :

وادەی بەڕێوەچونی هەڵبژاردنی سەرۆک دادێ ، مقۆمقۆی زۆر دروست دەبێ ، کاندیدەکانی سەرۆکایەتی بەتوندی دەکەونە دەمەدەمێ لەگەڵ یەکتر .

بەڵام دواجار هیچی گرنگ لەسەر ئاستی سیاسی لەناوخۆی ئەمریکادا ناقەومێ :

سەرۆکێک دەڕواو سەرۆکێک دێتە شوێنی ، ئیدی هەمو شتەکانیتر لەوەوبەر چۆنبون وەکو خۆیان دەمێننەوە :

* جیاوازیی گەورەی چینایەتی لەبەینی خەڵکدا .

* هەڵپەهەڵپی بێرەحمانەی گەورە بیزنسمانەکان لەپێناوی پچڕینی سامانی زۆرتردا .

* هەژمونی کۆمپانیا زەبەلاحەکان بەسەر ناوەندەکانی بڕیارەوە .

* پەرەدان بەڕیشەدارترکردنی کەلتوری شەڕەقۆچ (لەگەڵ دوژمنانی وەهمی) لەناو کۆمەڵگەدا .

* تەرخانکردنی بودجەی زۆر قەبە (لەسەر حسابی خزمەتگوزارییە گشتیەکان) بۆ بواری سەربازی .

* ... هتد .

بەڵام بەدوای بەڕێوەچونی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمجارەدا ، پێدەچێ روداوێکی جیاواز بەڕێوەبێ (روداوێکی گەورە نا لەچەشنی دەرکەوتنی قازێکی رەش بەڵکو روداوێکی جیاواز) ، بێگومان ئەگەر پێشبینیی مەیمونە پێشبینیکەرە چاینەییەکە راست دەرچێت و دۆناڵد ترامپ گەمەکە بباتەوە (تەماشای لینکی دامێنی پۆستەکە بکە لەشوێنی کۆمێنتی یەکەمدا) :

بردویانەتە لای دو پەیکەر (مەیمونەکە) یەکێکیان هینی هیلاری کلنتۆن ، ئەویتریان هینی دۆناڵد ترامپ ، پاش هەندێک وردبونەوەو تێڕامان ، ئاخریەکەی فرتەی کردوە چوە هەڵزناوە بەملی ترامپدا (واتە : سەرۆکی داهاتوی وڵات ئەم دەموچاوە دەبێ) .

بێگومان من وەکخۆم هاوڕای مەیمونەکەم !

بۆچی ؟

چونکە پێموایە زۆرینەی خەڵکی ئەمریکا (کە لەچینی کەمدەرامەت و دەسکورت پێکهاتون) پێیان خۆشە (بەباشبێ یان بەخراپ) لەوڵاتەکەیاندا ئاڵوگۆڕێکی راستەقینە روبدا :

سەرۆکێکی سەرکێش بێتە سەر کورسی ، کۆتایی بەو نەمەطییەتە بهێنێ کە ژیانی مرۆڤی ئەمریکی ، هەروەها سیاسەتی دەرەکی و ناوخۆیی ئەمریکا ، ساڵەهایە گرفتاریەتی .

دۆناڵد ترامپ کە بەملیاردێرە غەریبەکە ناو دەبرێ ، رەنگە لەناو ئەو چین و توێژانەی ئەمریکادا کە سەختیی ژیان سیرایەتی لێسەندون و گەمەکە وەکو گەمەی زارهەڵدان تەماشا دەکەن ، لێی رابینرابێ بەباش و بەخراپ ئاڵوگۆڕێک بەسەر ئەو نەمەطییەتەدا بهێنێ ، بۆیە وێڕای غەرابەت و سەیروسەمەرەیی و نامەکشوفیەتەکەی دەستی ، شانبەشانی هیلاری کلنتۆن کە خاوەنی جوتێ دەستی مەکشوف و سیاسەتێکی مەئلوفە ، بەختی لەهەڵکشاندابوە تا ئەم دەقیقەیە کە رۆژێک و هەشت نۆ سەعاتێکی ماوە بۆ بەڕێوەچونی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک .

بەهەرحاڵ لەئێستادا هیواخواستن بەسەرکەوتن و براوەیی ترامپ ، تەنها رێگایە لەبەردەم ئەو ئەمریکیانەدا کە خوازیاری ئاڵوگۆڕن لەوڵاتەکەیاندا ئیتر بەڕوخانی بێت یان بەخۆبنیاتنانەوەیەکی باشتر کە جێگای هیوای زۆرینەی هاووڵاتیانی بێت .

من وەکو خۆم ، هاوڕای مەیمونەکەم :

پێموایە ترامپ دەیباتەوە (ئەگەر لەسەر بنەمای دەنگی خەڵک ئەنجامی هەڵبژاردنەکە یەکلایی بکرێتەوە نەک لەسەر بنەمای ساتوسەودای پشتی کەوالیس) ، چونکە پێموایە لەناو زۆرینەی خەڵکی ئەمریکادا کە بریتین لەکەسانی دەسکورت و کەمدەرامەت ، لەجیاتیی هەوڵدان بۆ خۆڕاپسکاندن لەدەست سەختیی ژیان لەڕێگا دروستەکانی سیاسەتکردنەوە ، رۆحی گرەو و گرەوکاری زاڵە:

گرەوی ئەمجارەیان لەسەر جوتێ دەستی نامەکشوف و نامەئلوفی ترامپ دەبێ نەک لەسەر جوتە دەستە مەکشوف و مەئلوفەکەی هیلاری کلنتۆن (رۆحییەتی گرەوچی بەوجۆرەیە) .

...............

4 نۆڤەمبەر

# دو قسە بەبۆنەی دەستدرێژیەکانی ئەردۆغانەوە بۆ سەر ملیۆنەها دەنگدەری هەدەپە

## یەکەم : سیاسەتی تطبیع لەگەڵ رژێمی تورکیاو ئێران

بۆ حەوت دەیە دەچێ دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزراوە ، لەوساوە تا ئێستا هەر زەعیم ، سیاسەتمەدار ، ئەدیب و هونەرمەندێکی عەرەب ، دەستی دۆستایەتیی بۆ تەلئەبیب بردبێتە پێشەوە ، یان لەگەڵ سیاسەتی (تطبیع / ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان عەرەب - ئیسرائیل) دا بوبێ ، یەکسەر لەلایەن گەلەوە (گەلی عەرەبەوە) تەخوین کراوە ، بەبێ سین و جیم .

نمونەیەک بەبیربێنینەوە :

جارێکیان حەبیب بورقێبەی کۆنە سەرۆکی تونس ، لەگەڵ جمال عبدالناصری زەعیمی ناسراوی عەرەب و کۆنە سەرۆکی مصر ، لەسەر بابەتێک (رەنگە هەر بابەتی تطبیع بوبێ) گفتوگۆیان دەبێ .. بورقێبە رای خۆی بەیان دەکا ، عبدالناصر دەڵێ هاوڕاتم ! بورقێبە دەڵێ ئەی بۆچی خەڵک لەم هاوڕاییەت ئاگادار ناکەی ؟ عبدالناصر دەڵێ ناوێرم ، ترسم هەیە خەڵک لێم قەبوڵ نەکا !

کەچی سەرکردەکانی کورد لەهەرێمی باشوری کوردستان ، لەیەکەم رۆژی حوکمڕانییانەوە تا ئێستا (بێگومان لەوەوبەریش) بەبێ هیچ رێزدانانێک بۆ مەشاعیری خەڵکی کوردستان ، بەردەوام (بەبیانوی هەندێجار واقیعی و هەندێجار ناواقیعی) دەستیان لەناو دەستی سەرانی رژێمی تورکیاو ئێراندابوە ، نەوت و خاکی کوردستانیان خستۆتە ئیختیاریانەوە .

دوای گرتنی سەڵاحەدین دەمیرتاش و هاوڕێکانی ، هەقوایە بەرپرسانی هەرێم بەو دڵنیایی و ئاسودەیی و سینەفراوانییەی لەوەوبەریانەوە دەستی دۆستایەتی بۆ رژێمی تورکیاو ئێران نەبەنە پێشەوە .

دوەم : رژێمی تورکیاو ئێران ، بۆ هەڵکوتانە سەر کورد ، جوگرافیای سیاسی ناناسن ، کوردیش دەبێ وەکو ئەوان بکا !

لەهەر کات و شوێنێکدا پێویست بوبێ لەشکر بکرێتە سەر کورد ، دەوڵەتانی دوژمنی کورد (بەتایبەتی رژێمی تورکیاو ئێران) هیچ حسابێکیان بۆ فاکتەری (جوگرافیای سیاسی) نەکردوە : گوێیان نەداوەتە ئەوەی سنوری جوگرافیی وڵاتی خۆیانیان تێپەڕاندوە یان نا .. هاتونەتە قەندیل ، ئامێدی ، زاخۆ ، کۆیە ، بۆ داپڵۆسینی کورد ، لەسەر ئەو ئەساسەی گوایە جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە رو لەهەڵوەشانەوەیە یان فەوزا بەسەریدا زاڵە ، مافیان بەخۆیان داوە خاکی دەوڵەتی دراوسێ ببەزێنن : لەسوریا هەڵکوتنە سەر کوردی رۆژئاوا ، لەعێراق هەڵکوتنە سەر کوردی رۆژهەڵات و باکورو باشورو رۆژئاوا ...

گەلی کورد لەهەمو پارچەکانی کوردستان (بەپێی هەمان لۆژیکی رژێمەکانی دوژمنی) دەبێ فاکتەری (جوگرافیای سیاسی) بەهەند وەرنەگرێ ، وڵاتی خۆی کە ئێستا هەر پارچەیەی لەژێر چنگاڵی دوژمنێکدایە بەوڵاتی خۆی بزانێ :

بست بەبستی خاکی خۆی بخاتە خزمەتی دۆزی رەوای خۆیەوە ، لەهەمو شارو شارۆچکەیەکی کوردستاندا بکەوێتە جوڵە ، تیایاندا سیاسەتی دوژمنکارانەی دوژمنان پرۆتستۆ بکا ، بەتایبەتی سیاسەتی ئێستای رژێمی تورکیا بەرامبەر بەهەدەپەو کوردی باکور .

................

30 ئۆکتۆبەر

# شەڕی نێوان وەکیلی وەکیلەکان

سروشتی شەڕ وایە : چاوەڕوانی خێرو خۆشیی لێ ناکرێ .

شەڕی رزگارکردنەوەی موسڵیش هەروەها :

هەر لەسەرەتاوە کە هێشتا لەشێوەی دەنگۆدا ناوی دەهات ، تا ئێستا کە نزیکەی دو هەفتە بەسەر دەستپێکردنیدا تێپەڕیوە ، کەسانێک هەبون و هەن لەسەر ئەو بڕوایەن کە :

سەختتر لەشەڕی موسڵ ، ئەو شەڕەیە کە دوای شەڕی موسڵ رودەدا ، یان هاوزەمان لەگەڵ هەڵکشانی شەڕی موسڵدا رودەدا .

ئەم بۆچونە لەبارەی شەڕو ئاشوبەوە بەگشتی و لەبارەی شەڕی موسڵەوە بەتایبەتی ، بۆچونێکی لۆژیکییە:

شەڕ بەگشتی ، شەڕی موسڵ بەتایبەتی ، هەمیشە لەڕێی ئەوەدایە شەڕی تری لێبکەوێتەوە .

شەڕی موسڵ کە حەلەقەیەکە لەو شەڕە گەورەیەی عێراق و سوریای گرتۆتەوە ، لەسێ ئاستدا ناکۆکیی خستۆتەوە :

لەئاستی نێودەوڵەتی (جیهانی) : لەنێوان ئەمریکاو روسیا .

لەئاستی ئیقلیمی : لەنێوان وەکیلەکانی ئەمریکاو روسیا .

لەئاستی ناوخۆیی : لەنێوان وەکیلی وەکیلەکان (پێشمەرگە - حەشد / شیعە - سوننە) لەعێراق .

هەروەها لەنێوان خەڵکی سوریا (وەکو ئەوەی کە ئێستا هەیە) .

بەڵام ئەگەر شەڕێک لەشەڕی موسڵ بکەوێتەوە ، ئەگەری هەرە بەهێز ئەوەیە : وەکیلی وەکیلەکانی تێدا تەوزیف بکرێ ! چونکە هەم دو زلهێزە نێودەوڵەتیەکە (ئەمریکاو روسیا) ، هەم زلهێزە ئیقلیمیەکان ، ئەوەندە بەئاسانی بڕیاری شەڕی راستەوخۆیان پێ نادرێ ، هاوکات ئەوەی ئیرادەی حوڕبێ لەوەکیلی وەکیلەکاندا نەماوە تا نەتوانرێ بکرێنە مەقاش : هەمو کات لەمەقاش ساناتر بەدەستەوە دێن بۆ بەکارهێنان.

....................

# کۆمەڵە و دیموکرات
# مالکی و شابەندەر

١٢ ـ ١٣ ساڵێک پێش ئێستا ، لەگەڵ هەندێ دۆست ، لەلای باڵێکی کۆمەڵەی ئێران میوان بوین (بەداخەوە کۆمەڵە لەوساوە تا ئێستا هەروا باڵباڵ و پەرش و بڵاوە) ، وردە وردە قسە هاتە سەر رەوشی سیاسیی ناوچەکە ، پاش گۆڕینەوەی هەندێ بیرورِا لەوبارەیەوە ، قسە چوەوە سەر ناکۆکیی نێوان باڵەکانی ئەوان (پێشنیاری ئێمەی میوان ئەوەبو : رێک بکەون و .. پێکبێن و .. ) لەو بەینەدا بەرێزێک لەوان بەسەرهاتێکی خۆشی گێڕایەوە ، وتی :

... رێزدار (ناوی سیاسەتمەدارێکی کوردستانی باشوری هێنا) لەنێوانی ئێمە (کۆمەڵە) و دیموکراتدا نیازی سوڵحی هەبو (لەو سەردەمەدا کە نێوانی کۆمەڵەو دیموکرات خراپ بو) ، بەمەبەستی هاندانمان بۆ سوڵح دو نامەی نوسیبو ، یەکێکیان بۆ ئێمە ئەویتریان بۆ دیموکرات ، بەڵام لەناردنی نامەکاندا بەهەڵەدا چوبو (نامەکەی کە بۆ ئێمەی نوسیبو ، چوبو بۆ دیموکرات ، ئەوەشی کە بۆ ئەوانی نوسیبو هاتبو بۆ ئێمە) .. نامەی لای خۆمانمان کردەوە (کە بۆ دیموکرات نوسرابو) ، برِێکی باش سەرزەنشتی ئێمەی تێدا کردبو : کۆمەڵە نەفامن ، هەڵخەڵەتاون ، چاوپۆشییان لێبکەن و ... هتد .

حاڵی حازر ، روداوێکی تری لەو چەشنە لەئارادایە :

(عزة الشابندر) نامەیەکی نوسیوە بۆ (حنان الفتلاوي) ، سەرزەنشتێکی باشی (نوري المالكي) ی تێدا کردوە ، بەڵام نامەکە ، لەجیاتیی ئەوەی بگاتە دەستی فەتلاوی ، گەیشتۆتە دەستی مالکی ...

ئەوەلای بەسەرهاتەکە ، خۆتان بیخوێننەوە (لەو لینکەدا کە لەشوێنی کۆمێنتی یەکەمدا دانراوە) .

................

26 ئۆکتۆبەر

# هەرێمی کوردستان هەرێمێکی داگیرکراوە (.)(؟)

دەسەڵاتدارانی هەرێم وەکیلی داگیرکەرانن لەهەرێمەکەدا (.)(؟)

لەوەتەی هەرێمی کوردستان هەرێمی کوردستانە خەڵکەکەی لەنارەحەتیدان ، هەرچی جۆری تاڵاوە چەشتویانە ، هەر لەنەبونی و بێکاری و بێموچەییەوە بیگرە تا دەگاتە شەڕو ململانێی ناوخۆیی ، هەڵاتهەڵات ، گەندەڵی و بێقانونی و بێئومێدی .

چارەکە سەدەیەکە : دەردەدڵ دەکرێ ، جنێو دەدرێ ، پێشنیار دەکرێ و خەون بەپاشەڕۆژی وڵاتەوە دەبینرێ .

هەرچی نوکتەو سەربوردەو نەزیلە هەن بەنمونە هێنرانەوە بۆ ئەوەی لەپاڵیاندا دو کەلیمە دەردەدڵ بکرێ یان دو جنێو بدرێ یاخود پێشنیارێک بخرێتەڕو ، بەڵام هیچی جێی نەگرت ، ژیانی خەڵک رۆژبەڕۆژ بەرەو خراپتر رۆیشت ، هۆیەکەشی ئەوەیە کە :

-کوردستان لەدەست خاوەنی خۆیدا نییە ، داگیرکراوە .

بۆ ئەوەی لەمەودوا قسەو نوسین شتێکیان لێ سەوز ببێ ، دەبێ بەردەوام ئەم دو راستییەیان (بەدەربڕینی جۆراوجۆر) گرتبێتەخۆ :

-یەکەم : هەرێمی کوردستان هەرێمێکی داگیرکراوە (لەلایەن داگیرکەرانی ئیقلیمییەوە : تورکیا بەپلەی یەکەم - ئێران بەپلەی دوەم ، بەکۆمەکی زلهێزە نێودەوڵەتیەکان) .

-دوەم : دەسەڵاتدارانی هەرێم ، وەکیلی داگیرکەرانن لەهەرێمەکەدا .

ئەگەر بتوانرێ ئەو دو نوقتەیە ، وەکو دو راستیی سەلماو ، بچەسپێنرێنەوە زەینی خەڵک ، رەنگە بتوانرێ سنورێک بۆ داگیرکاری و دەسەڵاتدارێتیی تورک و عەجەم لەهەرێمی کوردستان ، دابنرێ ! تەنانەت رەنگە بتوانرێ بەیەکجاری کۆتایی بەحکومڕانیی ئەوان لەهەرێمی کوردستان بهێنرێ کە تا ئێستا لەڕێی وەکیلە کوردەکانیانەوە بۆیان چۆتەسەر :

جورئەت بنرێتە بەر خەڵک بۆ قەبوڵنەکردنی ئەو هەمو فشارو زەلیلییەی تێیدا دەژین .

بەڵام تا ئەو بڕوایە لەزەینی خەڵکدا نەچەسپێ کە :

* هەرێمی کوردستان هەرێمێکی داگیرکراوە .

* دەسەڵاتدارانی هەرێم وەکیلی داگیرکەرانن لەهەرێمەکەدا نەک نوێنەرو وەکیلی خەڵکی هەرێم .

ئەوا نە خەڵکی هەرێمەکە لەخەو رادەبێ ، نە قسەو نوسین هیچیان لێ سەوز دەبێ .

خەڵکی هەرێمی کوردستان (لەڕاستیدا خەڵکی هەمو کوردستان ، بەڵام بەتایبەتی خەڵکی هەرێمی کوردستان) ، دەبێ هەر پابەندییەک کە جوگرافیای سیاسی سەپاندویەتی بەسەریاندا ، بنێنە لاوە .. بێنە سەر ئەو بڕوایەی کە :

مادەم تورکیاو ئێران رێگەیان بەخۆیان داوە کە عێراق ، هەروەها سوریا ، وەکو وڵاتی هەڵوەشاوەو بێسیبیادە تەماشا بکەن ، بەو بیانوە بیر لەدابەشکردن و داگیرکردنیان بکەنەوە ، کەواتە گەلی کوردیش لەهەرێمی کوردستان (لەهەر پارچەیەکی تری کوردستانیش) بۆی هەیە رێگە بەخۆی بدا (بەپێی لۆژیکەکەی ئەوان) خۆی بەبەشێک لەهەمو گەلی کورد بزانێ و بچێتەوە سەر ئەسڵی خۆی (ئەسڵە کوردستانیەکەی) !

ئەگەر گەلی کورد لەناوچەیەکی هەڵوەشاوەو جوگرافیایەکی سیاسیی هەڵوەشاوەدایە ، کەواتە هیچ بەندو باوێکی قانونی - سیاسی لەئارادا نەماوە ناچاری بکا خۆی لەخەڵکی پارچەکانی تری وڵاتەکەی (کوردستان) بەجیاواز بزانێ ، بینا لەسەر ئەوە بۆی هەیە خۆی بەخاوەنی هەمو قەضیەی کورد بزانێ لەهەمو پارچەیەکی کوردستان ، نەک هەر بەقسە بەڵکو بەکردەوە ، بۆی هەیە بەگژ هەمو داگیرکەراندا بچێتەوە لەهەر بستێکی کوردستاندا ، هەروەها روبەڕوی وەکیلەکانیشیان ببێتەوە لەناوخۆدا ، ئەو وەکیلانەی بەردەوام خەریکی رەوایەتیدانن بەخواست و کاروکردەوەی ناڕەوای داگیرکەرانی کوردستان ، تا رادەی ناڕەوایەتیدان بەهەر خواست و کاروکردەوەیەکی خەڵکەکەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان کە پێچەوانەی خواست و ویستی داگیرکەرانبێ .

...................

24 ئۆکتۆبەر

# جەنگی سوریا جەنگی نێوان ئەمریکاو روسیایە

قسەیەکی نوێ ناکەین کە دەڵێین : جەنگی سوریا جەنگی نێوان ئەمریکاو روسیایە .

لەم ماوەیەدا کەوا شەش ساڵ بەسەر ئەو جەنگەدا رەت دەبێ ، هاوکات روسیاو ئەمریکا بەرچاوتر لەهەر کاتێکی لەوەوبەر ئاڵاونەتە کێشەکە ، خەڵکێکی زۆر لەسەر هەمان بڕوان .

رەنگە لەسەرەتای جەنگەکەدا بەم ئەندازەیەی ئێستا بیر بۆ ئەوە نەچوبێ کە ئەو جەنگە جەنگی نێوان روسیاو ئەمریکایە ، بەڵکو زۆرتر بیر بۆ ئەوە چوبێ کە جەنگی نێوان شیعەو سوننەی عەرەبە ، یان جەنگی نێوان ئێران و سعودییەیە .

بەڵام راستیەکەی ئەوەیە : ئەم جەنگە لەسەرەتاوە تا ئێستاو تا کۆتایی ، جەنگی نێوان روسیاو ئەمریکایە .

فەرمون با لەم هەواڵە تازەیە وردببینەوە بزانین تا چەند یارمەتیمان دەدا بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچونە:

بەپێی ئەم هەواڵە تازەیە (تەماشای لینکی خوار پۆستەکە بکە - شوێنی یەکەم کۆمێنت) لەکۆبونەوەیەکی ئەم دواییەی بڕیارسازانی ئەمریکادا کە تایبەتبوە بەتاووتوێکردنی رەوشی سوریا ، یەکێک لەبەشداربوانی کۆبونەوەکە پرسیاری ئەوەی کردوە : بۆچی لەڕێی تیرۆرکردنەوە کۆتایی بەژیانی بەشار ئەسەد نەهێنرێ؟

وەڵام بەمجۆرەبوە :

## کۆتاییهێنان بەژیانی بەشار ئەسەد ، نابێتە هۆی کۆتاییهێنان بەبەرژەوەندیی روسیاو ئێران لەسوریا !

ئەمە جگەلەوەی کە :

ساڵی ١٩٧٦ بیرۆکەیەکی لەو جۆرە خراوەتە بەردەستی سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا بۆ کۆتاییهێنان بەژیانی فیدڵ کاسترۆی سەرۆکی ئەوسای کوبا لەڕێی تیرۆرکردنیەوە ، بەڵام پەسەندی نەکردوە ، ئیدی لەوساوە تا ئێستا هەمو سەرۆکەکانی ئەمریکا پابەندبون بەو سابیقەیەوەو رێگەیان بەتیرۆری سیاسی نەداوە .

ئەم هەواڵە نوێیە ، ڕاشکاوانە ئاماژە بەو ڕاستییە دەدا کە :

جەنگی سوریا جەنگی نێوان ئەمریکاو روسیایە ، جەنگی بەرژەوەندیی نێوان دو زلهێزی نێودەوڵەتییە ، بەکوشتنی بەشار ئەسەد یەکلایی نابێتەوە ، ئەگەر بەوە یەکلایی ببوایەتەوە لەزووەوە یەکلایی کرابووەوە .

بێگومان :

بەتیرۆرکردنی بەشار ، ئەمریکا پێی لەسەر بەڕەکە هەڵدەخلیسکێ و پاساوی نامێنێ بۆ درێژەدان بەشەڕەقۆچ لەگەڵ روسیا لەناو سوریا ، یان تۆ بڵێ : پاساوی بەهێزی وەکو بەشاری بەدەستەوە نامێنێ (ئەگەرچی هەرکاتێ بەرژەوەندی هاتبێتە ئارا گوێی بەبون و نەبون یان لاوازی و بەهێزیی پاساو نەداوە ، لەنەبو پاساوی سازاندوە) .

حەتمەن دەبێ بپرسین :

ئەمریکا بۆچی لەماوەی ئەم هەمو ساڵەی جەنگی ناوخۆیی سوریادا بەشاری نەکوشت ؟ روسیا دەستی گرتبو ؟ بێگومان نەخێر !

بەکورتی :

بەشار کەرسەکێکی چکۆلەیە هاوسەنگیی تەرازووەکەی پێ ڕاگیر کراوە ، هەمو کاتێ دەتوانرێ دەستی بکێشرێتێ و تورِ بدرێ ، بەڵام ئەگەر ئەوە بکرێ مەعلوم نابێ چیی تری بەدوادا دەقەومێ ، رەنگە دو زلهێزەکە بەخۆیشیان حەزیان پێ نەبێ لەگۆمی لەمە لێڵتردا ئامبازی یەکتر ببن .

...................

23 ئۆکتۆبەر

# پێشمەرگە نابێ لەئاست دیلی داعش ئەخلاقداعشیبێ

پێشمەرگە نابێ لەئاست دیلی داعش ئەخلاقداعشیبێ (نە لەبەرچاوی کامێرادا ، نە لەزیندان و ژوری تەحقیقدا) .

پێشمەرگە دەبێ بزانێ :

داعشیزم بەرلەوەی دیاردەیەکی فیکریبێ ، سلوکە ! رەوشت و هەڵسوکەوتە ! ئەگەر لەئاست دیلی داعش ، سلوکی وەکو سلوکی داعشبێ لەئاست پێشمەرگەی دیل ، ئەوا ئەویش بو بەداعش و تەواو : داعشی کوردی (وەکو حەشدی شەعبی کە بوە بەداعشی شیعی) .

پێشمەرگە دەبێ پێی وا نەبێ : مادەم لەڕوی ئامانج و بیروباوەڕەوە لەداعش ناچێ ، ئیدی چش با لەڕوی سلوکەوە لەداعش بچێ !

نەخێر .. ئەوەی مرۆڤێک لەمرۆڤێک ، گروپێکی سیاسی لەگروپێکی سیاسی و کۆمەڵگەیەک لەکۆمەڵگەیەک جیادەکاتەوە ، سلوک و هەڵسوکەوتە ، بەر لەبیروباوەڕو ئامانج .. ئەوەی (بەشێوەیەکی گشتی) موسوڵمانانی مالیزی لەموسوڵمانانی سعودی جیادەکاتەوە ، سلوک و هەڵسوکەوتە ، نەک بیروباوەڕو ئامانج .

ئەگەر جیاوازیی ئامانج و بیروباوەڕ ، جیاوازیی (سلوکی) و (کەلتوری) ی لێ نەکەوێتەوە ، کەواتە بەکەس چی کە : کێ بڕوای بەچییەو کێ بڕوای بەچی نییە ؟

................

22 ئۆکتۆبەر

# دەوڵەتی عوسمانی بنیات دەنرێتەوە (.)(؟)

-تورکیا بەئاشکرا دیموکراتیی خستۆتە لاوە ، وەکئەوەی بیەوێ خۆی بۆ شەڕێکی گەورەی چارەنوسساز ئامادە بکا .

-ئەمریکا بەوردی ئاگای لەو راستییەیە : زۆر باش دەزانێ لەتورکیادا دیموکراتی هەڵپەسێردراوە ، کەچی جگە لەوردە گلەیی و بناشتی سەرزارەکی کە دێر دێرێک (زو زو نا !) لەڕێی میدیاکانیەوە لێی دەبیسترێ ، کردەوەیەکی جدیی لێ نابینرێ دەربیخا ناڕازییە لەو دۆخە (هەرچەند تەنها لەپازدە بیست ساڵی رابردودا چەندەها جار گەڕی ئاڵاندۆتە وڵاتانیتری ناوچە بەبیانویەکی وەکو ئەو بیانوەی کە ئێستا تورکیا داویەتی بەدەستیەوە) .

-جگەلەوە ، شەراکەتی نێوان تورکیاو ئەمریکا (هەروەها دۆستەکانیان لەخەلیج و شوێنیتر) لەوەبەرهێنان و کڕین و فرۆشی (تیرۆری داعشیدا) دا ، بۆ زۆربەی چاودێران لەسنوری گوماندا نەماوە (وەکو راستی ئاماژەی بۆ دەکرێ) .

-ئاشکرایشە :

تورکیا بەنیسبەت ئەمریکاوە ، لەئەردۆغان و سیستمە سیاسیەکەیدا کورت نابێتەوە ، بەڵکو لەهەمو حاڵەت و سەردەمێکدا دۆستێکی گرنگیەتی و بەرژەوەندیی ستراتیژیی زۆر گرنگ پێکیانەوە دەبەستێ .

ئەو راستیانە بەسەریەکەوە ، لەپاڵ هەڵکشانی لەمەودوای وەتیرەی گرژیەکانی ناوچەکەدا ، وردە وردە ئاشکراتر پتەویی پەیوەندیی نێوان تورکیا - ئەمریکامان لەلا رۆشن دەکەنەوە .

بینا لەسەر ئەوەی گوترا ، دەکرێ (لەپاڵ هەر گومانێکی تردا کە هەمانە) گومانی ئەوە لەسەر رەوشی ئێستای ناوچەکە هەڵچنین کە رەنگە پلانێکی (ئەمریکی - تورکی) ی لەپشتەوەبێ : -

**پلانێکی (ئەمریکی - تورکی) بەهاوکاریی عەرەبی سوننە (بەگەل و سیستمی سیاسییانەوە) بۆ سڕینەوەی شوێنەواری رێکەوتننامەی سایکسبیکۆ کە کلکوگوێکردن و بچوککردنەوەی دەوڵەتی عوسمانیی لێکەوتەوە .**

واتە :

ئەوەی لەناوچەکەدا دەگوزەرێ ، رێکەوتنێکی دوقۆڵی یان چەندقۆڵیی نێوان (ئەمریکا - تورکیا) و دۆستەکانیانی لەپشتەوەبێ و ئامانج لێی بریتیبێ لە : -

ژیاندنەوەو بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عوسمانی ، وەکو رێگرییەک لەبەردەم روسیادا کە خەونی دوبارە خۆبنیاتنانەوەی هەیە لەشێوەی ئیمپراتۆریەتدا ، بۆ ئەوەی مۆسکۆ نەتوانێ خەونی گەورە بەداهاتوی خۆیەوە ببینێ ، هەروەها نەتوانێ خۆی زۆر بەگەورەو بڕیارکابەر بێتە پێشچاو لەناوچەکەدا .

..................

19 ئۆکتۆبەر

# موسڵ وەک حەڵەبی لێدێ

دواجار ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنەوەی موسڵ دەستی پێکرد .

بەڵام ئایا ئەو ئۆپەراسیۆنە بۆ رزگارکردنەوەی موسڵە ، یان بۆ هەڵایسانی دۆزەخێکە لەعێراق ، وەکو ئەو دۆزەخەی لەحەڵەبی سوریا هەڵگیرسێنراوە ؟

ئەگەر سەرنجێکی لێدوانی ئەمدواییەی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی روسیا بدەین ، رەنگە بتوانین سوکە وەڵامێکی ئەو پرسیارەی لێهەڵبهێنجین (لینکی لێدوانەکە لەکۆمێنتی یەکەمدا ببینە) .

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی روسیا (خانم زاخارۆفا) لەو لێدوانەیدا لەبارەی موسڵەوە ، بەئاشکرا (وادەی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنەوەی موسڵ) دەبەستێتەوە بە (وادەی ئاڵۆزتربونی رەوشی حەڵەب) ەوە ، ئاماژە بەناکۆکیی نێوان وڵاتەکەی و ئەمریکا لەبارەی دۆسییەی سوریاوە دەداو دەپرسێ :

هەڵمەتی میدیایی بۆ سەر روسیا کە لەم چەند هەفتەیەی دواییدا گەیشتە ترۆپک ، بۆ ئەوە نەبو ئەمە لەموسڵ بسازێنرێ کە دەسازێنرێ ؟

بێگومان بۆ مەزەندەکردنی ئایندەی موسڵ و حاڵیبون لەرەوشی ناوچەکە ، ئەم گرێدانە لەنێوان (رەوشی ئێستای موسڵ و حەڵەب) ، لەلایەن وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی زلهێزێکی وەکو روسیاوە ، دەبێ بەهەند وەربگیرێ .

نابێ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی (ناونراو بەئۆپەراسیۆنی رزگارکردنەوەی موسڵ) وەکو روداوێکی سەربەخۆی پچڕاوی بێپەیوەندی بەرەوشی حەڵەب و سوریاوە ، تەماشا بکرێ .

دەتوانین ئەم گومانە تۆختر بکەینەوە ئەگەر بەدیقەتێکی زیاترەوە وردبببینەوە لەکورتە ئاماژەکەی ئەم دواییەی سەرۆکوەزیری عێراق (حەیدەر عەبادی) بەئۆپەراسیۆنەکە کە وتی :

سوپای عێراق ئامادەی شەڕکردنە لەپێناوی رزگارکردنەوەی موسڵدا ئەگەرچی وەختی زۆریشی بوێت و شەڕەکە درێژەش بکێشێ .

هەروەها کورتە ئاماژەکەی بارزانی لەکۆنگرە رۆژنامەییەکەی رۆژی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە کە وتی : نامانەوێ موسڵ وەکو حەڵەبی لێبێت .

بۆ ساخکردنەوەی هاوپەیوەندێتی لەنێوان (رەوشی ئێستای حەڵەب و رەوشی ئێستای موسڵ) وەکو دو سەری یەک هاوکێشە (کە دەبێ پێکەوە بکرێنەوە یان پێکەوە بئاڵۆسکێنرێن) یان لانیکەم وروژاندنی گومانی زیاتر لەوبارەیەوە ، دەتوانین ئەو راستییەش بەهەند وەربگرین کە :

سوریاو عێراقی ئێستا (هەردوکیان نەک یەکێکیان) لەسەر روسیاو ئێران مەحسوبن ، ئەگەر کۆشکی سپی و کرملین لەسەر ساخکردنەوەی چارەنوسی حەڵەب و سوریا ناکۆکبن ، بۆ دەبێ بڕوا وابێ لەسەر ساخکردنەوەی چارەنوسی موسڵ و عێراق هاوڕاو تەباو بێکێشەن ؟

ئەگەر روسیاو ئەمریکا بەهۆی ناکۆکیی نێوانیانەوە چشیان کردبێ لەوێرانبونی حەڵەب ، بۆچی دەبێ بڕوا وابێ چش لەچارەنوسی موسڵ ناکەن و نایەڵن وەکو حەڵەبی لێبێ ؟

بۆچی دەبێ سەد دەر سەد بڕوا وابێ ئۆپەراسیۆنی ناونراو بەئۆپەراسیۆنی رزگارکردنەوەی موسڵ ، بۆ کردنەوەی گرێی موسڵە نەک بۆ ئاڵۆسکاندنی ؟

یان بۆ دەبێ سەد دەر سەد یروا وابێ ئامانج لەپرۆسەکە هەرچیبێ (ئاڵۆسکاندن یان کردنەوە) دواجار هەر بەکردنەوەی گرێکە کۆتایی دێت تەنانەت پاش ئاڵۆسکاندنیشی ؟

شارێکی گەورەو گرنگ ، بەخۆی و دانیشتوانێکی زۆرەوە ، بۆ دەبێ چش لەئێستای بکرێ بەحساب لەپێناوی ئایندەیدا ، بەڵام لەڕاستیدا لەپێناوی بەرژەوەندیی زلهێزە نێودەوڵەتی و ئیقلیمیەکاندا ؟

بۆچی قەبوڵکرا نزیکەی دوساڵ و نیو لەژێر چنگاڵی داعشدابێ و ئێستا دەویسترێ لەژێر چنگاڵی ئەو دەربهێنرێتەوە ؟

بۆچی دەبێ بەجارێ ئەو هەمو دەوڵەت و هێزە زۆرە بەشداربن لەرزگارکردنەوەی تەنها موسڵدا ، لەکاتێکدا دو دەوڵەتی دراوسێی وەکو ئێران و عێراق توانییان هەشت دانە ساڵ بەپارەو فڕۆکەو سوپای خۆیان روبەڕوی یەکتر ببنەوە ، چەندین شار لەیەکتر داگیر بکەن و رزگاری بکەنەوە ؟

19 ئۆکتۆبەر

# ئاماژەی دیکەی ڕۆشن بۆ ناڕۆشنیی ڕەوشی لەمەودوای موسڵ

جگە لەلێدوانە توندو دەمارگیرانەو تەماعکارانەکانی ئەردۆغان کە پڕن لەئاماژە بۆ لێڵی و ناڕۆشنیی چارەنوسی لەمەودوای موسڵ ، لینکی هەواڵێکم لەبەردەستدایە کە لێدوانی بەرپرسێکی پێشوی CIA ی ئەمریکای تێدایە ، دەڵێ :

لەموسڵ سێ لا لەداعش گیراوە (سەر ، خوار ، ڕۆژهەڵات) بەڵام ڕۆژئاوای موسڵ کە بەسەر سوریادا دەڕوانێ ، بەکراوەیی هێڵراوەتەوە .

ئەو بەرپرسە ، ئەو لایە ئاوەڵایەی موسڵ (بەری ڕۆژئاوای موسڵ) بەناوچەی (کوشتن بەفڕۆکە / منطقة قتل بالطيران) ناو دەبا ...

لێدوانی ئەم کابرایەش وەکو ئاماژەیەکی ڕۆشن وایە بۆ ناڕۆشنیی ڕەوشی لەمەودوای موسڵ .

.............

17 ئۆکتۆبەر

# کوردو ناوەند دوای شەڕی موسڵ

کەسانێک (لەناو گەلی خۆماندا) کە مەعلوم نییە (چی) و (چەند) لەبارەی رەوشی سیاسیی هەرێم و عێراقەوە دەزانن ، لەگەڵ دەسپێکی شەڕی رزگارکردنەوەی موسڵدا ، بۆچونیان وایە کە :

دەبێ کورد ، دوای یەکلاییبونەوەی شەڕی موسڵ ، روبەڕوی حکومەتی ناوەند ببێتەوە بۆ داواکردنی مافەکانی ...

ئەو کەسانە ، ئەگەر مەبەستیان لە (کورد) گەلی کورد لەهەرێمی باشوری کوردستانە ، ئەوا دەبێ بزانن :

گەلی کورد لەهەرێمی باشوری کوردستان ، دەبێ پێش خۆتەنگەتاوکردن ، تەنگبەخۆهەڵچنین ، روبەڕوبونەوە لەگەڵ بەغداو خۆبەکوشتدانی زیاتر ، روبەڕوی دەسەڵاتە لۆکاڵیەکەی هەرێم (تەبەقەی حاکم) ببێتەوە بۆ سەندنەوەی مافە جۆراوجۆرەکانی (چونکە بەشێکی زۆری مافەکانی ، لەلایەن دەسەڵاتە لۆکاڵیەکەی هەرێمەوە لێ زەوت کراوە) ...

ئەگەر مەبەستیشیان لە (کورد) تەبەقەی حاکم لەهەرێمی باشوری کوردستانە ، ئەوا دەبێ :

بەتەمای کاری وا (روبەڕوبونەوە لەنێوان بەغداو تەبەقەی حاکم لەهەرێمی کوردستان) نەبن ، مەگەر بەزۆری وڵاتانی ئیقلیمی و بۆ مەسڵەحەتی ئەوان ، چونکە تەبەقەی حاکم لەهەرێمی کوردستان مافی خۆیی بەزیادەوە دەستکەوتوە (بەشی لابەلایەکی فراوان لەخەڵکی هەرێمەکەشی بردوە بۆ خۆی) ، خۆی ئاوقەی شەڕێک ناکا کە : ئەو هەمو نازو نیعمەت و شکۆیەی لێ تێک بدا ..

...............

15 ئۆكتۆبەر

# گۆرانە گەورەکە

ماوەيەکە لەناو ميدياى کوردى و ميدياى جيهانييشدا باس باسى گۆرانكارييەکى گەورەى چاوەڕوانكراوە کە پێشبينى دەکرێ لەناوچەى خۆرهەڵاتى ناوەڕاست روبدا .

ئەو گۆڕانكارييە گەورەيە لەوانەيە ئەمەبێ :

روسياو ئەمريکا (کە ئێستا زاهيرەن تێکگيراون) نەيانەوێ راستەوخۆ شاخ بگيرێننە شاخى يەکتر ، ناچار شەڕ بەوەکالەتەکەى کە لەناوچەکەدا سازاوە ، سەر پێبکێشن بۆ شەڕێکى ئيقليمى لەنێوان (توركيا - عێراق) يان (توركيا - ئێران) يان (ئێران - خەليج / بەبەشدارى و قيادەى سعوديية) ياخود لەنێوان وڵاتانێکى ترى ناوچە ، وەکو ئەوەى لەنێوان ئێران و عێراقى سەردەمى حکومڕانيى صەددامدا گوزەرا (ئەگەرچى لەم دۆخە خراپەى بازاڕى نەوت و بازاڕى سياسەتدا هيچ کام لەوڵاتانى ناوچە ئارەزوى شەڕيان نيية ئەگەر خۆيان موخەييەربن و زۆريان لێ نەکرێ ، هەرچەند هەندێکيان بەتوندى کەوتونەتە دەمەدەمێ و شەڕەدەنوک لەبەينى خۆياندا) .

ئەگەر شەڕێکى ئيقليميى لەو جۆرە لەخۆرهەڵاتى ناوەڕاست روبدا ، لەوانەيە روسيا زەرەرى زياترى تێدا بکا تا ئەمريکا ، چونکە روسيا لەپريشکى ئاگرەکەوە نزيکتر دەبێ .

خۆ ئەگەر ئەو شەڕە لەنێوان دو لەم سێ دەوڵەتەدا روبدا (ئێران ، توركيا ، عێراق) ، يان لەنێوان دو بەرەدا کە ئەو سێ دەوڵەتەى تێوەگلابن ، ئەوا لەهەمو زيانبەرکەوتوان زيانبەرکەوتوتر خەڵکى کوردستان دەبن چونکە نيشتيمانەکەيان شەرگەى پێشەوە دەبێ .

بێگومان عەقڵ نايبڕێ بەمزوانە شەڕێکى گەورەتر لەشەڕى ئيقليمى لەدنيادا روبدا چونکە دنياى ئێستا دنياکەى سەردەمى دو جەنگە جيهانيەکەى پێشو نيية : -

ئێستا ، ژمارەى وڵاتانى ئەتۆمى و زلهێز ، زۆرترە تا ئەوسا ، مەعلومە : ئەگەر بقەومێ زۆر خراپ دەقەومێ .

هەروەها ئێستا عەقڵ بەسەر لێکدانەوەى برياربەدەستاندا بەتەواوى زاڵە ، ئاسان نيية بتوانرێ چش لەهەمو شتێ بکرێ و بڕيارى هەڵايسانى شەڕێکى گەردونى بدرێ (وێڕاى ئەوەش هێشتا هەر دەبێ تيۆرى قازە رەشەکە لەبيربێ : کام روداو چاوەڕوان ناکرێ روبدا لەڕێدايە روبدا) .

بەهەرحاڵ عەقڵ دەیبڕێ ئەمریکا خوازیاری هەڵایسانی شەڕێکی ئیقلیمییێ لەدەورووپشتی روسیا بەئامانجی تێوەگلاندنی مۆسکۆو هیلاککردنی و دواجار پاشەکشەپێکردنی لەیاریچییەکی نێودەوڵەتییەوە (وەکو ئەوەی کە ئێستا هەیە) بۆ یاریچییەکی لۆکاڵیی گیرۆدە بەدەردی خۆیەوە (وەکو ئەوەی کە لەدوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت هەبو) .

بەڵام روسیا ، لەدوای تێوەگلانیەوە لەجەنگی ناوخۆی سوریا ، پێناچێ حەزی بەهەڵایسانی هیچ شەڕێکیتربێ لەناوچەکەدا کە ریشی بگرێتەوە (نە شەڕی ئیقلیمی ، نە شەڕی جیهانی) ، مانۆڕە سیاسی ، سەربازی و میدیاییەکانی ئێستاشی ، لەوانەیە تەنها لەپێناوی کردنەوەی دەلاقەیەکدابێ بۆ خۆقوتارکردن (بەئابڕوی خۆیەوە) لەکێشەی سوریاو هیچیتر ، بەڵام قوتار دەبێ ؟

ئەی سەرانی کورد لەهەرێمی باشوری کوردسان ؟ خۆیان بۆ روبەڕوبونەوەی هیچ ئەگەرێک ئامادە کردوە ؟ ئەگەر نا ئەی بۆچی ئەم هەمو شپرزەیی و ژاوەژاوەیان لەناوخۆدا بۆ خۆیان سازاندوە ؟

گریمان گۆڕانکاریە گەورە چاوەڕوانکراوەکەی داهاتو ، بەشەڕێکیتری دوای شەڕی ناوخۆی سوریا دەست پێناکا ، بەڵکو بەکوژاندنەوەو کۆتایی پێهێنانی شەڕی ناوخۆی سوریاو شەڕەکانی تری ناوچە دەست پێدەکا (کە ئەگەرێکی مومکینە) ، خۆ لەحاڵەتێکی واشدا سەرانی کورد لەهەرێمی باشوری کوردستان ، دەبێ خۆیان ئامادە کردبێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەنجامەکەیدا .. کوا ؟ چی لەدەستیان دەخوێنرێتەوە دەریبخا ئامادەو لەسەرپێن بۆ کارێکی وەها (جگە لەخۆدانەپاڵ ئۆردوی رزگارکردنی موسڵ کە ئەویش ئاماژەیە بۆ سەرسپاردنی بێقەیدو شەرتیان بەقەدەرو هیچیتر) ؟

.................

3 ئۆکتۆبەر

# خودایە خراپترمان پیشان مەدە *

نوسەری ناسراوی مصری علی سالم (خاوەنی شانۆنامەی : مدرسة المشاغبین) کە پار (٢٠١٥) ئەم وەختانە لەتەمەنی 79 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد ، لەوتارێکیدا بەناونیشانی (راوچی و ماسی) ، دەڵێ :

ئەنکم بۆی گێڕاومەتەوە: -

جارێکیان راوچییەکی هەژار بەهیوای پەیداکردنی قوتی ئەو رۆژەی ، دەچێتەراوەماسی ، لەپڕ ماسییەکی نامۆ دەبێ بەتۆڕەکەیەوە، ماسی دەڵێ : من ماسیی ئەفسوناویم ، هەڵمدەرەوەناو ئاوەکەسێ نیازتان بەدی دێنم : یەکێکی خۆت ، یەکێکی ژنەکەت ، یەکێکی تاقەکچەکەت .

راوچی ، ماسی هەڵدەداتەوەناو ئاو ، خۆشخەیاڵ و خۆشحاڵ دەگەڕێتەوەماڵ ، مەسەلەکەبۆ ژنەکەی دەگێڕێتەوە، پاشان لێدەدا دەڕواتەدەرەوەبۆ قاوەخانەیەکی نزیك ، لەوێ بەخەیاڵدا رۆدەچێ ، دەیهێنێ ، دەیبا ، چی داوا بکا ؟ چی داوا نەکا ؟ لەو بەینەدا ژن لەماڵەوە، بەبێ کاتبەفیڕۆدان ، داوای خۆی دەکا ، دەڵێ : خوایەبمکەبەژنێک لەجوانیدا هاوشانی نەبێ .

ژن لەچاوتروکانێکدا داوای دێتەدی ، دەبێتەجوانترین ژنی دنیا ، هەواڵی جوانیەکەی بەشارو دێدا بڵاو دەبێتەوە، تەنانەت دەگاتەوەبەسوڵتان ، سوڵتان دارو دەستەی خۆی رادەسپێرێ بەزوترین کات ئەو ژنەجوانەی بۆ بێننەکۆشك ، ژن دەهێنرێتەکۆشك ، کار دەگاتەئەوەی سوڵتان لەژوری نوستنی خۆیدا پەچەلەڕوی لاداو دەستلەملانی ببێ ، لەو کاتەدا کابرای مێردی هەواڵ دەبیستێ ، زۆر توڕەدەبێ ، داوا دەکا خوا ژنەکەی بکا بەمەیمون ، یەکسەر داواکەی گیرا دەبێ ، کاتێپاشا پەچەلەڕوی ژن دەگرێتەوەدەبینێ مەیمونێکی تەواوە، دەهری دەبێ ، داوا دەکا بەپەلەئەو مەیمونەلەژورەکەی ببەنەدەرەوە، ژن دەڕواتەوەماڵەمێردی خۆی ، کچەکەی کەدەبینێ دایکی بۆتەمەیمون زۆر پەرێشان دەبێ ، داوادەکا خوا دایکی بکاتەوەبەمرۆڤەئاساییەکەی لەوەوبەر ، داوای کچ گیرا دەبێ ، دایکی دەبێتەوەبەو ژنەئاساییەی کەهەبو ، بەو جۆرە: هەرسێ ئەندامی خانەوادەفرسەتی هەرەگرنگی ژیانیان لەدەست دەدەن ، لەبەرئەوەی هەماهەنگییان لەنێواندا نەبو (هەریەکەیانبەنیازی سەری خۆیانەوەدەژیان) ، کچەی لێدەرچێ کەتاڕادەیەك فریای

خانەوادەکەی کەوت و لەڕێی داواکەیەوەگەڕاندیەوەدۆخی پێشو .

علی سالم لەپەراوێزی ئەم چیرۆکەدا دەڵێ : هەمو تاکەکەسێ مافی خۆیەتی نیازی تایبەتیی خۆی هەبێ ، بەڵام ئەگەر نیازی کۆمەڵگەلەبەرچاو نەگرێ ئەوا ئاوای بەسەردێ کەبەسەر تاکتاکی خانەوادەی کابرای راوچیدا هات .

کۆمەڵگەی کوردی لەکوردستانی باشور بەدەردی خێزانی راوچی چوە :

#هەماهەنگی لەنێوان چین و توێژە جۆراوجۆرەکاندا زۆر لاوازە (هەریەکە داوای موچەی خۆی دەکاو بەس) ، هەروەها لەنێوان تاکەکەسەکاندا .

#زۆرینەی خەڵک داڵغەیان لای نیازە کەسی و تایبەتیەکانی خۆیانە نەک مەرامە هاوبەشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان .

ئاوا بڕوا دەبێ شکوربین فرسەتی ئەوەمان مابێ بگەڕێینەوە دۆخی پێشوی خۆمان .

* مَجازا

.................

25 سێبتێمبەر

# کۆمەڵگەی عەرەبی جێی ناهض حتری تیا نەبووەوە

رۆژی ٢٥ ی ئەم مانگە ، ئەو نوسەرە ئوردونییە مەسیحییە کە وێنەکەی لەخوارەوەیە (ناهض حتر) لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو کاریکاتێرەی تەنیشتی وێنەکەی (لە fb خۆیەوە) کە کاریکاتێری خۆیشی نییە بەڵکو هینی کەسیترە (کۆپیی کردوەو بڵاوی کردۆتەوە) ، لەبەر دەرکی دادگادا لەوڵاتەکەی بە سێ گوللە کوژرا .

جێگای داخە (بۆ من) بەتایبەتی لەبەرئەوەی لەڕێی میدیاوە ئاگادارم چەند وەختە بێنەو بەرەی مەحکەمەی پێدەکرێ لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو کاریکاتێرە (بەدەستدرێژی بۆ سەر زاتی ئیلاهی لەسەریان حساب کردوە) ، ئاگادارم چەند وەختە لەسۆشیال میدیاوە سوک و ناوزڕاو دەکرێ ، فەتوای کوشتنی دەدرێ ...

ئاخری زەفەریان پێبرد (بێگومان وڵاتەکەی زۆر تاوانبارە ، دەکرێ وەکو شەریک لەتاوانەکەدا تەماشا بکرێ ، کەسێک چاودێریی رەوتی رووداوەکەی کردبێ لەسەرەتاوە تا کۆتایی : لەبڵاوکردنەوەی کاریکاتێرەکەوە تا کوژرانی ناوبراو ، دەزانێ بۆچی دەبێ وڵاتەکەی بەشەریک لەتاوانەکەدا حساب بکرێ) .

ساڵی ١٩٩٨ یش هەوڵی تیرۆرکردنی دراو بەسەختی بریندار کرا ...

....................

12 سێپتێمبەر

# ساغ دەنگ بەساغ و نەخۆش دەنگ بەنەخۆش دەدا

لەساڵیادی ١١ سێپتێمبەردا لەئەمریکا ، هیلاری کلینتۆن (کاندیدی دیموکراتیەکان بۆ سەرۆکایەتیی خولی داهاتوی وڵاتەکەی) کتوپڕ ئەژنۆی شل بو ، کەوت ...

بەدوای ئەو روداوەدا راپۆرتێکی پزیشکیی بڵاوکردەوە (بەئیمزای خانمە پزیشکەکەیەوە) ، دەریدەخا کە :

(ئیلتیهابی سی - التهاب الرئتين) ی هەیە ...

ئێستا پاش ئەو روداوە بەجارێ کەوتۆتە بەر رەخنەی چاودێران و راڤەکارانی سیاسی و ناوەندە جۆراوجۆرەکان کە : بۆچی تا ئەو وەختە نەخۆشیەکەی خۆیی لەخەڵک شاردۆتەوە ؟ (داهاتی نەوت نا ، بەڵکو نەخۆشیەکەی خۆی) !

هەرچی نەخۆشیی لەوەوبەریشی هەیە ، هەرچی هەڵەو پەڵەی سیاسیی ماوەی وەزیرایەتیەکەی پێشویشی هەیە (لەتەسریباتی ئیمەیل و شتی وەها) ، تەنانەت سوێندە درۆزنانەکەی بیل کلنتونی مێردی ئەو کاتەی سەرۆکی ئەمریکابو و توشی فەزیحەتەکەبو لەگەڵ مۆنیکا لویسکی و بۆ خۆدەربازکردن لێی سوێندی درۆی خوارد .. هەمو ئەو شتانەی بەبیر هێنراوەتەوە .. وایلێهاتوە خەریکە لەناو دەنگدەراندا بێمتمانە دەبێ .. ئەگەر وا بڕوا ئەوا ئەو فرسەتەی لەکیس چوە کە ببێتە یەکەم خانمەسەرۆک لەمێژوی ئەمریکادا ...

نەخۆشیەکەی هیلاری کلینتۆن ، ئەگەر لەخانمە کاندیدایەک بقەومایە لەکوردستانەکەی ئێمەدا ، چ ئەنجامێکی دەبو ؟

لەکوردستانەکەی ئێمەداو لەناو خەڵکە بەڕەحمەکەی ئێمەدا ، ئەگەر خانمە کاندیدایەک وەکو هیلاری کلینتۆنی لێبقەومایە (بەهۆی نەخۆشییەوە بەبەرچاوی کامێرای رۆژنامەنوسانەوە بکەوتایەتە سەر زەوی) حەتمەن دەبوە خێرو بەرەکەت بۆی ! لەبەر هیچ نا ، بەڵکو رێک لەبەر نەخۆشیەکەی و مێیینەییەتیەکەی و ئەو کەوتنەی ، یەکسەر دەنگێکی زۆری دەنگدەرانی دەپچڕی و گەمەکەی دەبردەوە .. بەڵام لەئەمریکا پێناچێ ئەوە روبدا ...

بۆچی لەئەمریکا (یان لەرۆژئاوا بەگشتی) بەوجۆرەو لەکوردستان (یان لەرۆژهەڵات بەگشتی) بەمجۆرە ؟ لەبەر بەڕەحمیمانە ؟ یان لەبەرئەوەیە خۆیشمان نەخۆشین ، هاودەردی نەخۆشان و کەفتەکارانین (بەتایبەتی ئەگەر مێیینەبن) و سکمان پێیان دەسوتێ ؟ یان لەبەرئەوەیە ئەزمونمان هەیە دەیسەلمێنێ کە :

وڵات بەنەخوش باشتر بەڕێوە دەبرێ ، کاروبار لەسەر دەستی نەخۆش باشترو زوتر رایی دەبێ ، گەندەڵی و دەستەگەری و بنەماڵەچێتی دورە لەڕەوشتی فەرمانڕەوای نەخۆش چونکە بیری مردنی هەیە ؟

پرسیار زۆرە بەم بۆنەیەوە بیخەینەڕو ، بەڵام تەنها یەک دانەیتری لێدەخەینەڕو :

تا کەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەقائیدو زەعیم و حیزبمەداری نەخۆش نەبنەوە ؟

تا کەی قائیدو زەعیم و حیزبمەداری نەخۆش لەخەڵکی هەرێمی کوردستان نەبنەوە ؟

...............

# کوردی گیاخۆرو کوردی گاخۆر

خەریکە بەتەواوی وایلێبێ دو گەل لەسەر گۆی ئەم زەوییە پان و پۆڕەدا هەبن (تەنها دو) ، دو گەلی دامەزراو لەسەر بنەمای تەبەقی :

گەل (یان چین) ی هەڵلوش

گەل (یان چین) ی هەڵلوشراو

دابەشکارییە باوەکەیتر کە لەسەر بنەمای زمان و فەرهەنگ ، مێژو ، جوگرافیای سیاسی ، زێد ، ... و هتد کراوە ، بایەخێکی نەمێنێ ئەوە نەبێ کە :

چینی هەڵلوشراو (بەقازانجی چینی هەڵلوش) دابەش بکا بەسەر (حەوشە) و (پاوان) و (گەلاجاڕ) و (پشتیر) و (سەرەنوێلک) و (کێڵگە) و (حیزب) و (رەعیەت) ی جیاجیاداو تەفرەقە بخاتە بەینیان بۆ ئەوەی دیاربێ کە :

-مرۆڤەکانی ناو ئەو حەوشە ، پاوان ، گەلاجاڕ ، پشتیر ، سەرەنوێلک ، کێڵگەو حیزبە ، رەعیەتی فلانە گروپی بەرژەوەندیی سەر بەگەلی هەڵلوشن ...

-ئەوانەیتر رەعیەتی فلانە گروپی دیکەی بەرژەوەندی ...

-ئەوانەی ئەوبەر ...

-ئەوانەی ئەولا ...

-لەگەڵ ئەوانەی تەنیشت ...

رەعیەتی گروپی دیکەی بەرژەوەندی ...

ئەوەتا دەبینین :

گەلی هەڵلوشراوی ناو ئەم جوگرافیا سیاسییە کە (هەرێمی کوردستان) ی

پێدەگوترێ ، ڕەعیەتی دو - سێ گروپی بەرژەوەندیی سەر بەگەلی هەڵلوشن ...

ئەگەر ڕاستە زێدو زمان و فەرهەنگ و مێژوی هاوبەش و ڕابیتەی خوێن ، بایەخدارترن تا بەرژەوەندیی چینایەتی ، دەبوایە لەجیاتیی ئەو هاودەمی و گەرموگوڕی و سەرلەبنسەرخزاندنەی نێوان دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتدارانی تورکیاو ئێران ، شایەدی هاودەمی و گەرموگوڕی و سەرلەبنسەرخزاندن بوینایە لەنێوان دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و کوردی تورکیا ، سوریاو ئێران (ئیتر چش لەکوردەکەی هەرێم کە بەشی هەرە زۆری کراوەتە ڕەعیەتی بەشی هەرە کەمی) ...

گەلی هەڵلوشراوی هەرێمی هەڵلوشراوی کوردستان (بۆ لەمەودوا) ، هەروەها خەڵکی هەڵلوشراوی هەر پارچەیەکیتری کوردستانی هەڵلوشراو (نەوت و غازو ئاو و زەوی و ڕەزوباخ تاڵانکراو) ، دەبێ لەخەباتی خۆیاندا زۆر باش ئاگایان لەو ڕاستییە (کۆمەڵایەتی ، ئابوری ، سیاسی) یە بێت کە ئاماژەی پێدرا .. دەبێ بۆ ئەوە پەیوەست نەبن بەڕیزەکانی خەباتەوە تا لەکۆتاییدا ببنە دو بەش ، یان دو چین ، یاخود دو گەل (هەڵلوش و هەڵلوشراو - ئاغاو ڕەعیەت) وەکو ئەوەی چارەکە سەدەیەکە لەهەرێمی کوردستان ڕودەدا .

قوڵکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی لەنێوان خەڵکی هەر وڵاتێکدا بەڕادەی ترسناک (بەڕادەیەک کە ببێتە هۆی مەحفبونەوەو ئینقیراضی چینی ناوەندو دابەشبونی مرۆڤەکان بەسەر داراو نەداردا) هەمو بەها باوەکان دەخاتە بەر هەڕەشە :

دین (ئەگەر تا ئێستا بایەخێکی کۆمەڵایەتیی مابێ) بێبایەخ دەکا .. زمان و فەرهەنگ و ڕابیتەی خوێن (ئەگەر تا ئێستا بایەخێکیان مابێ) بێبایەخ دەکا .. تەنانەت چینی سەرمایەدار (گەلی هەڵلوش) بەخۆی دەکەوێتە کێشەی قوڵەوەو وادەکا ئەو سیستمە (سیاسی ، کۆمەڵایەتی) یەی لەخزمەتی خۆیدا دایمەزراندوە ، مقەوەماتی مانەوەو بەردەوامی لەدەست بدا ...

....................

3 سێبتێمبەر

# بۆ هەرێمی کوردستان داماڵینی کاژێکی کەلتوری زەرورەتێکی حەتمییە

هەرێمی کوردستان

-بەم کەلتورە سیاسییەی ئێستای

-بەم حیزبانەی ئێستای

-بەم کاراکتەرە سیاسیانەی ئێستای

بەڕێوە ناچێ و هیچی نابێ بەهیچ .

- ناشتوانرێ حیزب و کاراکتەری سیاسیی لەشوێنیتر بۆ بخوازرێ (ناتوانرێ بدرێتە دەست ئەو کەسانەی کە : کۆبانێیان پاراست و کۆبانێ بەڕێوە دەبەن - بەهۆی سنورە سیاسیەکانەوە) .

- بەڵام دەتوانرێ تەنکە توێکڵێکی لەکەلتورێکی سیاسیی باش ، لەجێییەکەوە (لەکۆبانێوە - بۆ نمونە) بۆ بخوازرێ و پرۆسە سیاسیەکەیی لێ موتوربە بکرێ .

چارێکیتر نییە جگە لەداماڵینی کاژێکی کەلتوری ، یان موتوربەکارییەکی کەلتوری (بەو شێوەیەی باسکرا _ ئەگەر کار لەچارەسەردا مابێ) .

................

30 ئۆگستۆس

# حاكمی پشت پەردە رو لەسازانن ئەگەر بۆیان بچێتەسەر

ناكۆكیی نێوان حكومەتی هەرێم و حكومەتی بەغدا ، دەرەنجامی ناكۆكیی نێوان دەوڵەتی توركیاو دەوڵەتی ئێرانە .

مەعلومە :

نە حكومەتی عێراق حكومەتێكی ئەوەندە پتەوە خاوەنی خۆی و سیاسەتی خۆیبێ ، نە حكومەتی هەرێمی كوردستان (عێراق ئێران خاوەنیەتی ، هەرێمی كوردستانیش توركیا) .

ئەگەر ئەو دو دەوڵەتە ئیقلیمییە (ئێران و توركیا) ، لەسەر مەلەفی سوریاو مەلەفی كورد لەسێ بەشی كوردستان (باكور ، رۆژئاوا ، رۆژهەڵات) لەپێكهاتن نزیكبوبنەوەو وردە وردە خەریكی زەمینەسازیین (بوبن !) بۆ وەلاوەنانی ناكۆكیی نێوان خۆیان ، زۆر ئاسانە لەسەر مەلەفی عێراقیش پێكبێن (یان پێكهاتبن !) ، لەئەنجامدا ببینین حكومەتی هەولێرو حكومەتی بەغدا شان بنێنەوە بەشانی یەكترەوە .

نێوانگەرمیی بەغداو هەولێر ، یان نێوان ساردییان ، تەنانەت سات و سەودای نێوانیان لەبارەی پۆستێكی وزاریی كەمبایەخەوە ، ئێستا ، یان هەر كاتێكی دوای ئێستا ، بگرە لەدەیەو چەند ساڵێك پێش ئێستاوە ، لەنێوانی دو لایەنی نا عێراقی و نا كوردستانی (توركی - ئێرانی) دا ، لەپشتی پەردەوە ، سیناریۆسازیی بۆ كراوە ، نەك لەنێوانی دو لایەنی ناوخۆیی (كوردستانی و عێراقی) دا .

بەكورتی :

هەر كاتێ بەغداو هەولێر لەگەڵ یەكتر سازان و تەقەی مامەڵەیان هات ، مانای ئەوەیە تاران و ئەنقەرە نێوانیان رو لەباشییەو لەژێرەوە خەریكی مامەڵەن .

لەئێستادا خەڵكی هەرێمی كوردستان و خەڵكی باشورو ناوەڕاستی عێراق شایەدی روداوێكی لەوجۆرەن ، بەڵام ئەنجامی ئەو روداوە پەیوەستە بەئەنجامی مەلەفی سوریاوە :

ئەگەر سازان و تەبایی نێوان ئێران - توركیا تا كۆتایی یەكلاییكردنەوەی مەلەفی سوریا بڕ بكا ، ئەوا یەكلاییكردنەوەی كێشەی نێوان هەولێر - بەغدا هەر زۆر ئاسان وموومكینە (بەباری بەرژەوەندیی بەغداو سەروەری و یەكپارچەیی خاكی عێراقدا) .

بەڵام :

ئێران و تورکیا ئەو هێزو دەسەڵاتەیان لەسوریادا نییە کە لەعێراقدا هەیانە (روسیاو ئەمریکا یاریچیی سەرەکین لەسوریا) ، لەبەرئەوە بڕیاری سازان و نەسازانیان لای خۆیان نییە ، ئەگەر لای خۆیان بوایە لەمێژبو سازابون و کۆتاییان بەئەزمونی خۆخۆریی حیزبی کوردی لەباشوری کوردستان هێنابو .

...................

# ئەگەر بەشەرییەت پابەندبوایە بەعەقڵەوە دین پێویست نەبو

دکتۆر عەلی جومعە - موفتیی پێشوی مصر ، لەگفتوگۆیەکی نوێیدا دەڵێ :

ئەگەر بەشەرییەت پابەندبوایە بەتەوراتەوە کە خوا بۆ حەزرەتی موسای نارد ، ئەوا پێویست بەهاتنی دینی مەسیحیەت و دینی ئیسلام نەبو .

رەنگە یەکێ لەماناکانی ئەم قسەیە ئەوەبێ کە :

هەر سێ دینەکە (یەهودییەت ، مەسیحییەت ، ئیسلام) لەئەسڵدا یەک ناوەڕۆک ویەک پەیام و یەک سەرچاوەیان هەیە ، پێویست ناکا شوێنکەوتوانی ئەم دینیان (لەسەر بنەمای وردەکاریی عەقائیدی دینی) تا سەر دژی شوێنکەوتوانی ئەو دینیان قیرەیبێ و بڵێ و سەنگەر بگرێ ، تەنانەت دەکرێ :

هەر ئەڵقەیەک لەهەر دینێکیان ترازێنراوەو بزرکراوە ، ئەهلی دینەکە بچن لەدو دینەکەی تردا بۆی بگەڕێن و بیدۆزنەوەو بیژیەننەوە .

واز لەقسەکەی دکتۆر عەلی جومعە بێنین ، بەشوێنپێی مرۆڤناس و کەلتورناسی بەناوبانگ (جێمس فرێزەر) دا برۆین :

فرێزەر لەکتێبی (الفلكلور في العهد القديم - فۆلکلۆر لەتەوراتدا) بەوردی و دورودرێژی باسی ئەوە دەکا کە : -

سەرچاوەی بنەڕەتیی تەورات و دینی یەهودی بریتییە لە : دابونەریتی کۆنی گەلان .

واتە دەتوانین بۆ دۆزینەوەی رەگوڕیشەی دینی یەهودی کە ئەسڵ و ئەساسی دو دینەکەی تریشە ، دابونەریتی کۆنی گەلان ، بیروباوەڕە میللیەکانیان و فۆلکلۆریان بپشکنین .

ئەگەر بەم رێگەیەدا پێهەڵبگرین ئەوا دەتوانین قسەکەی دکتۆر عەلی جومعە بەم دیوەشدا دابڕێژینەوە :

ئەگەر بەشەرییەت پابەندبوایە بەپوختەی بیروباوەڕو دابونەریتە کۆنەکانی خۆیەوە (باشەکان و

گونجاوەکانی) ئەوا پێویست بەهاتنی هیچ کام لەسێ دینەکە نەبو .

بێگومان ئەم باسە بەم کورتییەو بەم سادەکارییە بەهەمو مێشکێکدا ناچێ ، بەتایبەتی پاش ئەو هەمو شەڕو شۆڕە سەربازی و نیزاعاتە فیقهییەی بەدرێژایی مێژو لەپێناوی تۆخکردنەوەی جیاوازیی دینی لەنێوان گەلاندا گوزەراوە .. بەڵام قسەیەکی قوڵی وەکو ئەوەی دکتۆر عەلی جومعە لەکابرایەکی موسوڵمانی خاوەن پێگەی وەک ئەوەوە ، گێڕانەوەی باشترە لەنەگێڕانەوەی ئەگەر بەم شێوە سەرپێییەشبێ .

...............

8 ئۆگستۆس

# قوربەسەر ئەو گەلەی هیوای بەبێهیوا هەیە !

لەکوردستانی سەردەمێکدا کە :

-جاش لەجاشێتیی خۆی تەریق نەبوەوە ، رویهات بەئاشکرا بڵێ جاشم !

-خوێندەوار ، رۆشنبیر ، نوسەر ، رواڵەتە دەرکەوتوە ناسراوەکانی بواری کاری میدیایی و حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی ، هەر رۆژەو لەبەربەرۆچکەی حیزبێکدا دەرکەوتن ، بەهرەمەندیی خۆیانیان وەکو هەر لێوەشاوەییەکی بواری کاری بازرگانی سەیر کردو بەکرێیان دا !

-ئەم و ئەو (با بەژمارە کەمیشبن !) ، بەکوردیی رەوان ، بەبەرچاوی میللەتەوە (لەرێی سۆشیال میدیاوە یان لەرێگەی ترەوە) ، لەژێر زەخت و زۆری مادی و مەعنەویدا نا ، بەڵکو بەئارەزوی خۆیان ، بەشانازییەوە ، تەبەعیەتی خۆیانیان بۆ (ئێران و تورکیا) ی کوردکوژو دوژمنانیتری کورد بەیان کرد !

-میللەت کەوتە دۆڵێک و خەڵکە قسەکەرو دەرکەوتوەکە دۆڵێکیتر ، لەکۆی ئەو کەسانەی دەموپڵی قسەکردن و گفتوگۆی کێشەکانی ناو کۆمەڵگەیان هەیە کەمترینیان بەدەوری خەڵکەوە مانەوە ، باقیەکەیان خەریکی بەکرێدان و فرۆشتنی وشەبون بەدەسەڵات و حیزب (وەکو ئەوەی کۆمەڵگەو موعاناتەکانی بۆ ئەوە خوڵقابن کەسابەتیان پێوە بکرێ) ...

-ئەوە بزانە :

کوردستانی ئەو سەردەمە ، لەکوردستانی سەردەمی حیزبی بەعس کە دەیان هەزار جاش و ئەنفالچیی تێدا هەڵکەوتبو ، زۆر هەڵخلیسکاوترە .. ئاشکرایە لەبەرچی : لەبەرئەوەی لەکوردستانی سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی بەعسدا ، جاش و مرۆڤی بێبەهاو کەسانی هەڵخلیسکاوی ناموەفەقی ناموستەقیر (ئەگەرچی رەنگە ژمارەیان لەژمارەی ئەمانەی کوردستانی ئەم سەردەمە زۆرتر بوبێ) ، بەئەندازەی ئەمانەی ئەم سەردەمە روقایم و روهەڵماڵراو نەبون :

هیچیان پێ عەیب نەبوبێ و رێگەیان بەخۆیان دابێ بەشانازییەوە لەبەرچاوی خەڵکی وڵاتدا دەربکەون .

...............

7 ئۆگستۆس

# داکۆکیکردن لەسیاسەتی قەضائیی ئێرانی مایەی خەجاڵەتییە

نەفامییە :

کوردبیت .. دژی ئیسلامی سیاسی بیت .. پێتوابێ تەنها لەناو ئیسلامی سوننیدا ئیسلامی سیاسی هەڵدەکەوێ .. نەزانی کە : لەناو ئیسلامی شیعییشدا ئیسلامی سیاسی هەڵدەکەوێ .. نەزانی کە : ئیسلامی سیاسیی شیعی ، ئەگەر لەئیسلامی سیاسیی سوننی پرمەترسیتر نەبێ بۆ کۆمەڵگەو مەدەنیەت و کوردایەتی و یەکڕیزیی نیشتیمانی و ئایین (ئایین بەمانا کۆمەڵایەتیەکەی : ئایینی کۆمەڵایەتی) ، کەممەترسیتر نییە !

بەهەمان ئەندازە نەفامییە :

کوردبیت .. پێت وابێ ئیسلامی شیعی (یاخود : تەشەییوع - شیعەگەری) و حەشدی شەعبی و ویلایەتی فەقیهو پاسدارو هادی العامری ، مەترسین لەسەر ناوچەکە بەگشتی ، بەتایبەتی لەسەر هەرێمی کوردستان ، مەترسین لەسەر مەدەنیەت ، سیکولاریزم ، ئایینی کۆمەڵایەتی ، پێکەوە ژیان .. بەڵام نەزانی کە : ئیسلامی سوننی (یاخود : تەسەننون - سوننەگەری) و حەشدی وەطەنی (میلیشیاکەی سوننەی عێراق) و ئەردۆگان و ئاکەپەو فەتحوڵڵا گیولەن و قەتەرو سعودییە ، مەترسین لەسەر ناوچەکەو کوردستان و جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان و دیموکراتی و مەدەنیەت و پێکەوە ژیان .

بەڵام بەداخەوە :

خەڵکانێکی زۆر لەناو کورددا ، لەناوجەرگەی کوردستاندا ، بەقوڵی نوقمی ئەو نەفامییەن .

نمونە لەسەر کوردی هەڵخلیسکاو بەلای شیعەگەریدا بهێنینەوە (کوردی شوێنکەوتەی ئەردۆگانیزم و وەهابیەت و سوننەگەر قسەی زۆریان لەبارەوە کراوە) :

بەدوای ئیعدامکردنی کوردانی سوننی لەئێران ، (کەسانێک ؟) بەکوردیی رەوان ، بەبێ هیچ خەجاڵەتیکێشانێک ، لەئەکاونتی خۆیانەوە ، داکۆکییان لەو حوکمی ئیعدامە کرد (بەمەرجێ تەواوی گەلانی پێشکەوتوی دنیا دژی حوکمی ئیعدامن جا بەهەر پاساوێکبێ) بەپاساوی ئەوەی کەسە ئیعدامکراوەکان کەسانی سوننەگەربون و سەر بەرێکخراوی ئیسلامیی جیهادی بون (وەکو ئەوەی رژێمی ئێران بەخۆیشی رژێمێکی ئیسلامیی سیاسی نەبێ و زۆر دادپەروەربێ لەحوکومدانداو خاوەنی سیستمێکی قەضائیی سەربەخۆبێ !) ، بەبێ رەچاوکردنی ئەوەی کە :

لەپشت ئەو حوکمی ئیعدامەوە کە رژێمی ئێران بەسەر ئەو کەسانەیدا سەپاند سیناریۆسازییەک هەیە بۆ بەلارێدابردنی خەباتی رزگاریخوازیی کوردانی وڵاتەکەو شێواندنی وێنەی ئەو خەباتە لەبەرچاوی خەڵکی ئێران و دەرەوەی ئێران :

لەخەباتێکی رزگاریخوازیی نەتەوەیی رەواوە بۆ جوڵانەوەیەکی تەسکی دینی - مەزهەبی (بەرەو تەنگەبەرییەکی لیخنی وەکو ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی سوریای تێهەڵخزا یان تێهەڵخزێنرا !) .

بەڕاستی ، مایەی شەرم و خەجاڵەتییەکی گەورەیە داکۆکیکردن لەئەحکامی سیاسیی قەضای ئێرانی ، بەهەر پاساوێک .

.................

27 یۆلیۆ

# دەڵاڵی بۆ ئەردۆگانیزم لەبازاڕی کڕین و فرۆشدا ئا لەمیحرابی مزگەوتدانا !

-قەیچێکا_با_مەلا_مەلابێ

ئەگەر سەردەم سەردەمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوییەو هەرێمەکانی کوردستان میرنشینی کوردیی سەر بەو دو دەوڵەتەن ، قەیچێکا با مەلا لەمیحرابی مزگەوتەوە لەهەولێر دۆعا بۆ پایەداریی ئەردۆغان و ... لەمیحرابی مزگەوتەوە لەسلێمانی دۆعا بۆ پایەداریی خامەنەیی بکاو ... میر لەپیاسەبێ لەناو باخان !

-میرو مەلای ئەوساو ئێستا

بەپێی هەندێ سەرچاوەی مێژوییبێ ، هەم میری کورد ، هەم مەلای کورد ، لەسەردەمی دەسەڵاتداریی سوڵتانی عوسمانی بەسەر کوردستاندا ، بوێرترو گەلیخۆویستتر بون تا ئەم سەردەمە :

مەلا لەمزگەوتی ئەوسای کوردستاندا ، هەندێجار بەناوهێنانێکی خێرای سوڵتان داکەوتوە ، ئەو زیادەڕۆییەی نەکردوە کە ئەمڕۆ لەستایشی ئەردۆگان و ئەردۆگانیزمدا لەمیحرابی مزگەوتی کوردستانەوە ، بەبەرچاوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ، دەیکا .

-مەلاو خورماخۆرە

دوای داکشانی ئەزمونی هەرێم بەرەو ئەم نشێوییەی ئێستاو هەڵکشانی نارەزایی خەڵک لەئاستیدا ، مەلای کورد لەهەرێمی کوردستان وەکو زۆربەی چین و توێژەکان رەخنەی زۆری لەدۆخەکە گرت ، هەم لەمینبەری مزگەوتەکانی هەولێرو دهۆکەوە ، هەم لەمینبەری مزگەوتەکانی سلێمانی و هەڵەبجەو گەرمیانەوە ، هەندێکیان زۆر بوێرانەو رەوانبێژانە ...

بەڵام پێدەچێ بوێریی زۆرێکیان لەسروشتی خۆیانەوە نەبوبێ ، بەڵکو لەئەردۆگانسەری و ئەردۆگانپەنایی و ئەردۆگانزەدەیی و ئەردۆگانچێتییانەوە بوبێ .

ئەگەر وابێ ئەوا دەستی خورماخۆرە بەگاڵتەی مەلا :

هەر خورمایەک خواردویەتی ناوکەکەی لەگیرفانی مەلادابوە !

-تەماشای ئەم پاساوە !

هەندێ کەس لەهەرێمی کوردستان دەڵێن :

ئەردۆغان شایستەی رێزو ستایشە چونکە ئەستەمبوڵی کردوە بەبەهەشت !

بیری ئەو کەسانەی بخەینەوە :

لەسەردەمی سەددام حسەینیشدا موسڵ و بەغدا بەهەشتێکبون بۆ خۆیان ، بەڵام شارەکانی کوردستان بەردەوام خەڵتانی خەم و خوێن دەکران ...

*دەکرا ؟ سەددام حسەین لەبەر خزمەتکردنی تیرەو تایەفەی خۆی و جوانڕاگرتنی شارو گوندەکانیان ستایش بکرایەو چاوپۆشی لەو هەمو خوێنڕێژی و وێرانکارییەی بکرایە کە لەکوردستاندا دەیکرد ؟

*بەڵێ_دەکرا ! بەڵام لەلایەن تیرەو تایەفەکەی خۆیەوە ، نەک لەلایەن کوردەماڵکاولکراوەکەوە !

-خۆزگە فەرمایشتی مەلا راست بوایە :

ئەردۆغان موسوڵمانێک بوایە بەدوای سەرپێخستنەوەی ئوممەی ئیسلامییەوە بوایە ، کابرایەکی تۆرانچیی تورکچیی رەگەزپەرست نەبوایە ، کوردی لەبەر کوردبون نەکوشتایە ، کوردستانەکەی بندەستی تورکیای لەبەر کوردستانیبون وێران و کاول نەکردایە ، کوردستانەکانی ترو کوردانی تری لەبەر کوردستانیبون و کوردبون نەخستیاتە ژێر رقی تۆرانچیانەی خۆیەوە ، موسوڵمانکوژ نەبوایە ، دێهاتڕوخێن نەبوایە ، بەدوای دامەزراندنی خیلافەتێکی ئیسلامییەوە بوایە (چش با لەسەر بنەمای سوننەگەری و هەڵاواردنی شیعەش بوایە کە نابێ وابێ !) بەڵام بۆ هەمو موسوڵمانانی سوننە بوایە ، کوردو گەلانی ناتورکی لەئیمپراتۆریەتەکەیدا وەکو هاووڵاتی پلە نزم حساب نەکردایە ، مەلا بیتوانیایە بەکوردییەکی رەوان و غیرەتێکی کوردانەوە لەناو ئیمپراتۆریەتەکەیدا داوای خزمەتکردنی کوردو کوردستان و زمانی کوردیی بکردایە ، بیتوانیایە داوای خۆبەڕێوەبەریی بۆ کوردستانەکەی خۆی لەچوارچێوەی ئیمپراتۆریەتەکەی ئەردۆغاندا بکردایە !

بەڵام ئاخ کە وا نییە ! ئاخ کە هەڵخەڵەتاون مەلاو هەمو ئەو هاونیشتیمانیانەمان کە هیوایان لەسەر ئەردۆغان و ئەردۆغانیزم هەڵچنیوە .

.............

17 یۆلیۆ

# کوردە تورک و عەرەبەکان !

هەرای دو سێ رۆژی رابردو و ئەم ماوەیەی نێوان ئەردۆغان و عەسکەر لەتورکیا ، ئاگاییەکی گرنگی لەبارەی حاڵی خۆمانەوە داینێ کە ئەمەیە :

## یۆتۆپیای (ئوممەی ئیسلامی) لەکوردستاندا ، بەتایبەتی لەهەرێمی باشور ، هێشتا رەواجی هەیە !

بەڵگە بۆ ئەوە ، فەیسبوکە ! ئەو نوسین و پۆستانەیە کە کوردانی ئیسلامیی ئایدیۆلۆجیست ، بۆ داکۆکیکردن لەنەهجی ئەردۆغان و رژێمە سیاسیەکەی ، لەو تۆڕەوە بڵاویان کردنەوە ، هەبون نەیانتوانی بەنوسین و دەربڕینی مەنتقی بەشداری لەو هەڵمەتی داکۆکیکاریەدا بکەن ، قەرەبوی ئەو ناتواناییەی خۆیانیان بەوە کردەوە وێنەی ئەردۆغانیان لەواڵی خۆیانەوە بڵاوکردەوە !

ئەمە بەمانای خیانەت نایەت ، لەبەرئەوە نابێ ناو بنرێ خیانەت ، هەروەها نابێ بەزمانی بازاڕ تاووتوێ بکرێ ، دەبێ وەکو خۆی ببینرێ ، ناوی دروستی خۆیی لێبنرێ ، بەزمانی مەنتق تاووتوێ بکرێ ، ئەگەر دەویسترێ خزمەتی نەتەوەی کوردو دۆزەکەی بکرێ و خەڵکێکی زیاتری لەدەور کۆبکرێتەوە .

خۆ ئەگەر دەویسترێ بکرێتە بەهانە بۆ خستنەوەی درزی زیاترو لێکترازانی زیاتر لەناو ماڵی کورددا کە نابێ (کوردی دڵسۆز !) ئەمە بکا ، ئەوا با هەریەکەمان بەئارەزوی خۆی قسەی تێ فڕێدا !

قسەی دروست لەوبارەیەوە ئەمەیە :

ئەوانە کەوتونەتە دوای یۆتۆپیای (ئوممەی ئیسلامی) و لەخەیاڵی بنیاتنانەوەی خیلافەتی ئیسلامیدان !

## پرسیارگەلێک کە دەبێ لەوان بکرێن ئەمانەن :

- ئوممەی ئیسلامی لەکێ پێکدێنن ؟ کورد ؟ عەرەب ؟ تورک ؟ فارس ؟ بەلوچ ؟

با بڵێین لەموسوڵمانان بەگشتی !

- ئەی ئەگەر زۆرینەی گەلەکەی ئەوان (کورد) دوای یۆتۆپیاکەی ئەوان نەکەوتن و دوای گوتارگەلێکی تری سیاسی کەوتن ، وەکچۆن لەئێستادا زۆرینەی گەلانیتری موسوڵمان (عەرەب ، تورک ، فارس ،

بەلوچ و ... هتد) نەکەوتونەتە دوای ئەو یۆتۆپیایەو کەوتونەتە دوای گوتارگەلی تری سیاسی ؟

- شیاوە لەگەشەپێدانی کۆمەڵگەیەکی راستەقینەدا (کۆمەڵگەی کوردی) کە لەسەر زەوی جێگەو پێگەی تایبەتیی هەیە ، بەشداری نەکەن ، یان بەئاراستەی پێچەوانە (بەلای خۆدا کێشکردن کە رەنگە لەکۆتاییدا تەنها لێکترازانی کۆمەڵگەی لێبکەوێتەوە) بەشداری بکەن ، گوایە بەهیوای بنیاتنانی ئوممەی ئیسلامی و خیلافەتی ئیسلامین کە لەم سەردەمەدا تەنها لەخەیاڵداندا مانایان ماوە ؟

- ئیسلامیان بۆ کورد دەوێ ، یان کوردیان بۆ ئیسلام دەوێ ؟

ئەگەر ئیسلامیان بۆ کورد دەوێ نەک بەپێچەوانەوە ئەوا دەبێ رێگا نەدەن بەبیانوی بەرزکردنەوەی دروشمگەلی وەکو (ئوممەی ئیسلامی ، خیلافەتی ئیسلامی ، و ... هتد) گەلی کورد لەت و پەت ببێ ، گوتارێکی سیاسیی نایەکانگیری هەبێ ، هەلومەرجێکی سیاسی - کۆمەلایەتیی وەها لەنیشتیمانەکەیدا (کوردستان) زاڵبێ کە تا سەر رێگربێ لەوەی دەرفەتی رزگاریی نیشتیمانیی بۆ بڕەخسێ !

- خۆ ئەگەر کوردیان بۆ ئیسلام دەوێ ئەوە باشترە دەست هەڵگرن :

## گەلی کوردو نیشتیمانە لەت و پەتەکەی بەرگەی کێشمەکێش و لێکترازانی زیاتر ناگرن !

جگە لەوە :-

دەبێ بزانن :

نە لەسەڵاحەددینی ئەییوبی زیاتریان پێدەکرێ بۆ ئیسلام ، نە بەقەدەر ئەویشیان پێدەکرێ بۆ ئێستاو داهاتوی کورد :

## کوا جێدەستی سەڵاحەددین بەسەر ژیانی گەلی کوردەوە ؟

## کوا رێزو پێگەکەی لەویژدانی عەرەب و موسوڵمانانندا ؟

ئەگەر سەڵاحەددین زیندوە لەویژدانی موسوڵمانانی غەیرە کورددا ، بۆچی ئەو موسوڵمانانە کە ئەمڕۆ زۆربەیان دەسەڵاتدارو پاشاو میرو حاکمن ، هەر لەبەر خاتریی سەڵاحەدین ، شتێکیان نەکرد بۆ رزگاریی گەلی کوردو نیشتیمانەکەی ؟ ئێستا نایکەن لەبەرئەوەی زۆرینەی گەلی کورد کەوتۆتە دوای گوتارێکی سیاسیی نائیسلامی ، لەهەشتا نەوەت ساڵی رابردودا بۆ نەیانکرد ؟

بەکورتی :-

ئیختیاری هەرەباش ئەمەیە :

عەقیدەیەکی سیاسی (ئایدیۆلۆجی) دەست نەدا (لەبەر هەر هۆکارێک) بەشداریی لەبنیاتنانی نیشتیمان و

یەکخستنی گەلەکەماندا پێبکەین ، بەشداریی لەلێکترازاندن و پارچە پارچەترکردنیدا پێنەکەین .. بڕۆین (لەئەوروپابێ یان لەئەمریکا ، یاخود لەخەلیجی عەرەبی) ، کۆمەڵگەی دڵخوازی خۆمان بدۆزینەوە ، لەوێ بۆ ئایدیۆلۆجیای خۆمان بژیین ، لەگەڵ خەڵکانێک کە وەکو ئێمە بۆ ئەو ئایدیۆلۆجیاو عەقیدەیە دەژین !

دەبێ بزانین :

هیچ کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ ، لەژێر سەقفی ئایدیۆلۆجیاو عەقائیددا هەڵناکا ، هەر کەس و جەماعەتێ بیەوێ ئەوەی لەگەڵ بکا ئەوە قەسدی خەساندنی دەکاو بۆیشی ناچێتە سەر ، مافی ئەوەشی نییە بیکا جا بیانوەکەی دینیبێ یان دنیایی !

................

16 یۆیۆ

# بۆ تۆی کوردی ئەردۆغانی لەکوردستانی باشور

سیاسەت دین نییە داوا بکەی (بەپێی ئەو) لەئاستی هەمو روداوێکی وەکو یەکدا لەهەر شوێنێک (بۆ نمونە لەئاستی کودەتایەک لەبەغداو کودەتایەک لەتاران و کودەتایەک لەئەنقەرە) هەڵوێستی خەڵک وەکو یەکبێت:-

کودەتای بەغدایان بەلاوە ناپەسەندبو ئەوا کودەتای تاران و ئەنقەرەشیان بەلاوە ناپەسەندبێ !

پێتوابێ ئەگەر وەها نەبێ ئەوا خەڵک دوڕو و کاڵفام و بیرکۆڵن !

خەڵکی کوردستان ، بەتایبەتی خەڵکی هەرێمی باشور ، کاڵفام و دوڕو و بیرکۆڵ نین ئەگەر تا دوێنێشەو دژی کودەتابوبن لەهەر جێیەک ، بەڵام دوێنێشەو هیواداربوبن کودەتای تورکیا سەربگرێ ، تەنانەت ئەگەر هەر لەپێناوی سازبونی کودەتاو ئاژاوەشدابوبێ لەو وڵاتەدا !

پێویست ناکا لۆمەی خەڵکی کوردستان بکرێ کە : بۆچی دژی کودەتابون لەفڵانەجێ و لەگەڵ کودەتان لەفڵانەجێ !

ئەردۆغان ، سەڵەهای ساڵە بەنەوتی دزراوی وڵاتانی دراوسێی ، خەریکی پارە کەڵەکەکردنە ، هەمو دەست و دیاریەکەشی لەخێروبێری ئەو بازرگانییە مافیاییە بۆ کوردەکەی بندەستی بریتی بوە لەکوشتن و بڕین و وێرانکاریی زیاتر !

کورد بۆچی دڵخۆشبێ بەپایەداریی ئەردۆغان ؟!

بۆچی پێی خۆشبێ ئاگر لەکۆشک و دەسەڵات و تەخت و بەختی بەر نەبێ ؟

بۆچی حەز نەکا ئەو دابەشبون و ماڵوێرانی و نەسازاوییەی روی لەوڵاتانێک و گەلانێکی تەنیشتی تورکیا کردوە (کە بەشی هەرە زۆری بەفیتی ئەردۆغان و هاوسۆزەکانی ئێرەو ئەوێی بوە) تورکیا نەگرێتەوە ؟

هیچ گومانی تێدا نییە کە :

زۆر ئاساییە بۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی و هەرێمی باشور بەتایبەتی ، کودەتاو لەکودەتا خراپتر بۆ

تورکیا بەئاوات بخوازن و تەئیدی بکەن (هەرچەند ئەوسەری مەسەلەکەشیان بەڕونی لێوە دیار نەبێ) ، بەڵام بۆ شوێنێکی تری نەخوازن و تەئیدی نەکەن (بەو جۆرەی کە بەرژەوەندیی قەومییان ، یان شعوری قەومییان بەسەریانیدا دەسەپێنێ) !

بۆچی ئاسایيە چەند سەد ساڵە فەرمانڕەوایانی دراوسێی کوردستان ڕێگری لەدروستبون و گەشەکردنی میللەتی کورد دەکەن و فیتنەیی لەنێوانیدا بەرپا دەکەن ، بۆچی ئاسایی نییە خەڵکی کوردسان حەز بەشێواویی ناو ماڵی ئەوانی فەرمانڕەوای جینایەتکار بکەن ؟

جا ئێستا کوردی ئەردۆغانی ئەگەر بەئاشکراش نەیڵێن ڕەنگە لەدڵی خۆیاندا بڵێن : کوردی چی و میللەتی چی ؟ کورد نە میللەتەو نەدەبێتە میللەت !

بیری ئەوەیان نەبێ کە : کورد ئەگەر میللەت نییەو هیچی نەبۆتە هیچ ، خاوەنی خەڵکی وەکو ئەوانی ئەردۆغانییە بۆیە ئەوە حاڵیەتی !

خەڵکی کوردستان ، وەکو خەڵکی هەر وڵاتێکی دنیا ، کەم و زۆر شعوری قەومییان هەیە دەیانجوڵێنێ ، کەم و زۆر زاکیرەی مێژوییان هەیە دەیانئێشێنێ ، لەبەرئەوەیە وەکو کوردانی ئەردۆغانی ، پایەداری بۆ ئەردۆغان بەئاوات ناخوازن ، بەڵکو هەڵوەشانەوەی وڵاکەی و رژێمە سیاسیەکەی بەئاوات دەخوازن .

کوردانی نائەردۆغانی ئەگەر هەر بەعاتیفەی روتی قەومیش (نەک بەعەقڵ) هەڵوێستیان لەبارەی روداوەکانی ئێستای ناو تورکیاوە وەرگرتبێ ، لەو کوردە ئەردۆغانیانە مەنتقیتر بیریان کردۆتەوە کە بەعاتیفەی دینی بەڵام لەپاڵ ئیددیعای عەقڵانیبون و بیرتیژیی سیاسیدا پایەداریی ئەردۆغانیان بەئاوات خواست و پاساو دا!

...............

15 یۆیۆ

# فریادڕەس باڵی شکاوە !

تیرۆرو دڵەڕاوکێ و ئاڵوگۆڕی سیاسیی خێرا ، بەجارێ مرۆڤی هوشیارو مرۆڤی بەرپرسیان لەهەمو جێیەکی سەر ئەم زەوییە تەنگەتاو کردوە ، بەمرۆڤی لای خۆیشمانەوە ، بەڵام هی لای خۆمان کەمتر !

با وەکو مرۆڤێکی ئاگاو بەرپرس ، پرسیارێکی سادە لەبارەی دۆخی ئێستای هەرێمەکەمانەوە بکەین :

-بۆچی ؟ نوخبەی سیاسی و دەسەڵاتدار ، رێک ناکەون کۆتایی بەم دۆخە خراپەی هەرێم بهێنن ، بەتایبەتی لەم هەلومەرجە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە ئیستیسنائییەدا ؟

-ئایا ؟ پەک لەبەهانە کەوتوە بۆ سازان و رێککەوتن ؟

با بڵێین کێشەی نێوان نوخبەی سیاسی و دەسەڵاتدار لەهەرێمی کوردستان ، دەستاودەستنەکردنی دەسەڵات خولْقاندویەتی !

باشە : دەستاودەستکردنی دەسەڵات ، بۆ ؟ بۆ باشکردنی ژیانی خەڵکی هەرێم ؟ یان بۆ بێئۆقرەکردن و گرفتارکردنی خەڵکی هەرێم ؟ بێگومان : بۆ باشکردنی ژیانی خەڵکی هەرێم !

ئەی (ئەگەر !) هەر زانرا دەستاودەستکردنی دەسەڵات (نامومکینە !) ، ناکرێ بیر لەوە بکرێتەوە : لانیکەم خەڵک لەگرفتاری و بێئۆقرەیی بەدور بگیرێ و تەرکیز بخرێتە سەر ئەوەلای کارەکە ؟ ناکرێ کار بەپرەنسیپە سادەکەی لای خۆمان بکرێ (زەرەر لەنیوەی بگەڕێتەوە !) ؟ ناکرێ ئیتر دەست لەو (نێرە بیدۆشە) یە هەڵبگیرێ ؟ هەڵپە هەڵپ و خۆماندوکردنەکە بخرێتە پێناوی بەدەستهێنانی ئەوەی کە مومکینە بتوانرێ بەدەست بهێنرێ ، نەک بکرێتە بەهانە بۆ لەدەستدانی ئەو تۆزە دەستکەوتەشی کە توانرابو تا ئەو دواییانە دەستی پێوە بگیرێ ؟

با نمونە بهێنینەوە :

-گریمان پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئێستا روی رەخنەی هەموان (بەمنیشەوە) لەوە ، بەربەستە لەڕێی گەشەسەندنی پرۆسەی سیاسی لەهەرێمدا ، نەخێر ، گریمان پارتی دیموکراتی کوردستان کێشەیەکی قوڵەو ئاوقەی خەڵکی هەرێمی کوردستان بوە !

-بۆچی هەوڵ نەدرێ خۆ لەگەڵ ئەو (بەربەست یان کێشە) یەدا بسازێنرێ و کۆمەڵگەی بەکەمترین زیان و زۆرترین سودی مومکین لێ بپەڕێنرێتەوە ؟

-نەخێر ، گریمان پارتی دیموکراتی کوردستان زەرورەتێکی مێژویی گرنگە بۆ پەڕاندنەوەی خەڵکی هەرێم لەدۆخی دیلی و ژێردەستەییەوە بەرەو سەربەخۆیی و رزگاریی یەکجاری .

-بۆچی لەپێناوی باڵادەستیی ئەم پارتەدا ، ئۆقرە لەخەڵکی هەرێم هەڵبگیرێ و ئەو هەمو موخاتەرەیە بەژیانیانەوە بکرێ کە ئێستا دەکرێ ؟

-گریمان بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ، کێشەی هەرە گەورەو راستەقینەی خەڵکی هەرێمن و بونەتە بەڵا لەڕێی گەشەسەندنی وڵاتدا .

-نەخێر : گریمان تاقە فریادڕەسی گەل یەکێتی و گۆڕانن .

-دەکرێ ؟ بەبیانوی لەکۆڵکردنەوەی هەر بەلایەک لەو بەڵایانە (پارتی ، یەکێتی ، گۆڕان) ، یان بەبیانوی دەستبەباڵەوەگرتن و هێشتنەوەی هەر فریادڕەسێ لەو فریادڕەسانە کە بەحساب هەریەک لەوان موجەڕەد ئامرازن بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی خەڵک ، بەتەواوی شوڵی لێهەڵبماڵرێ و ئەوەندە رۆژو مانگ و هەفتە ، خەڵکی هەرێم لەدڵەڕاوکێ ، تەنگەتاوی ، بێحکومەتی و بێپەرلەمانی و بێقانونی و بێموچەییدا رابگیرێن ؟

-با دیموکراتیەکەمان عەیارە بیست و چوار نەبێ ، سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت (هەر کەس هەن و هەر کەس دەبن) تەنانەت پازدە ساڵ جارێکیش دەستاودەستی دەسەڵات لەگەڵ کەسی دوای خۆیاندا نەکەن (کە نەیکەن و مومکین نەبێ ناچار بکرێن بیکەن ، چار چییە ؟) ، بەڵام بۆچی سەرۆکەکان رێگە بدەن گەندەڵی ، ژیان لەخەڵکی وڵات تاڵ بکاو ئەزمونەکە بەیەکجاری کۆتایی پێ بێت ؟

-با ئۆپۆزسیۆن (هەر لایەنێکە یان هەر لایەنێک دەبێ) بەڵاو خۆرەبێ و دابێتیە پرۆسەی سیاسی ، بەڵام بۆچی خۆی لەگەڵ نەسازێنرێ (کە مومکین نەبێ بەشێوەیتر لەکۆڵ بکرێتەوە) ؟

-بۆچی رێک ناکەون ؟

-چاوەڕوانی چین ؟ هەلومەرجێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیی لەمە خراپتر کە لەقوڵایی ناخەوە بتانترسێنێ و سەرتان پێ بخزێنێتە بنڕانی یەکتر ؟

..................

11 یۆلیۆ

# مەترسیی کوردانی شوێنکەوتوی ئوممەی ئیسلامی لەسەر خەباتی خەڵکی کوردستان

بەشێک لەموسوڵمانانی کوردی ئیسلامی (بەسوننەگەرو شیعەگەریانەوە) ، بەتایبەتی کەسە دیارەکانیان و رابەرانیان ، لەخەیاڵی تێکۆشان بۆ ئەوەدا نین کە دەبێ : ئیش بکرێ بۆ بەدەوڵەتکردنی نیشتیمانی کورد (کوردستان) و پێکهێنانی گەل (شعب) ێکی نوێ لەنەتەوەی کوردو پێکهاتەگەلی دیکەی ناو ئەو نیشتیمانە (کوردستان) ، شتی وا لەبیری سیاسیی ئەواندا هەر جێیش نەکراوەتەوە ، بەعەیبەو کاری نەکردەی دەزانن ئامانجێکی سیاسیی نەتەوەییانەی لەو چەشنە بنێنە بەر خۆیان ، بەهەنگاونانێکی خراپی دەدەنە قەڵەم بەرەو پەرتەوازەکردنی ئوممەی ئیسلامی .

ئەوان بۆ ئەوە تێدەکۆشن دەست بەو دەستکەوتانەوە بگیرێ کە وەکو دەستکەوتی چەسپاوی ئوممەی ئیسلامی دەدرێنە قەڵەم ، هەنگاوێک نانێن کە لەلایەن رابەرانی ناکوردی ئوممەی ئیسلامییەوە رەخنە بێنێتە سەریان و بەپێهەڵگرتن بەرەو بیری نەتەوەیی لەسەریان حساب بکرێ .

خەباتی کەسانێک و رێکخراوانێکی موسوڵمانانێکی کوردی ئیسلامی (سوننەگەر) بۆ پتەوترکردنی دەسەڵاتی ئاکپارتییە لەتورکیا ، (شیعەگەر) بۆ پتەوترکردنی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهو زەعامەتی ئایەتوڵڵاکانە لەئێران ، هی هەردولایان بۆ بنیاتنانەوەی سوریایەکی یەکپارچەو عێراقێکی یەکپارچەیە (بەتام و بۆنی تورکیای ئاکپارتی و ئەردۆغان - بەپێی خواستی دڵی سوننەگەرەکانیان) و (بەتام و بۆنی ویلایەتی فەقیهی خامەنەیی و سوریای حافزو بەشار ئەسەد - بەپێی خواستی دڵی شیعەگەرەکانیان) .

جوڵانەوە سیاسییە ئیسلامییە غەیرە عەرەبیەکانی هەر شوێنێکی دنیا ، لەناویشیاندا جوڵانەوەی سیاسیی موسوڵمانە ئیسلامیەکانی کورد لەهەر پارچەیەکی کوردستان (چ شیعەگەریان چ سوننەگەریان) بەزۆری لەلایەن میرو پاشای عەرەب و داعییەی عەرەبەوە ، یان لەلایەن گەورە مەرجەعانی شیعەوە لەقوم و نەجەف ، ئامانجی خەباتیان بۆ دیاری دەکرێ (بەسەردا دەسەپێنرێ) .

زۆربەی ئەو جوڵانەوە ئیسلامییە سیاسییانە ، تەنانەت هەندێک لەوانەشیان کە لەبەرگی رێکخراوی خێرخوازدا (نەک لەبەرگی حیزبدا) لەناو نەتەوە چەوساوەکانی وەکو نەتەوەی کورددا هەڵدەکەون ، هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی ، بەپارەو توانای سیاسیی میرو گزیرو داعییەی خەلیجی ، یان بەپوڵ و توانای سیاسیی گەورە مەرجەعانی شیعە لەقوم و نەجەف ، دروست دەبن و دەبرێن بەرێوە ، بۆیە لەدیاریکردنی

ئامانجی خەباتدا ئازاد نین ، دەستبەستراو و پابەندن بەو بنەمایانەوە کە لەسەرەتاوە بۆیان دیاریکراوە .

بێگومان دوڕویی و خەتەرناکی و بێپێوەرییەکی زەق لەئیشکردنی ئەو هەندە کوردە موسوڵمانە ئیسلامیانەدا هەیە !

تەماشا :

سوننەگەرانی کوردی ناو ئەو هەندە کوردە موسوڵمانە ئیسلامیانە ، ئامادەن هەرچی فەرق و جیاوازیی (فیکری - سیاسی) هەیە لەنێوانی خۆیان و نوخبەی سیاسیی فرەئاراستەی ناو کۆمەڵگەی تورکیدا وەلاوەی بنێن و نادیدەی بگرن ، خۆ تەرخانکەن بۆ پشتیوانیکردنی دەوڵەتی تورک تەنها لەپێناوی تۆکمەترکردنی دەسەڵاتی ئەردۆغان و ئاکپارتیدا (هەرچەندە تورکیا ، هەمەجۆر خەڵک ، رەوشت ، حیزب و رێکخراو و بیروڕای سیاسیی تێدا کۆبۆتەوە ، هەر لەتورکانی نەژادپەرستەوە بیگرە بۆ تورکی سیکولار ، تورکی عەسکەرتاری شەو تا بەیانی ویسکیخۆرو مێباز ، تورکی هاوڕەگەزباز ، تورکی داعشی) ، بەڵام ئەو هەندە کوردە موسوڵمانە سوننەگەرە ، هەمو ئەو جیاوازیانەی نێوان خۆیان و کۆمەڵگەی تورکی دەخەنە لاوە ، رێگە بەخۆیان نادەن (راستیەکەی رێگەیان پێنادرێ) بڵێن : ئێمەی ئیسلامی و کۆمەڵگەی تورکیی هەمەجۆر رەوشت و هەمەجۆر عەقیدەی سیاسی ، پێکناگەینەوە ، دانومان پێکەوە دروست نابێ !

ناڵێن : ئێمەو جەهەپەو مەهەپە پێکناخۆین ، هاوبیر نیین بۆیەش هاوخەبات نابین !

ناڵێن : ئێمەو ئەوان نابێ پێکەوە لەخزمەتی یەک تورکیادا هاوسەنگەری بکەین (تورکیای وڵاتی سیاحەت و هەزارەها شوێنی سیاحیی ناشەرعی) !

دەڵێن : پێویستە هەموان پێکەوە دەستمان بەباڵی رژێمی ئەنقەرەوەبێ ، کاڵای تورکی بکڕین و بەکار ببەین ، گەشتە سیاحیەکانمان بۆ تورکیا زۆرترو چڕوپڕتر بکەینەوە ، نەهێڵین لەژێر باری سزا ئابوریەکانی روسیا بۆ سەر تورکیا ، ئەنقەرە بەچۆکدابێ !

بەڵام بۆ وڵاتی راستەقینەی خۆیان و لەناو کۆمەڵگەی راستەقینەی خۆیاندا بەو جۆرە نین !

ئەگەر قسە بێتە سەر یەکێتیی نەتەوەیی کورد ، چەندین جۆر بیانو دەدۆزنەوە بۆ خۆلێدزینەوەی (هەر لەبیانوی جیاوازیی ئایدیۆلۆجییەوە بیگرە هەتا دەگاتە بیانوی جیاوازی لەئالییەت و شێوازی خەبات و پێگەی تایبەتی و هیدیکە) !

زۆر راشکاوانە دەڵێن : ئێمەو پەکەکەو هەدەپە ، لەکوردستانی باکور ، ئێمەو پەیەدە لەکوردستانی رۆژئاوا ، ئێمەو یەکێتی و گۆڕان لەکوردستانی باشور ، ئێمەو کومەڵەو دیموکرات و پژاک لەکوردستانی رۆژهەڵات ، جیاوازیی قوڵی بنەڕەتی لەبیرکردنەوەماندا هەیە ، بۆیە ناکرێ داوامان لێبکەن ئێمە هاوئامانج و هاسەنگەری ئەوانبین ، وەکو ئەوان لۆکاڵی و کوردستانی بین ، ئێمە لەوە گەورەترین ، ئەوەی ئێوەومانانی نەتەوەیی و محەلی لەئێمەی داوا دەکەن بچوکبونەوەو خۆنزمکردنەوەو هاتنەخوارەوەیە لەو پێگە نێودەوڵەتییە باڵایەی بەدەستمان هێناوە !

نابێ پێیان بڵێین : پێکەوە لەگەڵ کوردستانیانیتر لەکوردستاندا ، جیاوازییە ئایدیۆلۆژی و عەقائیدیەکانتان بخەنە لاوە (بەو جۆرەی کە توانیوتانە لەناو تورکیایەکی گەورەو گرانی پڕ لەفەسادی ئەخلاقیدا بیخەنە لاوە) ، پێکەوە خۆ تەرخانکەن بۆ سەربەخۆیی شارو گوندی کوردستان ، بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی ، بۆ پێکهێنان و دروستکردنی گەلی کوردستان لەنەتەوەی کوردو پێکهاتە نەتەوەییەکانیتر بەشوناسێکی فرەڕەنگی ئینسانییەوە ، لەجیاتیی هەوڵدان بۆ تۆکمەترکردنی پێگەی ئیقلیمی - نێودەوڵەتیی تورکیای نەژادپەرست و پاراستنی شوناسی بەزۆر دروستکراو و بەزۆر سەپێنراوی گەلی تورکیا ، یان لەجیاتیی هەوڵدان بۆ دروستکردنی سوریایەکی سوننیی یەکپارچەو شوناسێکی بەزۆر سازێنراوی یەکڕەنگ بۆ گەلی سوریا ، یان عێراق و گەلی عێراق .

موسوڵمانانی کوردی سوننەگەری ئیسلامی ، کاتێ بەتوندی خۆ تەرخان دەکەن بۆ پاراستنی یەکڕیزیی کۆمەڵگەی تورکی و سیستمە سیاسییە حاکمەکەی ، هیچ کام لەو جۆرە جیاوازیانەیان بەبیر نامێنێ کە لەنێوان خۆیان و حیزبی تورکیی نەژادپەرست ، خۆیان و حیزبی تورکیی سیکولار (هەرچەند ئەمانیش هەر نەژادپەرستی بنەمای سەرەکییانە) لەئارادان ، تەنها ئەوەندەیان بەسە چاوی ئاکپارتی و ئەردۆغانیان لێوە دیاربێ بۆ ئەوەی وەکو هەر تورکێکی تورکچیی عەیارە بەرز خۆ لەخاک و خۆڵی تورکیا هەڵژەنن و ببنە فیدای یەکپارچەیی خۆی و گەلەکەی ، چونکە پێیان وایە (یان وایان پێگوتراوە) تورکیاو گەلەکەی بەشێکن لەدەسکەوتە چەسپاوەکانی ئوممەی ئیسلامی ، ناکرێ دەسکەوتێکی چەسپاو موخاتەرەی پێوە بکرێ لەپێناوی دەسکەوتێکی موحتەمەلی وەکو (دەوڵەتی کوردی و گەلی کوردستان) دا !

موسوڵمانانی کوردی شیعەگەریش هەر بەو جۆرەن ، بگرە خراپتریشن !

ئەمە مەترسییەکی گەورەیە لەسەر خەڵک و خاکی کوردستان کە ئایین سەرچاوەیەتی ، وەکچۆن ئایین سەرچاوەی هەڵتۆقینی داعشیشە ، بۆیە دەبێ تەحریم و تەجریم بکرێ ، بۆ ئەوەش (بەپلەی یەکەم) دەبێ هەر لەناو دامەزراوەی ئایینی و لەڕیزی پیاوانی عاقڵی ئایینیدا پیاوی نیشتیمانپەروەری گەلیخۆویست بدۆزرێتەوە ئەرکی ڕەواییدان بەو تەحریم و تەجریمە بگرێتە ئەستۆ .

..................

# عەرەبچێتیی کوردانی موسوڵمان

(ئەم وتارە یەکەمجار بەعەرەبی نوسیومە ، لەسایتی حركة مصر المدنية بڵاو بۆتەوە ، بەبۆنەی گفتوگۆی ئیسلامی - قەومیی ئەم ماوەیەی ناو فەیسبوکەوە کردم بەکوردی).

عەرەبچێتیی کوردانی موسوڵمانی ئیسلامی ، لەعەرەبچێتیی عەرەب و عەرەبچێتیی موسوڵمانانی دیکەی ئیسلامی جاوازە ، بەڵام جیاوازییەکی بچوک .

عەرەبچێتیی عەرەب ، تایەفەگەری شێواندویەتی ، بگرە تێکی شکاندوە ، کردویەتی بە دو دانە گوتاری لێکهەڵبەزیوەوە ، سوننەگەرەکان شانیان داوەتە ژێر یەکێکیان ، شیعەگەرەکانیش شانیان داوەتە ژێر ئەوی تریان .

عەرەبە شیعەگەرەکان بەجارێ تەسلیمی سیاسەتی ئێستای فارسەکان بون کە لەشیعەگەریدا بەرجەستە بوە ، گوتاری نەتەوەیی خۆیانیان موتوربە کردوە لەگوتاری نەتەوەیی فارسەکان ، بگرە لەبۆتەی گوتاری فارسەکاندا تواندویانەتەوە ، هەمو عەرەبێکی نا شیعە بەدوژمن دەدەنە ئەژمار (دوژمنی راستی بێت یان دوژمنی گریمانەیی) ، هەزار جار فەزڵی ئێرانییەکی شیعەگەر دەدەن بەسەریدا .

عەرەبە سوننەگەرەکانیش بەجارێ تەسلیمی سیاسەتی سعودییە بون کە لەوەهابییەتدا بەرجەستە بوە ، روانگەی سیاسیی خۆیانیان داماڵیوە لەهەر بیروبۆچونێک کە سەر بەئاسمان نەبێ (دروستتر : ئاسمانی سعودییە) ، هەمو عەرەبێکی شیعە بەلادەرو خیانەتکار دەدەنە ئەژمار کە دەبێ بپلیشێنرێتەوەو تیابرێ ، یان پەراوێز بخرێ ئەگەر بژاردەی تیابردن و کوشتن هەمو کاتێ مومکینبێ و پەراوێزخستنەکە نەبێتە هۆی لەکیسدانی .

بەئاستەم هەندێ عەرەب لەدەرەوەی ئەو دو بازنەیە (بازنەی شیعەگەری و سوننەگەری) دەمێننەوە کەسەر بەعەرەبچێتییە بنەڕەتیەکەن ، ئەو عەرەبچێتییەی کە لەبنیاتنانی گوتاری سیاسی - کۆمەڵایەتیی خۆیدا پشت دەبەستێ بەبنەماگەلێکی نەتەوەیی نائایینی (وەک / زمانی هاوبەش ، نیشتیمانی هاوبەش ، مێژو و بەرژەوەندیی هاوبەش) ، لەپاڵ دەستگرتن بەدۆزی فەلەستینەوە وەکو سیمایەکی ئاشکرای هەمو جۆرە عەرەبچێتییەکان پێکەوە .

ئەم برە کەمە عەرەبە بەرماوەیە (وەک دو تایەفە عەرەبەکەیتر : شیعەو سوننە) زۆر شتیان نوقسانە

لەڕوی دنیابینی و قوڵایی فیکرییەوە ، لەسەرەتاوە تا ئێستا گرفتاری چەندین دژیەکیی فیکریی زەقن کە بونەتە هۆی گۆشەگیرکەوتن و دابڕان و پیشخواردنەوەیان لەبۆتەی خۆیان و مانەوەیان لەچاوەڕوانیی چارەنوسێکی ئازاربەخشدا ، دور لەهەر شتێ کە پەلکێشیان بکاتە ناو هەر گفتوگۆیەکی فیکری کە ڕەنگە ئێشیان پێبگەیەنێ بەڵام یارمەتییان بدا لەڕاستکردنەوەی ڕەوتەکەیاندا ، بۆیە کاتێ (بۆ نمونە) کوردێک لەڕێی کۆمێنتێکەوە لەژێر نوسینێکدا بەگیریان دێنێ و داوای وەڵامیان لێدەکا لەبارەی مافی کوردەوە بۆ دروستکردنی دەوڵەت (وەک هەر گەلێکیتر لەناویاندا گەلی عەرەب) ، بگرە لەبارەی ژیانی پێکەوەییەوە لەچوارچێوەی یەکێتیەکی فیدراڵی و کۆنفیدراڵیدا لەپاڵ گەلی عەرەب لەعێراق و سوریا (تەنانەت لەپاڵ گەلی تورک و فارس لەتورکیاو ئێران) و پرسینی ئەوەی کە ئایا ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ بیری عەرەبچێتیی ئەواندا دێتەوە ، خێرا هەڵدەکوتنە سەر کۆمێنتەکەو مەحفی دەکەنەوە (دەیسڕنەوە) بەبێ ئەوەی وەڵامی بدەنەوە (وەکو کوردانێکی چاودێر چەندەها جار روداوی لەو جۆرەمان هاتۆتەڕێ) ، وەک بڵێی ئەو پرسیارە پڕکێشی و دەستدرێژیێ بۆسەر عەرەبچێتیەکەی ئەوان ، بڕوایان وایە هەر جموجوڵێکی رزگاریخوازانەی ئەو نەتەوە ناعەرەبانەی لەچوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا کە جڵەوی فەرمانڕەواییان بەدەست عەرەبەوەیە (وەکو : عێراق ، سوریا ، سۆدان ، مەغریب) هەڕەشەیە بۆ سەر شوناسی عەرەب !

بەڵام ئەمە چ شوناسێکە کە لەسەر شوێنەواری هەڵتەکاوی شوناسانێکیتر بنیات نرابێ ؟

ئەمە لەڕاستیدا دژیەکییەکی فیکرییە ، دەبێ چارەسەر بکرێ ، دەنا چۆن دەکرێ بڕوا وابێ شیاوە بۆ گەلێک لەشوێن و سەردەمێکدا ، دەست بەبەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیەوە بگرێ ، بەڵام بۆ گەلێکیتر لەهەمان شوێن و سەردەمدا ، شیاو نییە ئەو کارە بکا ، وێڕای ئەوەی ئەو شوێن (دەوڵەت) ە لەهەمان ئەو سەردەمەدا ، هیچ بنەمایەکی پێکەوە ژیانی لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا تێدا فەراهەم نییە .

ئەم برە کەمە عەرەبەی دەستیان بەعەرەبچێتییە کرۆکەکەوە گرتوە ، هەروەها عەرەبە شیعەگەرو سوننەگەرەکانیش ، نەیانتوانیوەو ناتوانن ببنە فریادڕەسی عەرەبچێتیەکەیان یان عەرەبچێتییە جیاجیاکانیان و لەوەهمێکی پەتی یان وەهمگەلێکی پەتییەوە بیانپەڕێننەوە بەرەو راستییەکی سیاسی - کۆمەڵایەتیی چەسپاو لەسەر زەوی (بگرە راستیگەلێکی لێکجودای سیاسی - کۆمەڵایەتیی پێکەوە هەڵکردوی یەکتر قەبوڵکەر) ئەگەر هەمو پێکەوە خۆ خاوێن نەکەنەوە لەو گوناهانەی دەرهەقی گەلی خۆیان یان گەلانیتر کردویانن ، ئەگەر هەمو گوناهەکان بەیەکجاری فڕێ نەدەنە پشت خۆیانەوەو بۆ هەتا هەتایە دەستبەرداریان نەبن .

ئاخر چ پێویست دەکا دەست بگیرێ بەبیروباوەڕگەلێکی ناکۆک و دژبەیەکەوە کە بەکەڵکی هیچ نایەن بەکەڵکی ناکۆکینانەوەو توندوتیژینانەوەی زۆرتر نەبێ ؟ یان چ پێویست دەکا دەست بەهەڵسوکەوتگەلێکەوە بگیرێ کە رو لەهیچ شوێنێک نین لەگومڕایی و کەنارگرتن نەبێ لەو راستەڕێیەی کۆمەڵگە دەگەیەنێتە بەردەم ژیانێکی رێزدارانەی بینا لەسەر دابەشکردنی ماف و ئەرک لەنێوان پێکهاتە جۆراوجۆرەکانیدا ؟

جا کە حاڵی عەرەبچێتیی خودی عەرەبەکان ئاوەهابێ ، دەبێ حاڵی عەرەبچێتیی کوردانی موسوڵمانی ئیسلامی چۆنبێ (مەبەستمان کوردایەتیەکەیانە !) ، یان حاڵی عەرەبچێتیی موسوڵمانانی دیکەی ئیسلامی ؟

با دەست بکەین بەوەڵامدانەوە :

کوردایەتیی کوردانی موسوڵمانی ئیسلامی (بەشیعەگەرو سوننەگەریانەوە) ، وەک عەرەبچێتیەکەی عەرەبە شیعەگەرەکان وەهایە (رێک عەرەبە شیعەگەرەکان نەک عەرەبە سوننەگەرەکان) ، لەسەرەتاوە تا کۆتایی دەڕژێتە خزمەتی عەرەبچێتییەوە ، یان دو عەرەبچێتییە شیعەگەرو سوننەگەرەکەوە ، یان عەرەبچێتییە پێکەوەهەڵنەکردوەکانەوە هەمو ، وەکچۆن عەرەبچێتیی عەرەبە شیعەگەرەکان راستەوخۆو بەئاشکرا دەڕژێتە خزمەتی بەرژەوەندیی سیاسەتی ئێستای فارسەکانەوە .

کوردایەتیی کوردانی موسوڵمانی ئیسلامی کوردایەتی نییە ، عەرەبچێتییە ، کۆپییەکی دەقاو دەقی عەرەبچێتییەکەی خودی موسوڵمانانی عەرەبە (عەرەبچێتییەکی لێکتر هەڵبەزاوەو پێکەوە هەڵنەکردو) .

دروست وەک ئەوەی لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا بەرچاوە : کوردایەتیی موسوڵمانانی کوردی سوننەگەر ، پڕ هەژمونترو سنگدەرپەڕیوترە تا کوردایەتیی موسوڵمانانی کوردی شیعەگەر ، چونکە موسوڵمانانی کوردی شیعەگەر ، وەکو موسوڵمانانی عەرەبی شیعەگەر ، کەمینەن لەکۆمەڵگەدا ، جگەلەوە دودڵی نانوێنن لەدەربڕینی هاوسۆزی و پشتگیریی شێلگیرانەی خۆیاندا بۆ سیاسەتی شیعەگەرانەی ئێران ، ئەمە بواری بۆ نەهێشتونەتەوە بۆ خۆنواندن بەگیانی نەتەوەییەوە .

سەیر لەخۆنواندنی کوردانی موسوڵمانی سوننگەردایە بەکوردایەتیەکەیانەوە ، دروست وەک خۆبادانی موسوڵمانانی عەرەبی سوننەگەر بەعەرەبچێتیی خۆیانەوە !

بەڵام لەڕاستیدا هەردو لایان (کوردانی سوننەگەرو عەرەبی سوننەگەر) رو لەئاقاری عەرەبچێتییەکی شەلی تاکقاچن کە پێویست ناکا لەبارەی نرخ و بەهایەوە بدوێین چونکە پێشر کە باسی عەرەبچێتیی موسوڵمانانی عەرەبی سوننەگەرمان کرد لەو بارەیەوە دواین (بەشێوەیەکی لابەلاییش بوبێ) .

دوای ئەو قسانەی سەرەوە دەگەینە ئەم ئەنجامە :

ئایین پایەیەک نییە لەپایەکانی گەل (پێش ئێمە کەسانێکی زۆر بەم ئەنجامە گەیشتون) ، بەڵکو هۆکارێکە لەهۆکارەکانی پەرتەوازەکردنی گەل ، دروست وەکو (نایەکسانی ، هەژاری ، نەخوێندەواری ، دیکتاتۆری) .

دەستگرتن بەفیکری نەتەوەیی شۆڤێنیانەشەوە هەروەها .

.............

8 یۆلیۆ

# پێشنیارێکی جددی : هەرێم بخەینە ژێر سەرپەرشتیی بەریتانیا

میدیاو میدیاکاری هەرچی حیزب لەهەرێمی کوردستاندا هەیە ، رۆژ تا ئێوارە (بەتایبەتی لەم ماوەیەدا) خەریکی موقابەلەی ئەم و ئەو و خەڵەفاندنی خەڵکن ، دەیهێنن و دەیبەن تەنها یەک پرسیاریان هەیە :

-چارەسەرێکی باش بۆ کۆتاییهێنان بەناکۆکییە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان ، کامەیە ؟

وا من لای خۆمەوە وەڵامم دەسخست :

حیزبەکان هەر هەمو ، ئەوانەیان کە لەحکومەت و پەرلەمان بەشدارن و ئەوانەشیان کە بەشدار نین ، پێکەوە ، بەیەکجار ، دەست لەبەرۆکی خەڵکی هەرێمی کوردستان هەڵگرن ، دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و بڕیارسازی لەهەرێمەکەدا رادەستی بەریتانیا ، یان ئەمریکا ، یان هەر لایەنێکیتری نێودەوڵەتی بکەن ، با دەسەڵاتدارانێکی رۆژئاوایی ، بەڕاوێژ لەگەڵ دامودەزگا ستراتیژیەکانی خۆیان ، هەندێ فەرمانبەر لەناو خۆماندا پەیدا بکەن ، بیانکەنە شەریکی خۆیان ، پێکەوە بەهەردو لا (بیانیەکان و فەرمانبەرە خۆوڵاتیەکان : بیانیەکان بەچاودێریکردن و سەرپەرشتیکردن ، خۆوڵاتیەکانیش بەجێبەجێکردنی ئەرک و وەزیفە لەژێر چاودێریی بیانیەکاندا) وەزیفە باڵاکانی هەرێم (ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتیەکەی ، پەرلەمان و سەرۆکایەتیەکەی ، ئەنجومەنی قەضاو سەرۆکایەتیەکەی) بەڕێوە ببەن ، بۆ ماوەی دە - پازدە ساڵێک بەو شێوەیە بڕوا ، تا سەرکردە موخەزرەمە ناکۆکەکان بەیەکجاری بارگە دەپێچنەوەو ئۆغری بێگەڕانەوە دەفەرمون ، ئەوسا ئەگەر خەڵکی کوردستان و نوخبە سیاسییەکەی دوای نوخبە موخەزرەمە نەکڵۆکەکەی ئێستا ، ئەوەندە ئاگاییان پەیدا کردبو بتوانن وەکو بەشەر هەرێمەکە بەڕێوە ببەن ، کۆتایی بەو شێوە حکومڕانییە ئینتیدابییە بهێنرێ .

پێشنیارەکەم لەسوعبەت دەچێ ، بەڵام بەڕاستیمە !

................

2 یۆلیۆ

# عومری گوزەشتە

دەگێڕنەوە :

ساڵێکیان دنیا زۆر گەرم بوە ، هاوینێکی ئیجگار جیاواز بەرۆکی سلێمانی و شارەکانی تری مەملەکەتی گرتوە ، بۆ نەگبەتی مانگی رەمەزانیش کەوتۆتە هاوینەوە ، ئیدی خەڵک بەتەواوی گرفتارو بێتاقەت کەوتون بەدەست گەرماو رۆژوەوە .

جا دەڵێن :

لەو ساڵانەدا عادەتی شەوانەبازار لەسلێمانیدا هەر نەبوە ، دوکاندار هەر ئێواران زو دەستیان کردوە بەپێچانەوەی کەلوپەلی ناو دوکانەکانیان ، پاشان دەرابەیان داداوەتەوەو بەرەو کولانەکانیان بونەتەوە هەر یەکەو لەگەڕەکێک (چۆن مریشک هەر زو دەکرێتەوە کولانە ، ئاوەها) .

بەڵام (وەکو دەڵێن) :

بەهۆی ئەوەوە کە دنیا زۆر گەرم بوەو رۆژوەوان بەڕۆژدا نەیانتوانیوە رو لەبازاڕو دوکانان بکەن ، عادەتی شەوانەبازاڕ هاتۆتە ئارا ، رێک لەو ساڵە بەدواوە !

مامە پیرەیەکی دراوسێمان بۆی گێڕامەوە کە خۆی گەنجی ئەو سەردەمە بوە ، وتی :

جا ئەگەر دەزانی لەو شەوانەبازاڕانەدا شار چ رەونەقێکی هەبوە ، خەڵک چ شەوق و زەوقێکیان هەبوە ...

دەیوت :

بەهۆی عەرەبی ئاوارەوە کە لەدەست شەڕی تائیفی شارەکانی خۆیانیان جێهێشتبو بەرەو سلێمانی و هەولێرو کوێ و کوێ ، بازاڕی سلێمانی شەوانە لەهەزار تیرەو تایەفە خەڵکی تێرژاوە : عەرەب ، تورکمان ، کورد (کوردی جۆراوجۆر) ...

جا دەیوت : رەنگە هەولێرو دهۆکیش هەر وەکو سلێمانی وابوبن ، بازاڕیان شەوانە جمەی هاتبێ لەخەڵکی هەمەجۆر .

مامەی دراوسێمان دەیکێشا بەرانە سیسەکانیدا ، دەیوت :

ئای چۆن عومرم بەخەسارچو ، ئای چۆن خۆمم بێبەری کرد لەبینینی ئەو شەوە خۆشانە ، دەخزامەماڵەوە دەبوایە حەکایەتی شار لەتەلەفزیۆنەوە ببیستم ، نەدەچوم هەر بۆ شایەتییەک کە ئەمرۆ بتوانم لەبەردەمی تۆدا بیدەم سەرێک بگرم بەبازاڕدا بزانم ئەوەی دەگێردرێتەوەو دەوترێ چییەو چۆنە !

من خۆم پێموایە مامە پیرە حەتمەن شوێنێکی ئێشاوە وا ئەو هەمو شەوانەبازاڕو کاتە خۆشەی لەکیسی خۆی داوە ، ئیتر سا یان روبعە موچەکەی دەری نەهێناوە شەوانە بازاڕی پێبکا ، یان پێی وا نەبوە کات کاتە ، رۆیشتنی هەیەو گەڕانەوەی نییە ، یان و هەزار یان ...

................

یۆلیۆ

# حەکایەتێکی کۆنتازە کە هەر دەبو بیگێڕمەوە

ساڵێ ، ساڵ و شتێ ، یان ساڵێ کەم شتێ لەمەوبەر ، بەدوای نوسینی کۆنی خۆمدا دەگەڕام لەگۆگڵ ، ناوی خۆمم نوسی (فەرەیدون پێنجوێنی) و گۆگڵم راونا ، کاتێکم زانی لەلینکێکدا ناونیشانێکم کەوتە بەرچاو کە هینی نوسینی من نەبو بەڵام بەناوی منەوەبو ، کردمەوە سەیرم کرد باشبو وێنەی نوسەرە (فەرەیدون پێنجوێنی ناوەکە) یی لەگەڵدا دانرابو ، دڵم ئیسراحەتی کردو نەمگرتە خۆم .

ماوەیەکیتر دوای ئەوە دیسان سێرچێکم کردەوە بەدوای نوسینی خۆمدا ، دیسان هەمان ناونیشانم کەوتەوە بەرچاو بەڵام ئەمجارە لەچەند لینکێکی تریشدا (جگە لەلینکەکەی پێشو کە هەر مابو ، تا ئێستاش هەر ماوە) ، بەڵام کە کردمنەوە بینیم ئەمجارەیان وێنەی نوسەرە (فەرەیدون پێنجوێنی ناوەکە) یان لەگەڵدا دانەنراوە ، نارەحەتی دایگرتم بەڵام لەبیری خۆمم بردەوە بەو بڕوایەوە کە :

خوێنەر خۆی لەم جۆرە مەسەلانە حاڵی دەبێ !

ئەمجارەیان سێرچم کرد ناونیشانی مەقالێکی خۆمم کەوتە بەرچاو بەڵام لەپێگەیەکی ئەلیکترۆنیدا کە من بۆم نەناردبو ، بەر لەوە لەپێگەیەکیتر بڵاوم کردبۆوە ، ئەویش لەوێوە وەری گرتبو و دوبارە بڵاوی کردبۆوە .. بەخۆمم وت کێشە چییە ؟ کابرا بەبابەتێکی باشی زانیوە ، لەپێگەی فڵانەوە وەری گرتوەو لەلای خۆی بڵاوی کردۆتەوە ، چیی تێدایە ؟

بەڵام کاتێ لینکەکەم کردەوە بینیم وێنەی کەسێک کە ئێستاش نازانم کێیە لەگەڵ مەقالەکەدا دانراوە وەکو نوسەر .

دەی هەر گوێم نەدا تا ئێستا ...

بەڵام ئێستا کە بیرم کەوتەوە دە دوازدە ساڵێک بەر لەئێستاش لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا شتێکی وا بەسەر ناوەکەم (فەرەیدون پێنجوێنی) هێنرا ، ئیدی کەوتمە سەر داڵغەی نوسینی ئەم چەند دێڕە :

### چاکتر ! بەڵکو بەم چەند دێرە خۆمم لەبەڵایەک گێڕابێتەوە !

دواتر لینکی هەمو ئەو نوسینانەی لەم چەند دێرەدا ئاماژەم پێداون دەخەمەڕو ، بەڵام نوسینەکەی کوردستانی نوێ لینکی نییە ، دەبێ بەگێڕانەوە بیگێڕمەوە :

زۆربەتان دەزانن ساڵانی پێشو رۆژنامە لەلایەن خەڵکەوە دەخوێندرایەوە (وەکو ئێستا نەبو) ، من یەکێک بوم لەو خەڵکە ، هەم رۆژنامەم دەخوێندەوە هەم جاروبار نوسینم تێدا بڵاو دەکردەوە ...

رۆژێکیان خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژمارەی ئەو رۆژەی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بوم ، بینیم وتارێکی یەک دانە لاپەڕەیی تێدایە بەناوی منەوە (فەرەیدون پێنجوێنی) ، لێی نوسراوە (بەشی یەکەم !) لەبارەی کردەوەیەکی فاشیانەی رژێمی بەعسەوەبو لەساڵی ١٩٨٧ دا ، هەروەها بەرخوردی نیشتیمانپەروەرانەی خەڵک لەگەڵ کردەوەکە ، مەسرەحی روداوەکە شاری هەولێرە ، گێڕەرەوە (نوسەر) پیاوی تەواوە ، شاهێد عەیانە ، لەناو خەڵکدایەو بەشێکە لەقارەمانیەکەی خەڵک (بەڵام من لەو ساڵەدا تەمەنم شازدە ساڵ بوە ، هەولێرم هەر بەچاو نەدیتوە !) .

خێرا بڕیارمدا پەیوەندی بەبرادەرانی کوردستانی نوێوە بکەم بۆ ئەوەی فریای بەشی دوەم بکەون کە سبەینێ دادەبەزی (بەناوی خاوەنی خۆیەوە بڵاوی بکەنەوە ، پۆزشێکیش بۆ من نا کە بەخوت و خۆڕایی ناوم خرابوە سەر نوسینێک کە هینی من نەبو ، بەڵکو بۆ نوسەری راستەقینەی بابەتەکەو خوێنەرانیان بهێننەوە بۆ ئەو هەڵەیەی لەبەشی یەکەمدا رویداوە) .. وامکرد : دەست و برد پەیوەندیم کردو بەڵێنی راستکردنەوەی هەڵەکەم وەرگرت .. بەڵام ! (رۆژی دواتر بەشی دوەمیش هەر بەناوی منەوە بڵاو کرایەوە) .. رۆژێ ، دوان ، دوای بڵاوبونەوەی هەردو بەشی نوسینەکە بەناوی منەوە ، ئینجا رونکردنەوەیەکی کورتیان خزاندبوە بۆکسێکی بچکۆلە ، وابزانم لەو لاپەڕەیەشدا نا کە یەک دو رۆژ لەوەوبەر نوسینەکەی تێدا بڵاو کرابۆوە ( ! ) ، وێڕای هەڵەیەکی تری زەقی مەقسود ، ئەویش ئەوەبو تەنها نوسیبویان ئەوە نوسینی (فەرەیدون پێنجوێنی) نییە ، ئیدی نەیاننوسیبو هی چ نوسەرێکی ترە ! ماوەیەکی زۆر دوای ئەوە هاوڕێیەکی گەورە بەرپرسی ئەوسای رۆژنامەکە ناوی نوسەری راستەقینەی بابەتەکەی پێ وتم ! ئێستاش نازانم خاوەنی ئەو نوسینە (کە هیچ گرفتێکی ئەمنی و سیاسیی نەوروژاندبو !) بۆچی خۆی لەو نوسینەی نەکردە خاوەن (کابرا ئەوساو ئێستاش ناوێکی دیاری کارایە) .

جا با بەبیانوی ئەو حەکایەتە کۆنەوە پرسیارێک لە (فەرەیدون پێنجوێنی ناو) ەکەی ئەم دواییانە بکەم :

برای من .. ئەگەر تۆش وەکو من هەر (فەرەیدونناو) یت و (پێنجوێنی) یشیت و (نوسەرو شتی وایشی وەکو من !) ، دەی خۆ (ئەبێ نەک هەر دەبێ !) بزانی منیش (هەم و زیندوم) بەهەمان ناوەوە کە جەنابت دەتەوێ (ئەتەوێ) خۆتی پێوە بناسێنی .. ئەگەر ئاڵوگۆڕێکیش لەناوەکەتدا ناکەی کە لەلای خوێنەر لەیەکتر جیا بکرێینەوە ، ئەوا هیچ نەبێ وێنەی خۆت لەگەڵ نوسینەکانتدا دابنێ ، با نوسینی تۆ بۆ من و نوسینی من بۆ تۆ حساب نەکرێ (ئەگەر هەیت و خۆتی) !

................

9 یۆنیۆ

# خەڵک بۆ خۆیان چۆنن ئێمە بۆ خۆمان چۆن !

تەماشای ئەم راپورتە هەواڵە بکە لەم لینکەدا :

http://www.bbc.com/.../160609_k05_afghanistan_reaction_on_mas...

بزانە بەجارێ سێ دانە وڵات (ئێران ، تورکیا ، ئەفغانستان) لەسەر بەشکردنی میراتێکی کەلتوری ، چۆن یەکتری هەڵدەپێچن ؟ لەسەر چ ئاستێکی باڵا ؟

بەپێی راپۆرتەکە ، تورکیاو ئێران لەبەینی خۆیاندا رێکەوتون کە :

مەسنەویی مەولانا جەلالەدینی بەڵخی (مەولەوی) بەمیراتێکی کەلتوریی هاوبەش (تورکی - ئێرانی) لەیونسکۆ بناسێنن ، بنەمای تەگبیرەکەش ئەمەیە :

مەولانا فارسینوس بوە ، کەواتە ئێران لەم میراتە کەلتورییەدا بەشی هەیە !

مەولانا لەقۆنیەی تورکیا مردوەو نێژراوە ، کەواتە تورکیا لەم میراتە کەلتوریەدا بەشی هەیە !

بەشخوراو ئەفغانستانە کە وەکو شەریکەمیرات حسابی بۆ نەکراوە !

ئەوەتا لەسەر ئاستی باڵا (وەزارەتی دەرەوە) بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵەیە دەکەوێتە جوڵەو وەزیری دەرەوەی وڵات راستەوخۆ لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا کێشەکە تاووتوێ دەکا !

بێگومان ئەفغانستان بەهەمو مانایەک شەریکەمیراتە لەو میراتە کەلتورییەدا ، لەبەرئەوەی مەولانا لەوێ لەدایک بوەو باووباپیرانی لەئەفغان ژیاون ، جگە لەوەی کە زمانی فارسی (زمانی نوسینی مەولانا) زمانی فەرمیی وڵاتە .

بەم بۆنەیەوە غوبنێکی تری عەجایەبی ئەفغانیەکان بەبیربێنینەوە کە زۆر لەبەر دڵیان گرانە : -

دراو (پارە) ی ئەفغانی ناوی (ئەفغانی !) یە ، هەر رێک (ئەفغانی) !

غوبنەکە لێرەدایە :

کاتێک دەویسترێ پەنجە بۆ کونیەو نەسەبی هاووڵاتیەکی ئەفغانستانی رابکێشرێ

، عادەتەن دەگوترێ : فڵانە کەس ، ئەفغانی !

خەڵکی ئەفغانستان ئەمەیان زۆر پێناخۆشە ، وا لێکی دەدەنەوە ئەوە واتە : ئەفغانی و ئەفغانی (ئەفغانیی مرۆڤ) و (ئەفغانیی دراو - پارە) یەک شتن !

بچینەوە سەر باسی میراتی کەلتوری :

بۆچی کورد وەکو ئەفغانستانی (نەک ئەفغانی !) لەسەر بەشەمیراتی خۆی بەجواب نایەت ؟ قازانجی مادیی تێدا نییە (وەکو نەوت و غاز) بۆیە گوێی ناداتێ ؟ یان وەکو گەلی ئەفغانستانی پێ ناکرێ ؟

خوێندکارێکی ئەفغانستانی بەڕێکەوت لەکتێبخانەیەکی شارێکی ئێران دەستنوسێک دەدۆزێتەوە کە بەموڵکی وڵاتی خۆیی دەزانێ ، بەجارێ دەیقڵیشێنێتەوە تا ئاخری خاوەندارێتیی خۆیانی لەسەر ساغ دەکاتەوە !

بۆچی ئێمە تا ئێستا مانۆڕێکی لەوجۆرەمان لەپێناوی میراتی فەرهەنگی و مێژویی خۆماندا نەکردوە ؟ سەڵاحەددینی ئەییوبی کەمە ، رۆژێک بەجددی موسوڵمانانمان لەسەری بەگیر نەهێنا ؟

دەی خێری پێوەبێ ! کێ دەڵێ ئەگەر بەفەرمی و بەجددی خۆمانمان لێ بکردایە بەخاوەن ، ئێستا وەکو عوسمانیەکانی باب و باپیری ئەردۆغان بەزەرەرمان تەواو نەدەبو !؟ کێ دەڵێ کوشتوبڕێکی وەکو کوشتوبڕی ئەرمەنەکانیان بەو هۆیەوە بەسەردا ساغ نەدەکردینەوە ؟

................

8 یۆنیۆ

## ئوسامه نوجەیفی ئەو دەمانەی دەیگوت :

## هەولێرو کەرکوک دو شاری تورکمانین ، دهۆک شارێکی مەسحییه ، کورد عێراقی نین !

بۆ ئەوەی بیرتان بکەوێتەوه که :

ئوسامه نوجەیفی چۆن دەیڕوانییه کورد ، ئەی کورد (لەناو کوردیشدا ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەبەغدا ، لەناو ئەوانیشدا موحسن سەعدون و مەحما خەلیل که هەردوکیان پارتین) چۆن دەیانڕوانییه ئەو ؟

ئەم راپۆرته هەواڵه که شەش ساڵ لەمەوبەر بەعەرەبی نوسراوه ، بخوێننەوه ، لەم لینکەدا :

http://www.karemlash4u.com/vb/showthread.php?t=72259

بۆ ئەو کەسانەی حەوسەڵەی خوێندنەوەی تەواوی راپۆرتەکەیان نییه پوختەیەکی دەخەمەڕو :

نوجەیفی :

-هەولێرو کەرکوک دو شاری تورکمانین (لەڕاپۆرتەکەدا ناوی هەولێر نەهاتوه بەڵام من خۆم بەوردی گوێم لەموقابەلەکەی بو : هەولێریشی بەشارێکی تورکمانی دایه قەڵەم) .

-دهۆک شارێکی مەسیحییه .

-کورد عێراقی نین .

-موحسین سەعدون :

نوجەیفی بەفیتی لایەنی دەرەکی ئەو قسانه دەکا ، ئەو زەمانەیەی بابو باپیری ئەو دەنگیان دا بۆ لکاندنی ولایەتی موسڵ بەتورکیاوه ، گەلی کورد دەنگیان دا بۆ لکاندنی ولایەتی موسڵ بەعێراقەوه .

-مەحما خەلیل :

(هاوڕای سەعدونەو هەمان قسەی ئەو دوپات دەکاتەوە بەڵام بەگوزارشتی خۆی) .

-پەرلەمانتارانی تری عێراقی :

پێویستە نوجەیفی بدرێتە دادگا ، چونکە قسەکانی هەم لادانن لەدەستوری عێراق ، هەم بانگەشەن بۆ ڕەواییدان بەپاکتاوکردنی کورد ، ئەو قسانەی ئەو لەبارەی کوردەوە دەیانکات ، عەلی کیمیاوی و سەددامیش نەیانکردون .

.... هتد !

سەیر لەمەدایە :

ئەو نوجەیفییەی کە نوێنەرانی کورد : موحسن سەعدون و مەحما خەلیل (سەر بەپارتی) و هی دیکەش بەکوردو عەرەبەوە ، شەش ساڵ لەمەوبەر تۆمەتباریان دەکرد بەوەی وەکو باب و باپیرانی لەهەوڵی لکاندنی ولایەتی موسڵدایە بەتورکیاوەو زەمینەسازی دەکا بۆ قڕکردنی کوردو لەدەستوری وڵات لایداوە ، (چی !) و (کێ !) سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستانی ناچار کردوە لەم دواییانەدا بەم ئەندازەیە پشتی بگرێ و دۆستایەتیی بکاو شاشەی تەلەفزیۆنەکان بخاتە خزمەتیەوە ؟ بڵێی نوجەیفییە شۆڤێنییەکەی پێشو مردبێ و یەکێکیتر بەئەجێندایەکی نیشتیمانی و عەقڵێکی سیاسیی کراوەوە هاتبێتە جێگەی ؟ بڵێی ئێستا کورد بەعێراقی بزانێ و شارەکانی هەرێمی کوردستان بەشاری کورد بزانێ ؟ بڵێی جارێکیتر لێمان بەدەمدا نەیەتەوەو تاقە شارەکەمان (سلێمانی) کە تا ئێستا لەدەمی ئەو بەدوربوە نەکەوێتە بەر پەلاماری دەمی و بەشارێکی ئێرانیی ناکوردیی نەداتە قەڵەم ؟

.................

5 یۆنیۆ

# یەکێتی (پێشئەوەی لەگەڵ گۆڕان پێکبێتەوە ، یان گۆڕان لەگەڵی پێکبێتەوە !) هیچ کێشەیەکی لەگەڵ پارتی نەبو ؟ چۆن ؟

دوای پێکهاتنەوەی گۆڕان و یەکێتی ، یەکێ لەو قسانەی دەیانبیستین ئەوەیە کە دەڵێ :

گۆڕان کڵاوی نایە سەر یەکێتی ، وایکرد لەگەڵ پارتی بکەوێتە کێشە !

بەڕاست :

یەکێتی (پێشئەوەی لەگەڵ گۆڕان پێکبێتەوە ، یان گۆڕان لەگەڵی پێکبێتەوە) هیچ کێشەیەکی لەگەڵ پارتی و سیستمی حکومڕانیی هەرێم نەبو ؟ رازی بو بەهەمو ئەوەی لەهەرێمی کوردستاندا دەگوزەراو دەگوزەرێ ؟

تۆ بڵێی کێشەی یەکێتی لەگەڵ خەڵک بوبێ کە بەڕوبەموچە رازی نین و دژی گەندەڵی هاواریان لێهەڵساوە ، نەک لەگەڵ سیستمی سیاسی و حکومڕانی ؟

................

26 مایۆ

# بەتورەیی نەنوسین و نەدوێین

ئەوەمان کە بەتوڕەیی گەندەڵیی گەندەڵکاران تاووتوێ دەکا ، چاکەیەکی زۆر گەورەی خۆڕایی لەگەڵ گەندەڵکاران دەکا .. بۆ ؟

چونکە وادەکا : هەمو ئەو کەسانەی وەکو ئەم تورەن لەو لایەن و کەسە گەندەڵکارانە ، تورەییەکەیان لەرێی خۆتورەکردنەکەی ئەمەوە بەتاڵ ببێتەوەو هیچی وا لەدڵیاندا نەمێنێتەوە لەدەمی خۆیانەوە هەڵیبرێژن !

با لەجیاتیی هەموان خۆ توڕە نەکەین ، بوار بدەین هەر کەسە توڕەیی خۆی بەخۆیدا بپەرێنێتەوە لای کەسانیتر .

ئەگەر بەدوای ئەنجامەوەین ، ئەوا دەبێ بزانین :

خۆتوڕەکردنی هەموان ئەنجامی باشتری دەبێ لەخۆتوڕەکردنی کەس و دوان و سەد ، ئەگەرچی ئەو کەس و دوان و سەدە کەسی گرنگ و خاوەن پێگەشبن .

ئەسڵەن رەنگە زەرەری هەرە گەورە لەوەدابێ کە :

کەسەکەی دەیەوێ لەجیاتیی هەموان یان بەناوی هەموانەوە خۆتورە بکا ، کەسی دیارو خاوەن پێگەبێ .

(بۆچونێکەو هیچیتر ، هەرکەس پەسەندی نییە دەتوانێ بەشی خۆی خۆتوڕەکاو رەتی بکاتەوە) !

................

22 مایۆ

# يتغدى بهم قبل ان يتعشوا به

(يتغدى بهم قبل ان يتعشوا به !) ماناكەی ئاوایە :

دەیانکات بەژەمی نیوەڕۆی خۆی (نیوەڕۆژە) ، پێش ئەوەی بیکەن بەژەمی ئێوارەی خۆیان (شێو) .

ئەوە سیاسەتی مالکی بو بەرامبەر بەخەصمەکانی (بەپێی قسەی هەندێ کەس) .

ڕەنگە مالکی نەیتوانیبێ وا بکا ، بەڵام با ئێمە لەناوخۆماندا وا بکەین :

نیوەمان نیوەکەی ترمان بکەین بەبەرچایی یان نیوەڕۆژە ، پێش ئەوەی ئەو نیوەکەی ترمان فریاکەون بمانکەن بەشێوی ئێوارە .

لەو نیوەیەمان کە دەمێنێتەوە ، دیسانەوە نیوەمان نیوەکەی ترمان بکەین بەبەرچایی ، پێش ئەوەی ئەو نیوەکەی ترمان فریاکەون بمانکەن بەنیوەڕۆژە .

هەتا کۆتایی بەو جۆرە ...

قەیچێکا با دوازدە کەسمان لێ بمێنێتەوە لەگەڵ بڕێک دەست و پێوەند ، گرنگ ئەوەیە دوازدە کەسەکە دوازدە سواری چاپوکبن نەک دوازدە پیادەی پێخوار ، دوازدە سواری وەک دوازدە سوارەی مەریوان .

دەتوانرێ بەو دوازدە سوارو بڕە دەست و پێوەندە دەوڵەتێکی چاکی کوردی لەنەوعی دەوڵەتی ئەییوبی دروست بکرێ .

خۆ سوپاکەی سەڵاحەدینیش هەموی هەر کورد نەبون ، بەڵکو بەشی هەرە زۆری چەرکەس و مەرکەس و شتی وابون .

...............

20 مایۆ

# هەڵنانی خەڵکی هەرێم بۆ لەئامێزگرتنی تیرۆر

وەستای هەرە دیاری ئەم پیشەسازییە سیاسییە لەم سەردەمەدا (پیشەسازیی بەلارێدابردنی نارەزایی خەڵک) رژێمی سوریای تەنیشتمانە :

زۆر وریایانە توانیی لەخزمەتی پایەداریی خۆیدا نارەزایەتیی خەڵکی وڵاتەکە بەلارێدا ببا ، بەرگی مەدەنیەت و نیشتیمانپەروەریی لەبەر دابدرێ ، شوناسی ئیسلامی - تەکفیریی بەبەردا ببرێ ، بێگومان خوا بۆی دا : سعودییەو قەتەر گلانە یاریەکە ، ناشیانەو نەزانانە بونە یاریدەدەری لەجێبەجێکردنی پلانەکەیدا ، ئەمە گوایە دەیانویست دەست بدەنە باڵی ئۆپۆزسیۆنی وڵاتەکە بۆ روخاندنی رژێمی حوکم لەدیمەشق .. ئەنجامی ئەم سیاسەتە بەوە گەرا : رژێمی حوکم لەدیمەشق تا ئیشعارێکی تر بهێڵرێتەوەو کۆسە کۆسەی لەسەر کەم بکرێتەوە !

ئەم سیاسەتە لەهەرێم زۆر زو (لەسەردەمی شەری ناوخۆدا) دەستی بۆ برا :

خشکەیی لەکەنارەوە ، ئیسلامیەکان ئاڵێنرانە ململانێ سەربازییە خوێناویەکان ، وای لێهات شەری ناوخۆی هەرێم لەهەندێ دیمەندا وەکو شەری نێوان کەسانی تەکفیری و لایەنگرانی مەدەنیەت بکەوێتە بەرچاو ، ئەمە سودی زۆری هەبو بۆ ئەو لایەنە سیاسییەی لەگەڵ ئەو تەکفیریانەدا دەرگیربو ، بەو شێوەیە لەبەرچاوی کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا برێکی باشی ئەو تۆمەتەی لەسەر خۆی رەواندەوە کە دەدرایە پاڵی (تۆمەتی رەجعیەتی ئێرانی و ئیسلامچێتیی شیعەگەریانە) .

حاڵی حازر لەهەرێم ، لەم گەرمەی ململانێیەی نێوان لایەنە سیاسیەکان و نارەزایەتییەی خەڵکدا ، هەست دەکرێ دوبارە دەویسترێ دەست بۆ ئەو پیشەسازییە سیاسییە ببرێتەوە :

مەلا مەنع دەکرێ لەوتاردان (رەنگە تەنها لەبەرئەوەی دژی فەساد لەکاروباری فەرمانرەواییدا قسە دەکا) ، بەناوی تەجاوز بۆ سەر موڵکی شارەوانی ، دەویسترێ مزگەوت بروخێنرێ (مزگەوتێ کە خوا دەیزانێ چەند ساڵە لەو جێگەیەدایەو هەیەو قەبوڵبوە هەبێ) .

بێ شک :

خەڵکی هەرێم ، لەناوجەرگەی ئەم هەمو تیرۆرەدا کە لەچواردەوریان دەگوزەرێ ، هەروەها لەژێر سایەی سیستمێکی ئیفلیجی حکومرانی و دنیایەک گەندەڵیدا ، زۆر بەئاسانی دەتوانرێ تل بکرێنەوە هەر شێوێک و بگلێنرێنە هەر کێشەیەکی سیاسی .

.................

19 مایۆ

# سیاسەتی بۆشاییسازی لەهەرێم

لەهەرێمی کوردستان ، وەکو زۆرێک لەوڵاتانی ناوچە ، ململانێی توندی سیاسی هەیە (ململانێ نەک کێبەرکێ) ، هەروەها بۆشایی زەقی سیاسی و دەستوری :

- پرۆسەی سیاسی و حکومڕانی داڕماوە ، تەنها هەواڵی داڕمانەکەی بەفەرمی رانەگەیەنراوە .

- باری نائاسایی (حالة الطوارئ) سەپێنراوە (بەبێ هیچ تاووتوێیەکی قانونی) ، تەنها هەواڵی سەپاندنەکەی رانەگەیەنراوە .

- وەزیفەو پۆستە (حکومی - سیاسی) یە باڵاکان بەپێی ئەمری واقع بەڕێوە دەبرێن ، نەک بەپێی بنەما باوە قانونی و سیاسیەکان (بەبێ بونی هیچ هۆکارو پاساوێکی جدی بۆ کارێکی لەو شێوەیە) .

بەکورتی :

دەستورو قانون لەئارادا نین پرۆسەی سیاسییان پێ رێکبخرێ ، بەڵکو بۆشایی دەستوری و قانونی لەئارادایە ، ئاشتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەئارادا نییە کۆمەڵگە لەسایەیدا بژی ، بەڵکو ململانێ لەئارادایە .

بەڵام روداوی گرنگ ، ئەوەیان نییە ئەمەیانە :

ناویسترێ ململانێکان چارەسەر بکرێن ، بەڵکو دەویسترێ تەنها ئیدارە بدرێن .

هەروەها ناویسترێ بۆشاییەکان (بۆشاییە دەستوری و قانونی و سیاسیەکان) بەشێوەیەکی ئوسوڵی پڕ بکرێنەوە ، بەڵکو دەویسترێ تەنها رێکبخرێن ، بەشێوەیەک کە بکرێ کەڵکیان لێ وەربگیرێ لەئیدارەدانی ململانێکاندا .

ئەمە ، شتێکە لەنەوعی سیاسەتەکەی ئەمریکا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە مەبەست لێی (وەکو ئەوەی لەئەدەبیاتی سیاسیی ناوچەکەدا باسی دەکرێ) بریتییە لە : پاراستنی باڵادەستیی ئیسرائیل و ئەمریکا لەناوچەکەدا .

بنەماکانی ئەو سیاسەتە ئەمریکییە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست (هەرچەند بەحەماسەکەی لەوەوبەر نابرێ بەڕێوە بەتایبەتی دوای قوتبونەوەی روسیا لەسوریا) ، دو دانەن :

-فەوزاسازی (نانەوەی فەوزا ، بەڵام لەژێر ناونیشانێکی بەرِراقدا کە ئەمەیە : فەوزای خەلاق - بنیاتنەر).

-بۆشاییسازی (سازاندنی بۆشایی دەستوری و سیاسی و ئەمنی) .

تا لەئەنجامدا زەمینە دەسازێ بۆ :

-سەرهەڵدانی ململانێ .

ئینجا زەمینە دەسازێ بۆ : ئیدارەدانی ململانێ (ئیدارەدان نەک چارەسەرکردن) .

## پاشان چنینەوەی دەسکەوت و بەروبومی سیاسەتەکە .

نمونەی نزیک و بەرچاو لەبارەی فەوزاسازییەوە (لەناوچەکەدا) :-

بەربەرەڵلاکردن بۆ (ئەوەی ناو نرا بەهاری عەرەبی) :

جۆش و خرۆش و روخان و هەڵسانەوەکانی گەلانی دەوروبەرمان (تونس ، میسر ، لیبیا ، سوریا ، یەمەن...). نمونەی نزیک و بەرچاو لەبارەی بۆشاییسازیی (ئەمنی ، سیاسی ، دەستوری و قانونی) یەوە :

-لوبنانی ئێستا ، کە لەبۆشایی سەرۆکایەتیدا دەژی (سەرۆکی کۆن ماوەی سەرۆکایەتیی کۆتایی هات ، وڵات بێ سەرۆک مایەوە ، تا ئێستا ساخ نەبونەتەوە سەرۆکێکی نوێی بۆ دیاری بکەن) .

-سوریا ، عێراق ، هەرێم ، یەمەن ... هتد .

بەنیسبەت هەرێمی کوردستانەوە ، دیار نییە ئەم سیاسەتەی (بۆشاییسازی) و بەهەڵپەسێردراوی هێشتنەوەیەی بۆشایی ، بۆ ؟

ئەم سیاسەتەی (ئیدارەدانی ململانێ نەک چارەسەرکردنی) ، بۆ ؟

تا کەی بڕ دەکا ؟ ئەنجامەکەی چی دەبێ ؟ کێی لەپشتە (جگە لەهێز یان هێزگەلی ناوخۆیی) ؟ قازانجەکەی (ئەگەر لێی بکەوێتەوە) لەکۆتاییدا دەرژێتە بەرکی کێوە ؟ ... هتد .

ئەوەی دیارە ئەمەیە :

خەڵکی هەرێم بەتەواوی نارەحەت و ماندون لەدەست ئەو سیاسەتە .

...............

18 مایۆ

# ڕێکەوتنی (گۆڕان - یەکێتی) :
# سێیەم تۆپ لەبەرپێی پارتیدا

لەمێژە سیاسەتوانانی دنیا بۆیان مەعلوم بوە کە :

یەکگۆڵی لەگەمەی حکومڕانیدا (یەکگۆڵی نەک دوگۆڵی) بەدەردی خەڵک ناخوا ، لەلای ئێمەش پاش چارەکە سەدەیەک گەمەی حکومڕانیی یەکگۆڵی ، پێدەچێ باشتر رونبوبێتەوە (بەتایبەتی دوای داڕمانی پرۆسەی سیاسی لەچەند مانگی رابردودا) کە : بەدەردی مەملەکەت و خەڵکی ئێمەش ناخوا .

بەڵام لەیەکگۆڵی خراپتر (بەنیسبەت خەڵکی لای خۆمانەوە) فرەگۆڵییە ، فرەگۆڵیی وەکو ئەوەی پێش و پاش لێشێوانەکەی ئەو دواییەی پەرلەمان تاقیکرایەوە .

تەنها چارەسەر لەڕێی ئەزمونی حکومڕانیی هەرێمدا ، لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ ، ئەگەر یەکێتی و پارتی پێی رازی بونایە ، دوگۆڵییەکی پاکی سیاسی بو بە ٢ فیرقە (دەسەڵات - ئۆپۆزسیۆن) بەمەرجێ بەپاکژی و بەپێی قانون بەڕێوە ببرایە ، بەڵام نەکرا ، ئۆباڵی نەکردنەکەش مەعلومە : بەئەستۆی یەکێتی و پارتییە (هەردوکیان نەک تەنها یەکێکیان) !

ساڵی ٢٠٠٩ بەسەردا هات ، ئۆپۆزسیۆن دروست بو ، هیوایەک پەیدابو کە ئاخری یەکگۆڵییەکە کۆتایی بێت ، ببێتە دوگۆڵی لەنێوان دو فیرقەدا :

پارتی و یەکێتی وەکو یەک فیرقە لەبەرێک ، گۆڕان و لایەنەکانی هاوڕوانگەی وەکو یەک فیرقە لەبەرێک . (لەو بارەیەوە ، مەقالێکی دورو درێژی نوسەری ئەم مەقالەیە لەڕۆژنامەی رۆژنامەدا بڵاوبۆتەوە ، گەرماوگەرم لەگەڵ روداوەکانی ئەو ساڵەدا .. لەکۆمێنتی یەکەمدا لینکەکەی دەبینی) . ئەوەبو (وەک لەبیرتانە) ماوەیەک یەکگۆڵیەکە وەرچەرخا بۆ دوگۆڵی : دەبە ئاوی تێدا وەشێنرا ، مێزی تێدا کوترا ، سەری پەرلەمانتاری تێدا شکێنرا ... و هتد .

بێگومان وێڕای کەموکوڕیی زۆر لەگەمەکەدا ، بەتایبەتی لەئەدای سەری ئەوسەری گەمەکەدا (سەری دەسەڵات) ، هێشتا گەمەیەکی باش بو ، بەڵام دەوامی نەکرد : پرۆسەی سیاسی دیسان چوەوە سەر

سکەکەی پێشوی و گەمەکە بوەوە بەیەکگۆڵی .

ئۆباڵی ئەمیان لەئەستۆی گۆڕان و پارتییە (هەردوکیان نەک بەتەنها یەکێکیان) :

-گۆڕان لەبەرئەوەی لەخۆی شێواندو بو بەشەریکە حکومەتی پارتی .

-پارتیش لەبەرئەوەی وەکو هەمو کاتێکی لەوەوبەری خۆی ، شەراکەتەکەی لەگەڵ شەریکدا بەدروستی نەبردەسەر .

بەڵام وردە وردە ، لەگەڵ پەرەسەندن و قەبەتربونی قەبارەی گەندەڵی و دەرککردنی حیزبەکان (پارتیی لێدەرچێ) بەبێفایدەیی حکومڕانیی لەوجۆرە ، یەکگۆڵییەکە کۆتایی هات و چەندگۆڵی هاتە ئارا .

دەویسترا ئەم چەندگۆڵییە لەشێوەی دوگۆڵیدا پیشانی خەڵک بدرێ (لەنێوان دو فیرقەدا : دەسەڵات یان بلێین پارتی ، بەتەنها - چوار لایەنەکە پێکەوە) ، بەڵام دوگۆڵی نەبو ، ئەوەبو زۆری نەخایاند (بەهۆی دودڵی ، یان بەرچاوناڕۆشنیی یەکێتی و یەکگرتوەوە) بەئاشکرا بو بەفرەگۆڵی ، بەبەرچاوی هەموانەوە ، بگرە سەری کێشا بۆ ئەوەی ببێتە پێنجگۆڵی و شتی وەها .

جێی داخە :

خەڵکی هەرێم ، بەتوندی ، هەم بەدڵ و دەرون ، هەم بەسک و گەدە ، باجی بێکەڵکیی ئەو فرەگۆڵی و بێهەڵوێستییەی حیزبی کوردی و نوخبەی سیاسییان دا کە تا کاتی ئەم ڕێکەوتنەی نێوان یەکێتی و گۆڕانی خایاندوەو مەعلوم نییە کەی کۆتایی دێت .

تەنها باشیی ئەو قۆناغی فرەگۆڵییە لەوەدابو تێیگەیاندین :

هەبونی هێزی سێیەم ، ئەگەر تەنها بۆ ناوبژیوانییێ لەنێوان هێزی یەکەم و دوەم ، بەو شێوەیەی یەکێتی و یەکگرتو ئەزمونیان کردو بونە ناوبژیوان لەنێوان گۆڕان و پارتیدا ، لەهەرێمی کوردستان زۆر بەدەرد ناخوا (ناڵێین هەر بەدەرد ناخوا ، دەڵێین زۆر بەدەرد ناخوا) واتە ئیللا دەبێ گەمەکە بکرێ بەدوگۆڵی و بخزێنرێتە بەینی دو شیش :

شیشێک لەبەرێکەوە گۆڵچیی ئۆپۆزسیۆن پاسی بکا ، یەکێکیش لەبەرەکەی ترەوە گۆڵچیی دەسەڵات پاسی بکا . ڕێکەوتنی یەکێتی و گۆڕان ئەم فرسەتەی هێناوتەوە ئارا ، بەڵام بەچەند مەرجێک ، لەوانە :

یەک : پارتی دەستبەرداری نەهجە کۆنەکەی گەمەی حکومڕانی ببێ ، ڕازیبێ بەوەی یاریەکە بکرێتە دوگۆڵی و بەپێی قانون بەڕێوە بچێ ، هەرچەند بەگوتاری ئێستایدا پێناچێ بیەوێ ئەمە قەبوڵکا .

دو : پێکهاتنەکەی یەکێتی و گۆڕان ، لەپێناوی گۆڕینی پلانی گەمەکەدابێ لەیەکگۆڵییەوە بۆ دوگۆڵی ، تا ئەو کاتەی بەتەواوی دڵنیا دەبن کە پارتی دوگۆڵی قەبوڵ ناکا ، ئەوسا بیریان بۆ شتیتر بڕوا .

سێ : ئیسلامیەکان هاتبنە سەر ئەو باوەڕەی بەقازانجی ئەزمونە سیاسیەکەو خەڵکی هەرێمەکە یاری بکەن ، کارێک نەکەن گەمەکە لەسەر سکەکەی چارەکە سەدەیەک لەوەوبەری بمێنێتەوە ، بەڵکو ببنە هێزێکی سێیەمی راستەقینە کە دو لایەنی دوگۆڵییەکە (ئەگەر خواکردی گەمەکە بەرەو ئەوەچو ببێتە دوگۆڵی) هەر یەکەیان لەسەری خۆیانەوە گرەویان لەسەر کەسبکردنی بێت ، جا ئەوسا بەپێی بەرژەوەندیی میللەت و ئەزمونەکە (تەنها میللەت و ئەزمونەکە) نەک بەپێی بەرژەوەندیی حیزبی و ئایدیۆلۆجیی پەتی ، یان بەپێی تەبەعیەتی سیاسی و شتی وەها ، لەگەڵ هەر گێمێکی یاریەکەدا سەرێکی یاریەکە هەڵبژێرن (بەڵام بەجددی و بەئیلتیزامی تەواوەوە ، نەک راڕایانەو ناموڵتەزیمانە - بەبیانوی نێوەندگیری و شتی وەها بیشێوێننەوە) . ئەگەر ئەمە رو نەداو پێشنیاری پارتی ئەوەبێ درێژە بەم واقیعە (سیاسی ، ئیداری ، ئابوری و دارایی) یە تاڵەی ئێستا بدرێ ئەوا مەعنای وایە ئیرادەکە بەلای زۆناندن و دولەتکردنەوەی هەرێمدایە ، وەکو ساڵانی نێوان (٩٥ - ٢٠٠٦) .

بەکورتی :

رێکەوتنی گۆڕان و یەکێتی ، ئەگەر بۆ گۆڕینی نەخشەی سیاسی و تاقیکردنەوەی ئەزمونێکی نوێی سیاسییێ (بەو شێوەیەی باس کرا) ، هەروەها ئەگەر پارتی و حیزبەکانیتر یارمەتیدەربن لەکارەکەدا ، ئەوا جێگای خۆشحاڵییە ، ئەگەرنا زۆر نا !

ئەوەش بڵێین :

## پارتی ئەگەر ئەم تۆپە لەکیس بدا ، ئەوە دەبێتە سێیەم تۆپ لەکیسی بدا (لەپێشدا لەکیسی خۆی ئەوجا لەکیسی خەڵک) :-

تۆپی یەکەم : شەراکەت لەگەڵ یەکێتی لەحکومەتدا پاش ٢٠٠٦ ، کە نەیتوانی بەڕاستی و بەباشی بیباتە سەرو لەکیسی دا .

تۆپی دوەم : شەراکەت لەگەڵ گۆڕان لەحکومەتدا لەو یەک دو ساڵەی دواییدا ، کە ئەمیشی وەکو ئەوەکەی تر لەکیس دا .

دوا قسە :

ئەگەر لەڕوانگەی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و ئەزمونەکەیەوە بیر بکەینەوە ، مەنتقییە بڵێین :

هەر دەبو یەکێ لەو سێ لایەنە (یەکێتی و پارتی و گۆڕان) بداتە پاڵ یەکێ لە دو لایەنەکەیترو تەنها دو یاریچی لەگەمەکەدا بمێننەوە ، جا بەیەکگرتنی یەکێتی و پارتی بوایە یان بەیەکگرتنی یەکێتی و گۆڕان .

.................

16 مایۆ

# حەرامە دوژمنایەتی

گەرمەی ساڵ و گەرمەی سەرمەستییە بەباسی (دەوڵەت) ، هاوکات :

(سیاسەتوان) و (حیزبی کوردی) لەپارچە جیاوازەکانی کوردستانی گەورە ، بەردەوام دەگلێنە دژایەتیی دۆزی رەوای کورد لەپارچەی یەکتر ، لەژێر ناونیشانی ناکۆکیی حیزبیدا .

قسەکە بەپلەی یەکەم لەبارەی حیزبی کوردییەوەیە لەهەرێم ، ئەوانن کە :

بەبیانوی پاراستنی بەرژەوەندیی هەرێم و ناچاری و شتیتر ، دەکەونە کێشەوە لەگەڵ حیزبە کوردیەکانیتر لەپارچەکانی تری کوردستان ، بەو هۆیەوە دادەخزێن بۆ قوڵایی ترسناکترو کاتێک دەزانین :

لەژێر ناونیشانی ناکۆکیی حیزبیدا ، کەوتونەتە دژایەتیی دۆزی رەوای کورد لەپارچەکەیتر .

سیاسەتوان وحیزب ، بەخۆیان لەهەموان باشتر ئەوە دەزانن کە :

لەژێر ناونیشانێکی بچوکی وەکو (ناکۆکیی حیزبی) دا ، دەتوانرێ نیازی زۆر ترسناک لەخەڵک بشاردرێتەوە ، نیازی وا کە ئەگەر لەژێر ناونیشانێکی وەها بچوکدا نەشاردرێتەوەو بەبەرچاوی خەڵکەوە بگوزەرێ ، هەرگیز بەئاسانی ناچێتە سەر : خەڵکێکی زۆر راست دەبنەوەو دەبنە بەربەست لەرێدا .

بەڵام دەبێ ئەوەش بزانرێ کە :

ناتوانرێ هیچ نیازێ تا سەر لەخەڵک بشاردرێتەوە .

داوا ناکەین :

حیزبەکانی پارچە جیاجیاکانی کوردستان ، پشتیوانیی خۆیان بۆ دۆزی رەوای میللەت لەپارچەی یەکتر ، بەزەقی پیشان بدەن (بەبەرچاوی ئەو هەمو دوژمنە زۆرەوە کە بەجارێ ، کۆک و تەباو هاورا ، چاوی دوژمنکارانەیان لەسەر کوردستانە ، بەتایبەتی لەسەر بەشی باشور کە خەریکە دەیەوێ شتێ بکا بەشتێ) ، هەرچەند هەقمان بەدەستە ئەگەر بەهیوای دۆستایەتیی بەتینتربین لەنێوان حیزبەکانی هەمو پارچەکانی کوردستانداو داوایان لێبکەین بەقوڵی دۆستایەتیی یەکتر بکەن .

تەنها داوا دەکەین کە :

بەبیانوی ناکۆکیی نێوانیانەوە ، شۆڕ نەبنەوە بۆ ئاستی (دژایەتیی دۆزی رەوای گەلی کورد لەپارچەی یەکتر) !

حیزبی کوردیی پارچە جیاجیاکانی کوردستان ، ئەگەر (لەبەر زۆری و بەربلاوی و ئاگایی دوژمن) ناتوانن بەئاشکراو بەقوڵی دۆستایەتیی یەکتر بکەن ، هیچ نەبێ دوژمنایەتیی یەکتر نەکەن ، ئەگەر دوژمنایەتیی یەکتریش دەکەن ، هیچ نەبێ دوژمنایەتیی دۆزی کورد لەپارچەی یەکتر نەکەن .

حیزبی کوردی لەهەرێمی کوردستان (بۆیە بەجیا باسی ئەمان دەکەین چونکە ئیشی ئەمان ئاڵۆسکاوترە) ، بەناوی ناڕێکی و ناتابابییەوە لەگەڵ پەکەکە ، یان لەگەڵ پەیەدە ، یان لەگەڵ کۆمەڵەو دیموکرات و ئەوانیتر ، بکەوێتە هەڵەیەکی وەهاوە کە دژی خودی دۆزەکە (دۆزی رەوای کورد لەپارچەکانی تری کوردستان) قسە بکا ، ئیش بکا ، میدیاکەی لەسەر لاڕێیەکی لەوجۆرە بهاژوێ ، ئەمە هەڵەیەکی ستراتیژیی بێپاساوە ، دەبێ جێگەی رەخنەی هەموانبێ ، دەبێ هەموان ئومێدەوارو داواکاربن درێژەی پێ نەدرێ ، نە لەژێر ناونیشانی (ناکۆکیی حیزبی)دا ، نە لەژێر هیچ ناونیشانێکی تردا ، نە بەئاشکراو نە ژێر بەژێر ، بەتایبەتی لەم گەرمەی سەرمەستییەی بەشێ لەخەڵکی وڵات بەباسی دەوڵەت و دەوڵەتسازی .

................

15 مایۆ

# فەرقەکە زۆر بێتام و ئاشکرایە

لەیەک کاتدا (رێک لەیەک کاتدا) ، لە دو کەناڵی تەلەفزیۆنیی ئاسمانیی کوردییەوە کە هەر یەکەیان سەر بەحیزبێکی جیاوازی هەرێمن ، دو دانە دیمەنی ناکۆک لەسەر شاشەن ، لەهەردوکیاندا بکەر تورکە :

- لەیەکێکیاندا ئیسماعیل بێشکچی قسەدەکاو قسەکانی دەگوازرێتەوە بۆ بینەر ، کە تیایدا ئینسانیانە داکۆکی لەمافی مرۆڤی کورد دەکاو باسی سەرسەختی و دڕندەییەتیی دوژمنەکانی دەکا .

- لەوی تریاندا سەرۆکی هوداپار قسە دەکاو قسەکانی دەگوازرێتەوە بۆ بینەر ، کە تیایدا بەناوی دژایەتیکردنی ئەنارشیەت و فەوزاوە ، بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کورد لەکوردستانی باکور ، دەداتە بەر پەلاماری رەخنە .

بێگومان یەکەمجار نییە شتی وەها لەمیدیای کوردییەوە رودەدا ، بەڵکو بەردەوام رودەدا کە بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ناڕێکی و شێواوی و پاشکۆیەتیی ماڵی کورد بۆ دەرودراوسێ !

ئەم روداوە ، زانیارییەکی ناو هەندێ توێژینەوەی تایبەت بەبواری سیاسەتی تورکی بەبیر دەهێنێتەوە کە تیایاندا هاتوە :

سیاسەتی ئەنقەرەی سەردەمی ئەردۆغان بەو ئاقارەدایە کە لەجیاتیی هەندێ شتیتر ، راستەوخۆ پردێکی میدیایی لەنێوانی خۆی و هەولێردا بنیات بنێ و لەو رێیەوە خەریکی پیادەکردنی سیاسەتی خۆیبێ دەرهەق بەهەرێم .

.................

1 مایۆ

# ئەگەر شەڕێکیتر لەچارەی شیعە نوسرابێ ئەوا ئەو شەڕە لەگەڵ کورددا دەبێ نەک لەبەینی خۆیدا

مانۆڕەکانی سەدر ، هەندێ کەسی لای خۆمانیان هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی کە :

ماڵی شیعی خەریکە شەڕی نێوخۆیی تێدەکەوێ و ...

ئەوەی لەناویدا رودەدا دەرەنجامی ناکۆکیی نێوخۆیی بەینی پێکهاتە سیاسیەکانیەتی .

هەندێکیترمانیان هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی کە :

ئەوەی رودەدا ، شۆڕشی چینی چەوساوەو موستەزعەفی شیعەیە ، بەسەر چینە حاکمەکەی شیعەدا ، بەرابەرایەتیی موقتەدا .

هەندێکیشمانیان خستۆتە سەر کەڵکەڵەی بەراوردکاری لەنێوان حکومەتی هەولێرو حکومەتی بەغدا ، هەروەها خەڵکی هەرێم و خەڵکی عێراق :

- لەبەغدا جەماوەر چیی کردو مامەڵەی دەسەڵات چۆنبو لەگەڵی ، ئەی لەهەولێر ؟!

کەممان بیرمان بۆ ئەوە چوە کە :

رەنگە کۆی گەمەکە دەستکردو سازێنراوبێ (سیناریۆبێ) و ماڵی شیعی بەهەمو جەماعەتە سیاسیەکانیەوە ئاگاداربێ و تێوەی گلابێ !

راستە لەعێراقدا شیعەی موستەزعەف (چەوساوە) هەیەو شیعەی موستەزعیف (چەوسێنەر) یش هەیە ، وەک چۆن سوننەی تێرو سوننەی برسی هەیە ، یان وەکچۆن لای خۆمان لەهەرێمی کوردستان کوردی حەپەلوشکەرو کوردی حەپەلوشکراو هەیە .

راستیشە شیعەی موستەزعەف و چەوساوە بۆ سەندنی مافی رەوای خۆی کەوتۆتە دوای موقتەدا .

هەروەها راستیشە کە :

لەبەینی پێکهاتە سیاسی و خێڵەکیەکانی ناو ماڵی شیعیدا وردە ناکۆکی و نەسازان هەیە .

بەڵام دەبێ ئەوەش لەبیربێ :

لەناو شیعەدا مەراجیعی دینی و مەرجەعی باڵا هەیە ، وەلائی ئیقلیمی هەیە ، بەرژەوەندیی باڵای تائیفی هەیە ، ترس لەتائیفەی سوننە هەیە ، کە ئەمانە بەسەریەکەوە هۆکاری یەکخستنی ماڵی شیعین نەک پەکخستنی .

عەقڵ نایبڕێ موقتەدا خۆبەخۆ (بەبێ پرس و راوێژ بەدەرەوە ، هەروەها بەبێ پرس و راوێژ لەنێوخۆی ماڵی شیعیدا) ، گلابێتە گەمەیەکی ئاوا فەوزەویانەی ترسناک کە بچوکترین هەڵخلیسکان بۆی هەیە بەتەواوی بەلارێیدا ببا ، هەروەها عەقڵ نایبڕێ ناکۆکیی نێوخۆیی ناو ماڵەکەی خۆی (ماڵی شیعی) هەڵینابێ و رێک بۆ سەرکردایەتیکردن و بەئامانجگەیاندنی نارەزایەتیی جەماوەر ، هاتبێتە پێشەوە .

## یەکێ لەو گومانانەی کە دەبێ بەجددی هەمانبێ ئەوەیە :

موقتەدا بەئاگاداری و راوێژ لەگەڵ پێکهاتە سیاسیەکانی ناو ماڵی خۆی و رێنمایی ئیقلیمی ، بۆ کۆنترۆڵکردن و پاشان رەواندنەوەی تورەیی جەماوەرو سەرەنجامیش بەرگرتن لەهەرەسی سیستمە سیاسییە شیعیەکە ، هاتبێتە گەمەکەوە (یان هەر لەسەرەتاوە تەعین کرابێ و راسپێردرابێ گەمەکە بسازێنێ **!**) ، لەو پێناوەدا سڵوکۆ لەخۆڕاوەشاندن نەکاتەوە ، تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی بەرژەوەندیی گەلی کوردو تایەفەی سوننەو کەرامەتی پەرلەمانتارەکانیشیان بوبێ ، یان لەسەر حسابی تایبەتیی بەشێ لەجەماعەتەکەی ناو ماڵەکەی خۆی (ماڵی شیعی) و کەرامەتی هەندێ پەرلەمانتاریشیان بوبێ .

لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین بڵێین :

قەومانی شەڕی نێوخۆیی لەناو ماڵی شیعیدا ، ئەگەرێکی چاوەڕواننەکراوە ، هەر کەس پێشبینیی روداوی وەهای کردبێ وایزانیوە شیعەش تایەفەیەکە وەکو سوننە ، بیری ئەوەی نەبوە فەرقی بنەڕەتی لەنێوانیاندا هەیە کە وادەکا ئەزمونی سیاسییان نەچێتەوە سەر یەک .

..................

27 ئەپریل

# گەمەی ئیسڵاح لەعێراق بەسەرپەرشتیی ئێران

ساڵانێکی زۆرە خەڵکی ئێران ، دابەش بون (یان دابەش کراون) بەسەر دو بەرەی سیاسیدا :

بەرەی محافەزەکار ، بەرەی ئیسڵاح .

رێبەران و لایەنگرانی هەردو بەرە ، لەسەروەختی بەڕێوەچونی ئینتیخاباتدا ، زۆر بەجددی دەچن بەگژی یەکتردا ، بەسەلیە یەکتر دەدەنە بەر رەخنە ، بەبێ ئەوەی یەک کەم و تۆز لەئەحکامەکانی ئەو قانونە ئەساسییەی وڵات (دەستور) لادەن کە چوارچێوەی گەمەی سیاسیی دیاری کردوە بۆیان ، هەرچەند دەبوایە بزانن :

سەرچاوەی یەکەمی هەر کەموکوڕییەک لەهەر وڵاتێک دەستورەکەیە کە سیستمە سیاسیەکەی لەسەر دامەزراوە ، دەبێ لەوێوە دەست بەڕاستکردنەوەی خواروخێچییەکان بکرێ ، بەڵام نایزانن یان نایانەوێ بیزانن .

بەو شێوەیە رێگری کراوە لەدەرکەوتنی هێزگەلی ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەو نەهێڵراوە تۆپ بکەوێتە پێی هیچ یاریچییەکی تر .

بێگومان لەچەندین وڵاتی تریش گەمەی سیاسی بەهەمان شێوە بەڕێوە دەبرێ ، بەڵام لەعێراقی شیعی (عێراقی دوای سەدام) و وڵاتان و کیاناتی وەکو ئەو (هەرێمی کوردستان بۆ نمونە) ، گەمەی سیاسی تا ئێستا بەو رێکوپێکییە بەڕێوە نەچوە ، چونکە نەخشەیەک نەبوە لەسەری برۆن .

روداوەکانی ئێستاو چەند هەفتەی رابردوی عێراق ، پێماندەڵێن :

پێدەچێ بەغدای لەمەودوا ، بەهاوکاریی عەقڵمەندانی ئێرانی ئیسلامی ، بەرەو کۆپیکردن و چەسپاندنی ئەزمونەکەی تاران پێهەڵبگرێ ، لەبەرئەوەی ناڕەزایەتیی خەڵکی وڵات (بەر لەهەموان خەڵکە شیعەکەی) بەرامبەر بەچینی حاکم ، ناڕەزایەتییەکی راستەقینەیە ، تادێ رو لەهەڵکشان دەکا ، ئەگەر فێڵێک نەبینرێتەوە بۆ کۆنترۆڵکردن و لەقاڵبدانی(وەکو ئەوەی لەئێراندا کراوە ، یان با بڵێین : خۆبەخۆ رێچکەی خۆی دۆزیوەتەوە) ، ئەوا سیستمی ئیسلامی سیاسیی شیعی لەعێراقدا فت !

لەگەڵ فەرقێکی زەق لەپرۆسەی کۆپیکردنەکەدا :

لەئێران ، هەردو باڵ (مەحافەزەکارو ئیسڵاحی) ، یەک لەیەک پابەندترن بەدەستوری وڵاتەوەو هێشتنەوەی گەمەی سیاسی لەچوارچێوەی ئەحکامەکانیدا .

بەڵام لەعێراق ، هەر لەئێستاوە دیارە :

دابەشکردنی رۆڵی سیاسی لەناوخۆی (ماڵی شیعی) دا ، بەپێی نەخشە ئێرانیەکە (موحافەزەکارو ئیسڵاحی) ، قەیدی (پابەندبون بەدەستورەوە) ی لەسەر دانانرێ ، بەپێچەوانەوە : -

هەر لەئێستاوە هەموان لەسەر ئەوە رادەهێنرێن موزایەدەی ئەساسییان لەسەر یەکتر ئەمەبێ :

تەجمیدکردن و هەڵوەشاندنەوەی دەستور ، یان لانیکەم هەموارکردنەوەی ، بەجۆرێک کە ئەگەر هەلومەرجی (ئیقلیمی - نێودەوڵەتی) لەباربێ بۆ دروستکردنی عێراقێکی وەکو ئێران ، نەبێتە بەربەست لەرێدا .

ئەگەر ئەمە بچێتەسەر ، ئەوا ئەوسا لەئینتیخاباتەکاندا ، لەجیاتیی ئەوەی دەنگ بۆ لیستی کوردستانی کۆبکەینەوە ، دەبێ دەنگ بۆ باڵی ئیسڵاحتەڵەبی شیعی کۆبکەینەوەو گرەو لەسەر رەحم و بەزەیی ئەو بکەین (بەو پێیەی عادەتەن خەڵکی نارازیی وڵات بەگشتی ، سەریان لەکڵاوی ئەوەوە نزیکتر دەبێ **!**) .

...............

24 ئەپریل

# بەبۆنەی روداوەکانی دوزخورماتووەوە : فەوزای خەللاق

تێفکرینی سەرپێیی لەتیۆری (فەوزای خەللاق) ، مرۆڤ دەخاتە سەر ئەو بڕوایەی کە :

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ، ئاخری بستێ شوێنی ئارامی تێدا نامێنێتەوە ، هەموی گڕ دەگرێ ، پاشان دەست بەدامرکاندنەوەو رەسمکردنەوەی جوگرافیا سیاسیەکەی دەکرێ و خەونەکە دێتەدێ (خەونی بنیاتنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە) بەو شێوەیەی کە لەنەخشە نوێیەکەدا لەبەرچاو گیراوە .

بەڵام دەرکەوتنی ناگەهانی قازێکی رەشی وەکو روسیا لەهاوکێشەکەدا ، تادێ نەبەکامیی تیۆریەکەو ئەو کەسانەی بەیەقینی زۆرەوە لەچاوەڕوانیی ئەنجامەکەیدا رۆژ دەژمێرن ، رونتر دەکاتەوە .

پێشتر (بەر لەپەیدابونی قازە رەشەکە) هەر فەوزابو یەک لەسەر یەک فەوزای بەدوای خۆیدا رادەکێشا ، بەڵام کە نۆرە گەیشتە سەر سوریاو یەمەن و شەڕ بەوەکالەت (لەنێوان وەکیلەکانی ئەمریکاو روسیا) تاوی سەند ، دەرکەوت :

فەوزا نە خەللاقە ، نە رێگەیە ، نە دەچێتە سەر .

ئەوەتا پاش تێپەڕینی ئەو هەمو ساڵە بەسەر زنجیرە فەوزاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ، جوتە زلهێزەکە (ئەمریکاو روسیا) بەردەوام لەژێرەوە لەگفتوگۆدان ، بۆیان دەرکەوتوە کە :

کەسیان ناتوانن بەبێ پرس و رەزامەندیی ئەوی تریان دەستکاریی جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە بکەن .

کەواتە ئیتر نۆرەی دیالۆگە ، دەبێ بەهەردولایان خەریکی دامرکاندنەوەی فەوزاکەبن و پێکەوە پاشەڕۆژی گەلانی ناوچەکە تاووتوێ بکەن .

هەمو کەین و بەینەکانی سەرۆک و وەزیری دەرەوەی هەردو وڵاتی زلهێز ، رێک لەپێناوی پەرەپێدانی ئەم ستراتیژە نوێیەدایە :

ئیستیقراری ناوچەکە !

گەشتەکەی ئۆباما بۆ سعودییە ، راسپاردنی سەرانی خەلیج لەلایەن ئەوەوە بۆ

خۆگونجاندن لەگەڵ ئێران ، پەشیمانیکێشانی لەروخاندنی رژێمەکەی قەزافی ، رێگەدان بەسەرۆکی روسیا بۆ کۆنترۆڵکردنی جەنگی ناوخۆیی سوریا ، بەڵگەی رۆشنن لەسەر :

بەئاگاهاتنەوەی ئەمریکا لەنادروستیی تیۆریەکەی کۆندۆلیزا رایس (فەوزای خەلاق) و خەونی بنیاتنانی خۆرهەڵاتێکی نوێی ناوەڕاست کە لەگەڵ تموحی واشنتۆندا بگونجێ .

کورد لەهیچ کوێی کوردستان بەتەما نەبێ لەفەوزا هیچ هەڵبکرێنێ (نە لەقامیشلو ، نە لەئامەد ، نە لەکەرکوک و دوزخورماتو) ، بەتایبەتی هیچی وەکو (دەوڵەت) و شتی وەها ، سەعاتێ زوتر ئەم راستییە بزانێ و خۆی لەگەڵدا رێکبخاتەوە باشترە .

گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ، بەکوردیشەوە ، لەچەند ساڵی نێوان (بەهاری عەرەبی) و (جەنگە ناوخۆییەکانی سوریا ، لیبیا ، عێراق و یەمەن) تەنها حەقلی تەجرەبەبون بۆ ساغکردنەوەی تیۆرییەکی سیاسی ، لەو بەینەدا بون بەبەشێک لە (شەڕو ململانێ بەوەکالەت) .. زانینی ئەم راستییە بۆ کورد زۆر پێویستە .

بێگومان نە نیشتیمانی ئێمە ، نە هیچ وڵاتێکی ناوچە ، لەئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناکەوێ ، بەڵام بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕ بەقازانج بگەڕێنرێ ، فەوزا رێگا نییە .

................

20 ئەپریل

# ڕوی دەمم لەو کەسانەیە خەریکی شیرینکردنی دیموکراتیی کەمینەو زۆرینەن لەناو خەڵکی هەرێمدا

لەگەڵ دەرکەوتنەوەی موقتەدا سەدرو تێکترشانی پرۆسەی سیاسی لەعێراق ، بەرچاولێڵییەک لەناو خەڵکی هەرێمی کوردستاندا دروست بوە :

تێناگەن مەسەلە چییە !؟ چی ڕودەدا ؟! ئەوەی ڕودەدا چاکە یان خراپ ؟! قازنج و زەرەری بۆ گەلی هەرێمی کوردستان چی و چۆن دەبێ ؟!

ئەوەی بەرچاولێڵیەکەی لەناو خەڵکدا فراوانتر کردوە ، نوسین و قسەی ئەو کەسانەیە کە لەبارەی خۆڕاوەشاندنەکەی سەدرەوە قسە دەکەن و دەنوسن ، بەمەبەستی شیرینکردنی !

لەناو ئەو هەندە کەسەدا هەندێکیان بەهۆی کەمئاگاییەوە بەشداری لەفراوانکردنی ئەم بەرچاولێڵییەدا دەکەن ، بەڵام هەندێکیان ڕەنگە بەقەسد !

ئەوانەی لەپێناوی شیرینکردنی خۆڕاوەشاندنەکەی سەدردا بۆ خەڵکی کوردستان دەدوێن و دەنوسن ، یان دەبێ لەکەمئاگاییانەوەبێ و نەزانن کە ئەو بیرۆکەیەی سەدر دەیەوێ جێبەجێی بکا هەمان بیرۆکەیە کە مالکی دەیویست جێبەجێی بکا :-

وەلاوەنانی دیموکراتیەتی تەوافوقی ، کە لەئەسڵدا بۆ پاراستنی مافی کەمینەکانی ناو وڵاتی فرەپێکهاتە ، لەملهوڕی و خۆسەپێنیی زۆرینە ، داڕێژراوە .

لەجیاتیی ئەوە :

جێبەجێکردنی دیموکراتیەتی تەقلیدی (دیموکراتیەتی کەمینەو زۆرینە) و زەمینەسازاندن بۆ

دروستکردنی بڕیار لەوڵاتدا بەدەنگی زۆرینەی پەرلەمانی !

یان جیاوازیی نێوان دو جۆرە دیموکراتیەکە (دیموکراتیەتی تەوافوقی) و (دیموکراتیەتی تەقلیدی - کەمینەو زۆرینە) دەزانن و بەئاگاییەوە دەیانەوێ خەڵکی کوردستان باربێنن بۆ قەبوڵکردنی دیموکراتیەتە تەقلیدیەکەو هەڵوەشاندنەوەی

مەبدەئی تەوافوق .

بێگومان جێبەجێکردنی ئەم جۆرە دیموکراتییە لەعێراقدا (دیموکراتیەتی کەمینەو زۆرینە) ، نەک هەر زیانی بۆ کورد دەبێ وەکو پێکهاتەیەکی کەمینە کە دەنگەکانی لەپەرلەمان بەشی دروستکردنی بڕیار ، یان ڕێگریکردن لەبڕیار ، ناکا ، بەڵکو زیانی بۆ ژنانی سەرلەبەری وڵات دەبێ و بەتەواوی دەیانخاتە ژێر فشاری ئیسلامی سیاسیی شیعییەوە ، هەروەها زیانی بۆ زۆرێک لەچین و توێژو گروپە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگە دەبێ (نوسەران ، هونەرمەندان ، حیزبە نا ئیسلامیەکان ، میدیاکان) .

کەسێ ئەم راستیانە لەبارەی خۆراوەشاندنی سەدرو ئامانج و بیرۆکەکەیەوە بزانێ ، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ بدا لەڕێی نوسین و قسەکردنەوە لەخەڵکی هەرێمی شیرین بکا ، دیارە بەقەسد ، یان لەڕقی دەسەڵاتە فاسیدەکەی هەرێم ، یاخود لەبەر هۆکاری شەخسی و حیزبی و شتی وەها دەیکا کە هەڵەیە !

کەسێکیش لەکەمئاگاییەوە بیکا ئەوە کاری بەخێرە ، دەتوانێ کتێب و سەرچاوە پەیدا بکاو بەوردی بیانخوێنێتەوەو هەڵەی خۆی راست بکاتەوە .

بێگومان خەڵکی کوردستان ناهەقیان نییە لەم جموجوڵەی ئێستای سەدر حاڵی نەبن ، بەشێکی زۆر لەشوێنکەوتوانی خۆیشی لەبەغداو غەیری بەغدا هێشتا نازانن خەریکی چییە !

خەڵکی وڵات چی لەڕوداوێک هەڵکرێنن کە کەس نەیزانی چۆن کتوپڕ بو بەم لوغمەو پەرییە ژێر مێزی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و پیایاندا تەقییەوە ؟! بۆچی لەناو هەموواندا بەدەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەماندا ؟! بۆچی بەسەرۆکی حکومەتدا نا کە حکومەت دەسەڵاتی جێبەجێکارەو ئۆباڵی چاک و خراپ لەهەمو وڵاتێکدا (بەعێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە) بەئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێکارە بەر لەوەی بەئەستۆی دەسەڵاتی یاسادانانبێ ؟! بۆچی ریشی حیزبەکان و سەرانیانی نەگرتەوە (بەسوننی و شیعییەوە - بەتایبەتی شیعی) کە عێراقیان بەم دەردە گەیاندو سەدان گەندەڵکاری هەلاتوی دەستی قانونیان لەژێر عەمامەدا شاردۆتەوە ؟!

ئەگەر دەگوترێ : لەبەرئەوەبو پەرلەمان نەهاتە ژێر باری بیرکردنەوەی سەدرو ئامادە نەبو دەنگ بەو لیستە پێشنیارکراوە بدا کە عەبادی بەمەبەستی ڕێکخستنەوەو سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی کابینەکەی خستیە بەردەمی ، ئەمە زۆر نا مەنتقییە ، چونکە ئەگەر کابینەی ئێستا گەندەڵ و خراپەکارە ، دەبێ بکێشرێتە بەردەمی پەرلەمان و لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێ ، ئەوسا ئەگەر کار گەیشتە هەڵوەشاندنەوەی کۆی حکومەت ئەوا عادەتەن دەبێ کەسێکی تر رابسپێردرێ بۆ دروستکردنی کابینەی دوای ئەو نەک هەمان سەرۆکوەزیر ، خۆ ئەگەر پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەکە بەو شێوەیەش بەڕێوە نەبرا کە ئاماژەی پێدراو بەئارەزوی مەراجیعی دینی و حیزبی و سیاسی بەڕێوە برا ، ئەوا دەبێ لانیکەم بنەما سەرەکیەکانی دەستور بپارێزرێ .

دەستور دەستورە ، وەرەقەیەکی عادی نییە مەرجەعێکی دینی لەخۆڕاوەشاندنێکدا بتوانێ بیدڕێنێ و بەئارەزوی خۆی سیستمی سیاسی رێک بخاتەوە .

جێگای سەرسوڕمانە : لەناو خەڵکی هەرێمی کوردستاندا کەسانێک هەبن قسەو نوسینیان بخەنە پێناوی تەجمیدکردن و دواییش هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەستورەوە کە وردو درشتی نوخبەی سیاسیی کورد لەپێناوی نوسینەوەو جێبەجێکردنیدا عەقڵ و توانای بەخەرجداوە .

هەر کاتێ گرەنتیی تەواو لەئارادابو بۆ جیابونەوەی هەرێمی کوردستان لەعێراق ، ئەوسا دەستوری عێراق چیی لێدێ با لێی بێت ، بەڵام ئەو گرەنتییە لەئارادا نەبێ و رازی بین بنەڕەتیترین مەبدەئی ناو ئەو دەستورە کە (تەوافوق) ە بخرێتە لاوە ، ئەمە هەڵەیەکی ستراتیژیی گەورەیە ، ئەگەر گەرماوگەرمیش دەرەنجامە سلبیەکانی ئەو هەڵەیە روی گەلەکەمان نەگرێتەوە ، ئەوا دەبێتە سابیقەو لەئایندەدا روی دەگرێتەوە .

.................

19 ئەپریل

# ڕێگاکان هەر هەمو دەچنەوە سەر سەلیم ، دوایيش بەردەم گوریس و ڕافیعە !

لەبارەی هەوڵەکەی سەرۆککۆماری وڵاتەوە بۆ سازاندنەوەی لایەنەکان و ئاساییکردنەوەی ڕەوشی پەرلەمان ، پێگەی بئەلیکترۆنیی الغدبرس کاریکاتێرێکی نایابی بڵاوکردۆتەوە ، پەندە بەناوبانگەکەی لای خۆمانمان بەبیر دێنێتەوە کە دەڵێ : ڕێگاکان هەمو دەچنەوە بانە !

کاریکاتێرەکە لەجیاتیی ئەوەی بڵێ : هەمو ڕێگاکان دەچنەوە بانە ، دەڵێ هەمو ڕێگاکان دەچنەوە سەر سەلیم .. مەبەستی لەوەیە هەمو ڕێگاچارەکانی سەرۆککۆمار ، دەچنەوە سەر سەلیم جەبوری - سەرۆکی لەکارخراوی پەرلەمان .

بێگومان هەوڵەکەی سەرۆککۆمار ، ئەمڕۆ ، لەلایەن پەرلەمانتارە مانگرتوەکانەوە ڕەت کرایەوە .

هەر لەهەمان پێگەی ئەلیکترۆنیدا ، وێنەی سێدارەیەک بڵاوکراوەتەوە ، خۆپیشاندەرانی ئەمڕۆو دوێنێی بەردەم وەزارەتی کارەبا ، لەگوریسێکی تۆکمەو زرتەڕافیعەیەک سازاندویانە ، ڕێک لەبەردەم دیوانی وەزارەتدا لەبەغدا (وەکو ئاماژەیەک بۆ ترساندنی بەرپرسانی گەندەڵکار) کە بۆی هەیە بیکەن بەڕاست و لەو چەقی جادەیەدا ، بەبێ دادگاییکردن چەندین کەسی پێدا هەڵواسن ! (سەدام جێی هێشتین ، بەڵام بێمروەتانە نا ، لەسایەی ڕۆحی خۆیدا جێی هێشتین !) ...

بێگومان ئەم کردەوەیەی خۆپیشاندەرانی بەردەم دیوانی وەزارەتی کارەبا لەبەغدا کە حەتمەن دەبێ زۆرینەیان شیعەبن ، بەپێی ئەو قانونی بنەبڕکردنی ئیرهابەی کە نوخبەی شیعە بەخۆیان نوسیویانە ، ئیرهابێکی ئاشکرایە ، ئەگەر لەناو (قانونی عقوباتی عێراقی) شدا دەقمان پێ نەدۆزرێتەوە دیاریی بکا کە تاوانەو چ جۆرە تاوانێکە .

وێنەی ئەم گوریس و ڕافیعەیەو وێنە کاریکاتێریەکە ، ئەگەرچی هەردوکیان گوزارشت لەهەمان واقعی سیاسی - کۆمەڵایەتی دەکەن (واقعی عێراقی) و سەر بەیەک بەرەن (بەرەی دژە سەلیم) ، بەڵام سەر بە دو عەقڵییەتی جیاوازن :

گوریس و ڕافیعەکە سەر بەعەقڵییەتێکن کە تواناى تیفکرین و گفتوگۆو گوزارشتلەخۆکردنی لەدەست داوە .

کاریکاتێرەکە سەر بەعەقڵییەتی پێچەوانەی ئەوە :

سەر بەعەقڵییەتێکی سیاسیی تێفکریوە کە توانای گوزارشتلەخۆکردن و جەدەلی عەقڵانیی هەیە .

کاریکاتێرەکە ئەگەرچی مزگێنیدەر نییەو دڵ ئاسودە ناکا ، بەڵام دڵتۆقێنیش نییە .

بەڵام وێنەی گوریس و رافیعەکە بەتەواوی دڵتەزێن و رەشاوپرژێنە ، یەکسەر دەمانباتەوە بۆ چارەکە سەدەیەک لەمەوبەر کە تازە رژێمی بەعس لەکوردستان هەڵدەکەنرا ، ئەوساش دەور دەوری پەت و ئیعداماتی ناو ساحەو مەیدانی گشتی بو .

لەگەڵ ئەوەشدا ئیلهامبەخشەو بۆ ئەوە دەست دەدا دەسەڵاتدارانی لای خۆمان(هەرێم) ی بەرستەیەک پێ بدوێنین :

-بەردباران لەکوێ و رافیعەو پەت و هەڵواسین لەکوێ **!؟**

-چینی_حاکم_لەکوردستان

لەچینی حاکمی شیعە ورد ببنەوە کە لەماوەی کەمتر لەدەیەو نیوێک دەسەڵاتدارێتییاندا ، گوریسیان لەلایەن گەلی شیعەی خۆیانەوە بۆ هەڵخراوە ، بەڵام خەڵکی کوردستان لەماوەی چارەکە سەدەیەکدا تەنها بەردیان گرتۆتە دەسەڵات ، سەرەڕای ئەوەی لەخەڵکی شیعە زیاتریان بەدەست بێدادی و گەندەڵکاریی دەسەڵاتدارانی خۆیانەوە چەشتوە .

..................

18 ئەپریل

# سعودیيە ئەمریکای پێدەڕوخێنرێ !

## چەند رۆژێکە بەگەرمی باسی تێوەگلانی سعودیيە لەکردەوە تیرۆریستیەکانی ١١ ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ دەکرێ .

ئەم دەنگۆیە هاوکاتە لەگەڵ نزیکبونەوەی وادەی سەردانی ئۆباما بۆ ریاز .

هەردو دەوڵەت (ئەمریکاو سعودیيە) بەهۆی ئەم دەنگۆیەوە وەها دەردەکەون ترسی جددییان لەیەکتر لێ نیشتبێ ، ترس لەعەواقیبی خراپی ئابوریی دەنگۆکە بۆ سەر هەردو پایتەخت ، ئەگەر بەفەرمی یەکلایی و پشتڕاست بکرێتەوە ، چونکە ئەوەی ریازو واشنتۆنی بەتوندی لەیەکتر هەڵپێکاوە ئابورییە ، نەوت و دۆلارو ئەو شتەیە کە بەپترۆدۆلار ناو دەبرێ ، نەک دۆسییەگەلی ئەمنی و سەربازی و شتی وا .

لەچوارچێوەی پەیوەندیی ئابوریدا ، ریاز خزمەتی زۆر گەورەی واشنتۆنی کردوە ، دەکرێ بگوترێ بۆتە بایسی ئەوەی ئەمریکا ئەمریکابێ و زەبەلاحترین هێزی ئابوریی دنیابێ بەتایبەتی لەدوای ساڵی ١٩٧١ ەوە ، پێشتر لەوتارێکدا بەناونیشانی (سوتاندنی شاخە دۆلارەکانی ناو بانکەکانی ئەمریکا) ئاوڕێکی خێرامان لەم مەسەلەیە داوەتەوە ، تەماشای ئەم لینکە بکە :

https://m.facebook.com/story.php...

ئەگەر ریاز نەبوایە ، واشنتۆن چیی لەمۆسکۆ زیاتربو تا ئاوا بەکەماڵی ئیسراحەت پاڵی لێ بداتەوەو چاوەڕێی هەرەسی ئابوریی مۆسکۆبێ بەهۆی داکەوتنی بەهای نەوتەوە لەبازاڕدا .

ئەگەر ریاز نەبوایە ، واشنتۆن چیی لەخودی ریاز زیاتربو (ریازێکی خاوەن دە ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمی رۆژانە !) کەوا ئێستا بەهۆی داکەوتنی بەهای نەوتەوە لەبازاڕدا ، کەوتۆتە بەردەم هەڕەشەی ئیفلاس ، بەڵام واشنتۆن هەر واشنتۆنەکەی جارانە (نە بای دیوە نە باران) ، ئەگەرچی بەحساب ئەویش نەوتفرۆش و نەوتبەرهەمهێنەرە ، لانیکەم لەم دواییانەدا کە گوترا دەستی کردۆتەوە بەهەناردەکردنی نەوت ، خۆ دەبو کەمتازۆر لێی ببینین وەکو فەنزەویللا ، روسیا ، عێراق ، قەتەر ، جەزائیرو خودی سعودیيەو ... هتد ، داکەوتنی بەهای نەوت لەبازاڕدا تەنگەتاوی بکا ، بەڵام نەخێر : ئەو هەر تەماشاچییەکەی لەوەوبەرە (بەهۆی پابەندیی کۆشکی شاهانەی سعودیيە بەکۆشکی سپیی ئەمریکییەوە) ، یان رێنماییکەری وڵاتانە بۆ دەربازبون لەو تەنگژە ئابورییەی بەهۆی داکەوتنی بەهای نەوتەوە دوچاری بون !

چی واشنتۆنی کردوە بەو یاریچییە زەبەلاحە ؟

چی واشنتۆنی لەهەرەسی ئابوری و ئیفلاس پاراستوە کە تەنها لەساڵی ٢٠٠٨ ەوە تا ئێستا چەندینجار بانکە گەورەکانی توشی ئیفلاس یان دەستتەنگیی قورس بون ، کەچی هەر نەڕوخان و سەرلەنوێ وەکو لەوەوبەر هەڵاوسانەوە لەدۆلار !

تۆکمەیی ئابوریی ئەمریکا ، بەهۆی پابەندیی ریازەوەیە بەواشنتۆنەوە لەبازاڕی نەوت و دراودا :

-پابەندبونی ریاز بەو سیاسەتە نەوتییەوە کە واشنتۆن بەپلەی یەکەم لەخزمەتی بەرژەوەندیی خۆی و دوای خۆیشی لەخزمەتی بەرژەوەندیی وڵاتانی تری رۆژئاوادا دایرشتوە ، لەڕوی پری بەرهەمهێنانەوە کە دەتوانرێ بەئارەزوی دڵ بخرێتە پێناوی گەمەی نرخەوەو سەروخواری پێ بکرێ بەبەهای نەوت .

-پابەندبونی ریاز بەدۆلارەوە (فرۆشتنی نەوت بەدۆلار نەک بەیۆرۆ یان دراوی تر) .

ئەمە وایکردوە دۆلار پێویستی بەروپۆشی زێڕ نەبێ و بڕیارەکەی ساڵی ١٩٧١ ی بانکی ناوەندیی ئەمریکا (هەڵگرتنی روپۆشی زێڕ لەسەر دۆلار) بەئاسانی بچێتەسەر ، درێژە بکێشێ تا ئەمڕۆ :

دۆلاری ئەمریکی روپۆشی زێڕی زەردی بۆ چییە هەتا زێڕی رەشی سعودی و بەهۆی ئەویشەوە سەرجەم بەرهەم و یەدەگی زێڕی رەش لەدنیادا (نەوت) روپۆشییێ ؟

سیستمی دارایی ئەمریکی ، هەرچەند بەلای زۆرێک لەشارەزایانی بواری بانک و داراییەوە سیستمێکی فشۆڵ و لەرزۆکە ، بەڵام هەتا بەهای پترۆل لەبازاڕە جیهانیەکاندا بەدۆلار بخەمڵێنرێ و پترۆل بەدۆلار بفرۆشرێ کە ناوی (پترۆدۆلار) یش هەر لەمەوە داکەوتوە ، مەترسیی راستەقینەی لەسەر نییە ، سعودییە ئەم مەترسییەی رەواندۆتەوە ، لەبەرئەوە واشنتۆن بێئەندازە پێویستی بەڕیازە ، هەرچەند هەندێ بەرپرسی ئەمریکی وانالێن ، بەڵکو دەڵێن : زیاتر لەوەی کە واشنتۆن پێویستی بەڕیازە ، ریاز پێویستی بەواشنتۆنە .

-پابەندبونی ریاز تا ئەم کاتە بەهێشتنەوەی ئوسوڵە مادی و مالییە قەبەکانیەوە لەئەمریکا کە بایی نزیکەی یەک ترلیۆن دۆلارە ، یەکێکی ترە لەخزمەتگوزارییەکانی سعودییە بۆ واشنتۆن .

ئەوەی هەردولا (واشنتۆن و ریاز) ی لەدەنگۆی تێوەگلانی سعودییە لەکردەوە تیرۆریستیەکانی ١١ ی سێپتێمبەری ساڵی ٢٠٠١ ترساندوە ، ئەم نوقتەیەی دواییە (ئوسوڵە مادی و مالییەکانی سعودییە لەئەمریکا):

سعودییە ، هەم وەکو هەڕەشەیەک بۆ رێگریکردن لەهەر بڕیارو ئیدانەیەک کە بویسترێ دوای لێکۆڵینەوەی فەرمی لەدەنگوکە ، لەدژی دەر بکرێ ، هەم لەترسی تەجمیدکردن ، دەیەوێ کۆی ئوسوڵە مادی و مالیەکانی خۆی لەئەمریکا بکێشێتەوە ؛ بەفەرمیش ئەم خواستەی خۆی خستۆتە بەردەم

ئەمریكیەكان نەک لەڕێی میدیاو شتی وەهاوە کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەنگۆکە لەهەردو لاوە بەجددی وەرگیراوەو ئەسڵی هەیە ! رەنگە تاووتوێکردنی ئەم بابەتە ، یەکێکبێ لەو ئیشە گرنگانەی کە ئۆباما لەپێناوی راییکردنیاندا لەم ئاخرو ئۆخرەی ویلایەتەکەیدا سەردانی ریاز دەکا .

لەڕاستیدا سعودییە پێویستیی ئەمنی و سەربازیی بەئەمریکا نییە ، لەبەرئەوەی لەگەڵ دوژمنە موفتەرەزەکەی عەرەب (ئیسرائیل) حسابی خۆی رێککردۆتەوە : کۆتایی بەکێشمەکێش و نیزاعی قەومی - دینی هێناوە ، شتێ نەماوە لەنێوان تەلئەبیب و ریازدا ناوی ململانێ بێت ، نە ساردو نە گەرم ، نە شاردراوەو نە لەڕو ، تا ئەمریکا بۆی چارەسەر بکا یان پشتگیریی بکا تیایدا .

تەنها لەگەڵ ئێران کێشەی هەیە ، دەرکەوت ئەمریکا لەم کێشەیەدا کۆمەکی راستەقینەی ناکا ، نە لەڕێی پشتگیریی قانونی و نە لەڕێی پشتگیریی سەربازییەوە ، ئیتر ریاز واشنتۆنی بۆ چییە ؟

ریاز تەنها ئەوەندە واشنتۆنی پێویستە کە : بیانو نەدۆزێتەوە بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئوسوڵە مادی و مالیەکانی لەئەمریکا ، بەڵام واشنتۆن بەقەدەر پێویستیی موعتادێکی خراپ موعتاد بۆ مەوادی موخەددیر ، پێویستی بەسعودییەو پوڵ و پارەی سعودییەیە .

ریاز ئەگەر لەواشنتۆن راست ببێتەوەو بۆی بچێتەسەر (ئوسوڵە مادی و مالیەکانی لەئەمریکا بکێشێتەوە یان بیانفرۆشێ ، بەرهەمهێنانی نەوت کەم بکاتەوەو یارمەتیدەربێ لەبەرزکردنەوەی نرخی نەوتدا ، هەروەها بەیۆرۆ نەوت بفرۆشێ نەک بەدۆلار) دەتوانێ کارێ بکا ئەمریکا لەقەبارەی ئیمپراتۆرەوە بچوک ببێتەوە بۆ قەبارەی دەوڵەت !

بێگومان بۆی دەچوە سەر ئەگەر ئەمریکا دەوڵەتی قانون و عەدل بوایە : ملکەچی قانون و عەدالەت بوایە، بەڵام بۆی ناچێتەسەر لەبەر ئەوەی دەوڵەتی گەلەکۆمپانیای زەبەلاح و گەلەکۆمەکێی ئابوری و گەلەئەندامی ناو دامودەزگا قانونسازە قانونسەپێنە نێودەوڵەتیەکانە : بەرژەوەندیی خۆی لە چ قانون و بڕیارێکی نێودەوڵەتیدابێ ، ئەو قانون و بڕیارە دەسازێنێ .

لەبەرئەوە جێگای بڕوا نییە هیچ لایەکیان (نە ریاز نە واشنتۆن) لەگەڵ یەکتر بەئاسانی بیگەیەننە باریکی ، نە لەسەر دۆسییەی ١١ ی سێپتێمبەر ، نە لەسەر دۆسییەی لەویش قورستر ، بەڵام لەسەر بابەتەکە راوەستاین لەبەر بایەخە شیکاریەکەی .

ماوەتەوە بڵێین :

بەپێی وردەکاریی ناو راپۆرتێکی ئەمنیی ئەمریکیی چەند سەد لاپەڕەیی کە وەختی خۆی لەبارەی کردەوە تیرۆرستیەکانی ئەو ساڵەی وڵاتەکەوە ئامادەکراوەو هێشتا هەمو زانیاریەکانی ناوی بەتەواوی نەخراونەتە بەردەم رای گشتیی ناوخۆیی و دەرەکی (٢٨ لاپەڕەی بەنهێنی هێڵراوەتەوە) ، سعودییە دەستی هەبوە لەتەزکییەکردن و پەروەردەکردن و زەمینەسازاندن بۆ ئەو تیرۆریستانەی کردەوە تیرۆریستیەکانیان ئەنجامدا .

.................

17 ئەپریل

# فەوزا ، فرسەتتەڵەبی ، بەنرخی ئازادی و ئازایەتی!

هیچ کەس وەکو خەڵکی هەرێمی کوردستان و لەناو خەڵکی هەرێمی کوردستاندا وەکو حیزبەکان و لەناو حیزبەکاندا وەکو پارتی و یەکێتی و بزوتنەوەی گۆڕان و لەناو پارتی و یەکێتی و بزوتنەوەی گۆڕاندا وەکو ئەو کەسانەی ئیددیعای نەزاهەت و چاکسازی ، یان دڵسۆزی و کوردایەتی ، یاخود خۆخاوەنی و سەربەخۆیی رەئی دەکەن ، خراپی لێ نەقەوماوە .

تەماشای ئەم هەمو لێقەومان و کڵۆڵییە :

-رەوایە بۆ خۆی لەهەرێمی کوردستان گەندەڵیی دنیا بکا ، هاوکات دەست بگرێ بەسەر مەلەفی چاکسازی و بنەبڕکردنی گەندەڵیدا ، رابسپێرێ و لیژنە پێکبهێنێ بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی ، یەعنی : خۆی گەندەڵ و خۆی بنەبڕکاری گەندەڵی ، خۆی خراپسازو خۆی چاکساز (وەکو لەکۆمێنتی هاوڕێیەکدا هاتوە) .

بەڵام روی هەبێ بڵێ : گەندەڵی لەعێراق ، بەگەندەڵکاران چارەسەر ناکرێ ! بەو لایەنانە چارەسەر ناکرێ کە ئیددیعای چاکسازی و بنەبڕکردنی گەندەڵی دەکەن و لەئەسڵدا خۆیان گەندەڵییان لەوڵاتدا داهێناوە .

ئەم روانگەیە دروستە ، بەڵام بۆ هەردو شوێنەکە دروستە (بۆ بەغداش و بۆ هەولێریش) .

-رەوایە بۆ خۆی لەهەرێمی کوردستان لەسەر هەمو پەتێک یاری بکا ، تاوێ تای ئەمبەری کێشەکەو تاوێکیتر تای ئەوبەری کێشەکە بگرێ ، سیاسەتێکی رۆشنی نەبێ ، جەماوەرەکەی خۆیشی سەر لەکارو سیاسەتی دەرنەکەن .

بەڵام روی هەبێ سیاسەتی سەدرو ئەم و ئەوی ناو ماڵی شیعی ، بەناڕۆشن و فەوزەویانەو بێئاسۆ بداتە ئەژمار .

راستە : ئەوەی ئەم چەند رۆژە لەناو ماڵی شیعیدا لەبەغدا دەگوزەرێ و ئەو خۆڕاوەشاندنەی بۆ لەکارخستنی پەرلەمانی شەرعی خۆڕاوەشێنرا ، نالۆژیکی و فەوزەویانەیە ، دەبێ رێگریی لێ بکرێ ، بەڵام لەهەرێمیش هەمان کارەسات قەوماوە ، دەبوایە رێگری لەویش بکرایە ، بەوە ئیکتیفا نەکرایە کە هەندێ داعیەی بێدەسەڵات لەئاست کاری دەعەویی خۆیاندا ئیکتیفای پێدەکەن : وماعلینا الا البلاغ !

-رەوایە بۆ خۆی لەهەرێمی کوردستان سوار شەپۆلی نارەزایی خەڵک ببێ ، لەکۆتاییدا نەزانێ بۆ کوێیان

ئاراسته بکا ، چاوەڕێبێ تا میللەت بەدەست چینی حاکمەوە بەتەواوی دەپرۆکێ و دیسانەوە فرسەتی سواربونەوەیەکی تری دەست دەکەوێ ، پێی ئاساییبێ دیسانەوەش ئەنجامەکەی بریتیبێ لەوەی کە ئێستا هەیە .

بەڵام روی هەبێ بێئومێدی دەربڕێ بەرامبەر بەبانگەشەچیانی چاکسازی لەبەغدا .

راستە : چاکسازی و بنەبڕکردنی گەندەڵی لەعێراق ، لەم بارودۆخەدا کە وڵاتی تێکەوتوە ، لەخەیاڵەوە نزیکترە تا لەواقع ، بەڵام لەهەرێمی کوردستانیش هەر وایە.. دەبێ دان بەو راستییەدا بنرێ و خەڵک لەسەر خۆشخەیاڵی رانەهێنرێ .. دەبێ گوتاری چاکسازی و دادپەروەری نەکرێتە ئامراز بۆ پەڕاندەوەی چل پەنجا هەڵسوڕاوی حیزبی بەرەو ژیانی باش و هێشتنەوەی ئەو باقیی خەڵکی مەزڵوم لەدۆخی خۆیدا ، ئەمە رێگایە بەرەو لەباربردنی گوتارەکە .. لەبەغداو لەهەرێم ئەمە رویداوە .. هەر کەس و لایەنێک لەبەغدا یان لەهەرێم هەڵگری گوتاری دادپەروەرییە دەبێ دەستبەرداری دەسکەوتی مادی ببێ ، خەریکی پەیداکردنی دەسکەوتی مەعنەویبێ ، بۆ ئەوەی خەڵک بەدڵنیاییەوە دوایکەون ، نەک بەگومانەوە : لەناچاری و بێڕێبەریدا .

-باسی پەرلەمانتاری کورد لەبەغدا ، بکەینە کۆتا قسە :

پەرلەمانتاری کوردی بەڕێز ، چۆن دەبێ لەهەرێم دژی کودەتا ، فەوزا ، بێقانونی و لەکارخستنی پەرلەمانبێ ، بەڵام لەبەغدا بداتە پاڵ کەسانی کودەتاچی و فەوزەوی و هەڵخلیسکاو ، بەنرخی خۆخاوەنی و سەربەخۆیی رەئی بەخەڵکی بفرۆشێتەوە ، پاساوەکەی ئەوەبێ : مادەم لەهەولێر کودەتا بەسەر پەرلەماندا کراو پرۆسەی سیاسی شێوێندرا ، پابەند نابێ بەکۆدەنگییەکی کوردییەوە کە فەرمانڕەوایانی هەولێر خۆشحاڵ بکا .. ئا ئەمە عوزرێکە لەقەباعەت خراپتر ، رێک وەکو ئەو عوزرە کە دەڵێ : لەنێوان دو بژاردەی (خراپ) و (خراپتر) دا ، بژاردەی یەکەممان هەڵبژارد .

.................

15 ئەپریل

# گەڕانەوەی مالکی بۆ دەسەڵات ، هەڵاتنی سێ سەرۆکەکەیتر بۆ هەولێر!

بەپێی وتارێکی شیکاری کە لە rt arabic دا بڵاوبۆتەوە ، ئەو روداوانەی حاڵی حازر لەعێراقدا دەگوزەرێن ، فرسەتیان رەخساندوە جارێکیتر مالکی بگەڕێتەوە دەسەڵات ، راستەوخۆ ، یان لەڕێی دانانی دەستکەلایەکیەوە ، پاش هەڵوەشاندنەوەی سێ سەرۆکایەتیەکەی وڵات (حکومەت ، پەرلەمان ، کۆمار) بەڵام ئەگەر ئەمە روبدا ، ئەوا کودەتا رویداوە ، چونکە بنەما قانونیەکانی عێراقی نوێ ، رێگای کاری وەها نادەن .

لەوتارەکەی rt arabic دا هاتوە :

مادەی 11 و 12 ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ، ئیجازە دەدەن سەرۆکی نوێ بۆ پەرلەمان هەڵببژێردرێ ، ئەویش ئەگەر سەرۆکی ئێستای پەرلەمان ، دەستی نەگاتە کارەکەی و نەتوانێ سەرۆکایەتیی پەرلەمان بکا ، بەڵام خۆ سەرۆکی ئێستای پەرلەمان زرت و زیندو و بەکارەو دەستیشی دەگاتە کارەکەی ، جگە لەوە : ئەو دو مادەیە قانون نین ، دو مادەن لەپەیڕەوی ناوخۆو هیچیتر ، ناکرێ پشتیان پێ ببەسترێ بۆ هەڵتەکاندنی دەستەی سەرۆکایەتی و دامەزراندنی دەستەیەکی نوێ لەجێی ئەو .

بێگومان ئەگەر ئەم کودەتایە روبدا ، عێراق دەوڵەتەکەی لەوەوبەر نابێ (دیسان بەپێی وتارەکە) ، بەڵکو وەکو لیبیا یان یەمەنی لێدێ :

-عەبادی و جەبوری و مەعسوم بەرەو هەرێم هەڵدێن ، کورسیی دەسەڵات جێدێڵن بۆ مالکی یان دەستکەلاکەی مالکی .

-دەستور هەڵدەپەسێردرێ .

-سیستمی سیاسی لەپەرلەمانییەوە دەگۆڕدرێ بۆ سەرۆکایەتی .

هەڵاتوەکانی بەغدا ، لەهەولێرەوە دەکەونە ئیددیعای شەرعییەت ، وەکو (عبدربە منصور هادي) ی سەرۆکی هەڵاتوی یەمەن کە لەسعودییەوە ئیددیعای شەرعییەتی دەکردو عەلی عەبدوڵڵا ساڵح و

حوسیەکانی بەکودەتاچی ناو دەبرد .

لەوتارەکەی rt بگەڕێین ، هەندێ پرسیاری خۆمان بخەینەڕو :

- ئەم هەراو فەرتەنەو بێسەروبەرەییە ، رێک لەم کاتەدا کە خەریکە داعش بەیەکجاری لەکۆڵ دەکرێتەوە ، بۆ ؟

- دیمەنێکە لەو سیناریۆیەی ئامادە کراوە بۆ عێراقی پاش داعش ؟

- یان روداوێکی خۆبەخۆیە ، پەیوەندیی بەململانێی ناو ماڵی شیعییەوە هەیە ، خۆکرکردن و دورکەوتنەوەی سیستانیی مەرجەع زەمینەی بۆ رەخساندوە ؟

- بۆچی لەم کاتە ناسکەدا سیستانی قڕوقەپی هەڵبژاردوە ؟ ئەو کە بەیەک فەتوا حەشدێکی زەبەلاحی شەعبیی هەڵتۆقاند بۆ روبەڕوبونەوەی داعش و رێگەی بەخۆی نەدا تەماشاچییەکبێ وەکو هەر تەماشاچییەکیتر ، ئێستا چی کردویەتی بەتەماشاچی ؟ بڵێی بێتەوە دەنگ ؟ کەی ؟

- ئەی ئێران ؟

سیستانی قڕوقەپی کردوە ، ئەی ئێران چ کارەیە ؟ ناتوانێ بیهێنێتەوە قسە ؟ یان تاران خۆی ، قوڕوقەپی بەسەردا سەپاندوە ؟ بۆ ؟ چۆن ؟

دەیان پرسیاریتر ...

بێگومان ئاساییکردنەوەی پرۆسەی سیاسی لەعێراق ، پێویستی بەبەشداریی جددیی ئەو دوانە (سیستانی و ئێران) هەیە :

ئەگەر کەسێ یان لایەنێکی موتەنەفیزی بەهێز هەبێ عێراقیەکان ناچار بەسازانەوە بکا ئەوا وەکو ئەوە وایە هیچ روی نەدابێ (هیچی وایش روی نەداوە جگە لەهەندێ وردە روداوی موفتەعەلی کتوپڕ سازاو) ! بەڵام ئەگەر نەبێ ئەوا قەوماوەو تەواو .

- بەس (ئەگەر نەبێ) ، ئەوە نیشانەی چییە ؟ یەعنی چی بەجارێ نە سیستانی و نە ئێران ، نەتوانن یان نەیانەوێ کێشەیەک کە بەپلەی یەکەم کێشەی ناوماڵی خۆیانە (ماڵی شیعی) چارەسەر بکەن ؟ چ کێشەیەکیش ؟ کێشەیەکی موفتەعەلی کتوپڕ قەوماو کە چارەسەرکردنی وەکو ئاوخواردنەوە ئاسانە بۆ ئەوان !

وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر گران نییە ، پاش لەبەرچاوگرتنی هەندێ فاکتی سادە :

- بۆ دەیەو نیوێک دەچێ شیعە جڵەوی فەرمانڕەوایی عێراقی بەدەستەوەیە ، وێڕای گەندەڵیی زۆر لەکاروباری فەرمانڕەواییدا بەدرێژایی هەر هەمو ماوەی فەرمانڕەواییەکە ، هەروەها وردە ناکۆکیی

نێوخۆیی لەسەر بەرژەوەندیی حیزبی و شەخسی لەبەینی پێکهاتە سەرەکیەکانیدا (حیزبی دەعوە ، مەجلیسی ئەعلا ، رەوتی سەدر) ، پەیدابون و تەشەنەکردنی داعش ، بڵاوبونەوەی هەژاری و جیاوازیی زەقی چینایەتی لەناو خەڵکی وڵاتدا بەخەڵکە شیعەکەی موالیی نیزامی حوکمیشەوە ، وێڕای هەمو ئەو شتانەو شتی تریش ، تا ماوەیەکی زۆر کەم پێش ئێستا ماڵی شیعی لەخۆیی تێک نەدابو .

کتوپڕ لەکاتێکی کورت و ناسکدا گەمەی سیاسیی بەم بارە فەوزەوییە بێ سابیقەیەدا هەڵگەڕاندەوە !

ئەمە مەعنای ئەوەیە : ئیرادەیەک (ی هاوبەش _ کە حەتمەن ئێران و ئەمریکا دەنگی خۆیان لەبارەیەوە یەکخستوە) لەئارادایە بۆ سازاندنی وەها دۆخێک و هێنانەئارای سیناریۆیەکی تری سیاسی لەوڵاتدا ، تەنانەت پەلەکردن بۆ یەکلاییکردنەوەی دۆخەکەو سەرخستنی سیناریۆکە بەئاشکرا بەڕوداوسازییەکەوە دیارە ، جا بەئامانجی دابەشکردنی عێراقبێ بۆ سێ دەوڵەت ، یان یەکخستنەوەی وڵات لەسەر بنەمای تەوافوقێکی راستەقینە بەسێ هەرێمەوە (هەرێمی کوردستان ، هەرێمی سوننە ، هەرێمی شیعە) .

ئەوەی عەقڵ نایبڕێ ئەم سیناریۆیەیە : کودەتا لەپێناوی کودەتاو فڕێدانەدەرەوەی پێکهاتەیەکی موعەییەن لەپرۆسەی سیاسی .. چونکە مومکین نییە !

................

14 ئەپریل

# شارەکان حکومەتی هەرێم ڕانەوەستێنن حکومەتی هەرێم ئەوان ڕادەوەستێنێ!

گردبونەوەی کاسبکارانی بواری کڕین و فرۆش و بەکرێدانی خانوبەرە لەهەولێر ، ناڕەزایی کەسانێکی خەڵکی سلێمانی و شارانیتری هەرێم لەبەردەم فەرمانگەکانی ڕاییکردنی کاروباری خانوبەرە ، دژی زیادکردنی ڕسوماتی عەقاری بەشێوەیەکی بێسەروبەرەی تەماعکارانە ، نیشانەی ئەوەیە :

ناڕەزایەتیی خەڵک بەرامبەر بەحکومەتی هەرێم ، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕو لەفراوانبونە .

هەروەها نیشانەی ئەوەیە :

ئەو قەیرانەی حکومەتی هەرێمی تێکەوتوە ، لەوە قوڵترە کە کەوتۆتە بەرچاوی خەڵک (سیاسی و ئیداری و ئابوری و دارایی و عەقڵییشە !) .

پێشتر وا دەکەوتە بەرچاو ناڕەزایەتیەکان تەنها لەفەرمانبەرانەوەن لەبەرئەوەی زەرەر بەر بژێوییان کەوتوەو موچەیان کەمکراوەتەوە ، لەپاڵ ناڕەزایەتیی هەندێ مقاول و خەڵکی کاسبکاردا کە پارەیان کەوتۆتە لای حکومەت و نایانداتەوە .

واتە :

وا دەهاتە بەرچاو قەیرانەکە قەیرانێکی جوزئییە ، ژیانی هەمو خەڵکی نەگرتوتەوە ، تەنها ژیانی توێژی فەرمانبەری گرتۆتەوە .

بەڵام وا نییە ، ژیانی زۆربەی خەڵکی گرتۆتەوە بەفەرمانبەرو غەیری فەرمانبەرەوە .

لەکوردەواریدا باوە دەگوترێ : کەسی ئاوبردو ، بۆ خۆڕزگارکردن لەخنکان ، دەست بۆ چڵە پوشێکیش دەبا ...

حکومەتی هەرێم ئەگەر لەحاڵێکی زۆر خراپدا نییەو نەگیراوەتە بەردێکی زۆر قورس لەبنی ئاوەکەدا ، بۆچی چڵە پوشێکی بەدەر نەکردوە لەدەستبۆبردن ؟

با بچینەوە سەر باسی رسوماتی خانوبەرە :

بەپێی ئەو قسانەی کاسبکارانی بواری خانوبەرە لەگردبونەوە نارازیانەکەی هەولێردا خستیانەڕو ، رسوماتی عەقاری سێ بەرامبەر زیاد کراوە : پێشتر لەسەدا یەک بوە ، ئێستا کراوە بە لەسەدا سێ .

واتە ئەگەر پێشتر بۆ گواستنەوەی مولکییەتی زەوی یان خانویەک لەفرۆشیارەوە بۆ کڕیار ، یەک ملیۆن دینار وەرگیرابێ ، ئێستا سێ ملیۆن دینار وەردەگیرێ .

بێگومان ئەم پێوەرە نەک تەنها لەکڕین و فرۆشی خانوبەرەدا ، بەڵکو لەهەمو جۆرە مامەڵەیەکی خانوبەرەدا سەپێنراوە ، هەر لەمامەڵەی جیاکردنەوەی تاپۆی ئەو خانوانەی لەگەڵ خانوی تەنیشتیان تاپۆیان هاوبەشە بیگرە بۆ مامەڵەی سوکناو وردەوپردەکانیتر .

خەڵکی سلێمانی ، ئەوانەی بۆ سوکناکردنی خانو ، یان بۆ جیاکردنەوەی تاپۆی خانو ، یاخود بۆ رایيکردنی مامەڵەی روخاندنی خانوی کۆن ، رێیان کەوتۆتە فەرمانگە مەعنیەکان ، باسی جیاوازیی گەورە دەکەن لەنێوان ئێستاو پێش ئێستادا (گەورەتر لەوەی هەولێریەکانی ناو گردبونەوەکە باسیاندەکرد) .. بەپێی قسەی سلێمانەییەکان ، پێشتر رایکردنی مامەڵەی سوکنای خانو ، یان جیاکردنەوەی تاپۆی خانو لەخانوی تەنیشتی (ئیفرازکردن) ، چەند هەزار دینارێکی زۆر کەمیان تێچوە (باسی پێنج شەش هەزار دینار دەکەن) ، بەڵام ئێستا پێنجسەد بۆ شەشسەد هەزار دیناریان تێدەچێ !

ئەمە ، یان نیشانەی ئەوەیە حکومەت غەوری قوڕێکی خەست بوەو دەیەوێ بەتەنگەتاوکردنی خەڵکیشبوبێ خۆی بگرێتەوەو نەکەوێ ، یان نیشانەی ئەوەیە حەزی لەزۆردارییە : دەستمایەی کزبوەو دەیەوێ لەسەر حسابی خەڵک بێتەوە مایە .

پسۆڕانی ئابوری و دارایی و کارگێری ، راوێژکارانی مەعنی لەناو حکومەتدا ، هەندێ لەکاسبکارانی بوارەکە (بواری کڕین و فرۆشی خانوبەرەو عەقارات) دەزانن جیاوازی هەیە لەنێوان (باج) و (رەسم) دا ، هەروەها دەزانن (ئیزدیواجی زەریبی) یەعنی چی ، دەشزانن (داهات) چی و چی دەگرتەوەو چی و چی ناگرێتەوە ، پێویستە دۆو دۆشاو بۆ حکومەت لەیەک جیا بکەنەوە ، رازی نەبن تێکەڵیان بکا !

بەندە کە لەتاوی خەڵک ، خۆم لەم باسە هەڵقورتاندوەو هیچی وای لێ نازانم ، گومانم هەیە لەوەی دەستاودەستکردنی خانوبەرەو زەویوزار لەناوخۆی وڵاتدا (لەڕێی کڕین و فرۆشەوەبێ یان لەڕێی بەخشین و هیبەوە) هیچ بخاتە سەر داهاتی گشتیی نەتەوەیی و سەرچاوەیەکبێ لەسەرچاوەکانی داهات ، تەنها لەحاڵەتی بەکرێدان و فەلاحەتلەسەرکردن و پارەتیاپەیداکردندا نەبێ (بۆ نمونە دوکان) ، کەواتە هەقوایە تەنها لەحاڵەتی بەکرێدان و فەلاحەتلەسەرکردن و پارەتیاپەیداکردندا باج بخرێتە سەر عەقارات و زەویوزار (سەر داهاتەکەیان) .

بۆ رایيکردنی مامەڵە ئیداریەکانی خانوبەرەو زەویوزار : جیاکردنەوەی تاپۆی هاوبەش ، سوکناکردن ، بەناوکردن (نقل الملکیه) ، تەسبیت حدودو ... هتد ، دەبێ رەسم وەربگیرێ ، رەسمیش وەکو بیستومانە

بڕە پارەیەکی ڕەمزیی مەقتوعە ، لەبری ڕاییکردنی مامەڵەی ئیداری وەردەگیرێ ، زۆر زۆر لەباج کەمترە ، بەڵام باج دەخرێتە سەر داهات ، عادەتەن بەپێی بڕی داهاتەکەش سەروخوار دەکا .

ئەو پارە زۆرەی کە حکومەتی هەرێم ، بەبڕیاری خۆی نەک بەڕاوێژی پەرلەمان (کە ئەمە هەڵەیەکی قانونیی زەقە) بۆ ڕاییکردنی مامەڵەی خانوبەرەو زەویوزارو هاتوچۆ ، نیازی هەیە لەخەڵکی بسێنێ ، ڕەسم نییە ، باجە بەناوی ڕەسمەوە ، بگرە سەرانەیە .

حکومەتی هەرێم نەک هەر لەدیاریکردنەوەی ڕسوماتدا پێڕاکێشیی زۆری کردوە ، بەڵکو دەست لەئیزدیواجی زەریبییش ناگێڕێتەوە کە بریتییە لەدوبارەو چەندبارە گومرگکردنەوەی هەمان یەک دانە کاڵا (لەحاڵەتێکدا نەبێ کە زەرەری بازرگانانی سەر بەحیزب و کۆمپانیا حیزبیەکانی تێدابێ ) .

باجدانان لەسەر مامەڵەی کڕین و فرۆشی هەمان خانو لەهەمو دەستاودەستکردنێکدا ، یان لەسەر هەمان سەیارە لەهەمو دەستاودەستکردنێکدا (بەناوی ڕەسمی عەقاری و ناوی تری ناڕاستەقینەوە) چییترە جگە لەئیزدیواجی زەریبی و چەندبارە سەندنەوەی باج لەهەمان یەک دانە کاڵا کە لەئەسڵدا نابێ لەیەکجار زیاتر باجی لەسەر وەربگیرێ ؟

حکومەت خراپ هاتۆتە دەست ، دەبێ ڕابگیرێ ، لەبەر خۆی و لەبەر خەڵکیش ، بەتایبەتی لەم مەسەلەیەدا کە ئاماژەی پێدرا ، چونکە زەرەری خۆیی تێدایە بەر لەزەرەری خەڵک .

.................

12 ئەپریل

# ئەگەر هێزەکانی درعی جەزیرە پێش یان پاش یاخود هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی رێکخەری گشتیی گۆڕان لەهەرێمبون!

مانگێ پێش ئێستا یان شتێ کەم و زۆرتر ، عبدالفتاح سیسیی سەرۆکی میسر رایگەیاند :

ئەگەر بشێم بۆ فرۆشتن ئەوا ئامادەم خۆم بفرۆشم بۆ میسر .

خەڵکی وڵات لەڕێی سۆشیال میدیاوە بەتوندی کەوتنە لاقرتێکردن بەقسەکەی ، هەڵمەتێکیان بەڕێخست بەناوی : سەرۆک بۆ فرۆشتن ...

کەسێک لەوان نەیدەزانی زۆر نابا ، سەرۆک لەجیاتیی فرۆشتنی خۆی ، بەشێک لەخاکی وڵاتەکەی (جەزیرەی تیران و سەنافیر) دەخاتە سەر مەزادو دەیفرۆشێ بەسعودییە ...

ئێستا خەڵکی میسر ، دابەشبون بەسەر دو بەرەدا : بەرەیەک (پێدەچێ کەمینەبن) رازی بەبڕیاری فرۆشتنەکە ، بەرەیەک ناڕازی .

ئەوانەی لەگەڵ فرۆشتنەکەن قسەی جۆراوجۆر دەکەن ، هەیانە دەڵێن پەنجاو ئەوەندە ساڵ تەمەنمانە ناوی ئەو دو جەزیرەیەمان هەر نەبیستوە ، هەیانە دەڵێن ئەو دو جەزیرەیە لەئەسڵدا سعودین نەک میسری ، هەیانە دەڵێن مەسەلەکە مەسەلەیەکی بچوکە ، با گەورەی نەکەین و سەرۆک بڕیاری چیی داوە خەڵک هەمان بڕیاری هەبێ ...

پێدەچێ قەیرانی ئابوری و دارایی وڵات پاڵنەری سەرەکیی ئەم بەرەیەبێ : بەهیوای ئەوەبن دەستبەرداربونی میسر لەو دو جەزیرەیە بۆ سعودییە ، ببێتە بایسی بوژانەوەی خەڵکی میسر .

بەرەکەیتر کە ئیخوان موسلیمین رۆڵی دیاری هەیە لەهاندانیاندا ، بەتوندی دژی بڕیاری فرۆشتن یان تەنازولەکە وەستاونەتەوە ، نایسەلمێنن ئەو دو جەزیرەیە سعودی بوبن و سعودیین ، رەنگە ناڕەزایەتیەکەیان بەریش بدا .

ئیخوان خۆیشی لەڕێی کاراکتەری حیزبیی خۆیەوە ، بەتوندی قسەی لەسەر هەڵوێستی هەردو نیزامی فەرمانڕەوا (میسری و سعودی) کرد کە ڕەنگە لەکۆتاییدا سعودییەی بەتەواوی لێ تەوەللا بکا .

لەپەراوێزی ئەم هەواڵەدا قسەیەک لەبارەی هەرێمی کوردستانەوە بکەین :

چەند مانگ پێش ئێستە ، لەگەرمەی تێکبەربونی حیزبەکانی ناو پرۆسەی سیاسیدا کە ئاخری شێواندنی پرۆسەی سیاسیی لێکەوتەوە ، نوسەری ئەم چەند دێرە مەقالێکی بەم ناونیشانە بڵاو کردەوە :

ئەگەر هێزەکانی درعی جەزیرە هەڵیانکوتایە سەر سلێمانی !

مەبەست لەمەقالەکە ئەوەبو زەمینەیەک بۆ خاوکردنەوەی گرژیی نێوان لایەنەکان بسازێ و ترسی ئەوە بنرێتە بەر کۆمەڵگا ململانێ نەگەیەنێتە باریکی بۆ ئەوەی دوبارە (وەکو ساڵانی شەڕی ناوخۆ) هەڵاتهەڵات ڕونەداتەوە .

ئێستا (هاوکات لەگەڵ هەواڵی گەڕانەوەی ڕێزدار نەوشیروان مستەفا - ڕێکخەری گشتیی بزوتنەوەی گۆڕان ، لەبەریتانیاوە بۆ کوردستان) دەبیستین فڵانە راوێژکار بۆ فڵانە گۆڤار دواوە کە :

ئەگەر داوا کرابا یان داوا بکرێ ، هێزەکانی درعی جەزیرەو تەنانەت ئیسرائیلیش ، بەزوترین کات بەدەم هەرێمەوە دەهاتن و دێن بۆ هاوکاریکردنی لەپاراستنی ئاسایشی ناوچەکەدا .

ڕەنگە ئەم لێدوانە هەوڵێکبێ لەجۆری هەوڵەکەی بەندە لەوتاری (ئەگەر هێزەکانی درعی جەزیرە هەڵیانکوتایە سەر سلێمانی) کە وەکو گوترا تەنها بۆ سڵەماندنەوەو ساردکردنەوەی خەڵک بو لەململانێی توند .

بەڵام لەوانەشە ببێتە ڕاست :

وەکچۆن خەڵکی میسر لەخەو هەڵسان بینییان شا سەلمان لەقاهیرەیەو تەقەی مامەڵەی دێت لەگەڵ سیسی بۆ کڕینی دو جەزیرەکە ، خەڵکی کوردستانیش لەخەو هەڵسن ببینن سەربازەکانی شا سەلمان لەکوردستانن بۆ کۆمەکی حکومەتی هەرێم .

..............

# عواد باع ارضه

هەوڵدان بۆ شێواندنی راستیی مێژوویی و دیمۆگرافی ، بەقازانجی لایەک و زەرەری لایەکیتر ، لەچوارچێوەی سیاسەتدا ، لەمێژە تاقی دەکرێتەوەو پەنای دەبرێتەبەر ، هەندێجار سەری گرتوە ، هەندێجاریش نەتوانراوە ببرێتە سەر ، لەبەرئەوەی لەناو ئەو خەڵکەدا کە ویستراوە راستیەکە بەزەرەرو زیانیان بشێوێنرێ ، هۆش و گۆش لەئارادابوە ، بەهرەو دڵسۆزی و گیانی لەخۆبوردویی لەئارادابوە .

گەڕانەوە بۆ دیاریکردنی سەرەتا مێژوییەکەی ئەم رێگا چەوتەی سیاسەتکردن و ململانێکردن ، پێویستی بەهەوڵی وردی ئەکادیمیانە هەیە ، توێژینەوەی قوڵی ئەکادیمی دەتوانێ پیشانیداو ساخی بکاتەوە کە : چەندجار ، کەی ، چۆن ، لەکوێ و بۆچی ، هەوڵی شێواندنی راستیی مێژویی و دیمۆگرافی دراوە ؟ ئەی ئەنجامەکەی چی بوە ؟ کاردانەوەی خەڵکانی زەرەرکردو لەو شێوێنکارییە ، چۆن بوە ؟

بێگومان بۆ خەڵکی کوردستان ، توێژینەوەگەلی لەو جۆرە ، بێئەندازە سودی دەبێ ، لەبەرئەوەی خەڵکی کوردستان لەخەڵکە هەرە زیانبەرکەوتوەکانی ئەو سیاسەتە چەوتەن و تا ئێستا بەتوندی لەژێر فشاری چەواشەکاریدا پەنگیان پێ دەخورێتەوە ، چ لەتورکیا ، چ لەئێران و عێراق و سوریا ، بگرە لەناو تاقە هەرێمەکەی ژێر دەستی سەرانی خۆیاندا .

بەداخەوە لەناو گەلی ئێمەدا هێشتا رێگای باش و کاریگەر نەدۆزراوەتەوە بۆ روبەڕوبونەوەی ئەو چەواشەکارییە مێژویی و دیمۆگرافییانەی کە دەیانساڵە داگیرکەرانی کوردستان لەزەرەرمان درێژەی پێدەدەن .

هەڵبژاردنی هونەرو سۆشیال میدیا وەکو دو رێگای گرنگ و کاریگەر بۆ بەرخورد لەگەڵ ئەم کێشە کۆن و نوێیە (کێشەی شێواندنی راستیی مێژویی و دیمۆگرافی) ، راستەوخۆ خەڵک دەهێنێتە ناو کایەکە ، هەم زەمینەی فیکرییان بۆ دەڕەخسێنێ بۆ پەیداکردنی ئاگایی زیاتر لەبارەی کێشەکەوە ، هەم زەمینەی دەرونی و کۆمەڵایەتی بۆ بەشداریکردن لەهەڵوەشاندنەوەی ناڕاستی و سەرخستنی راستی .

نمونە بۆ پشتگیری لەم بۆچونە ، بەشداریی خەڵکی میسرە لەڕێگای هونەرو سۆشیال میدیاوە لەڕوخاندنی حکومەتەکەی حوسنی موبارەک ، هەروەها لەڕسواکردنی حکومەتی ئێستای وڵاتەکەیاندا کە لەبەر

خاتریی درێژەدان بەدەسەڵاتدارێتیی خۆی و تێپەڕاندنی قەیرانە ئابوری ، سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ، بەیەکجاری دەستی لەهەردو جەزیرەی تیران و سەنافیر هەڵگرتوە بۆ دەوڵەتی سعودییە ، ئەگەر خەڵکی میسر بهێڵن مامەڵەکە سەربگرێ و تاکۆتایی بچێتەسەر .

بێگومان بزوتنەوەی ئیخوان موسلیمین لەهەردو روداوەکەدا جێدەستی بەتۆخی دەبینرێ کە ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە . ئێستا ئۆپەرێتی گۆرانیئامێزی (عواد باع ارضە) کە کارێکی هونەریی دەیانساڵ پێش ئێستایەو نۆستالیژیای چەندین جیلی لەخۆی گرێداوە ، کراوەتە سونبولی هونەری و ئامراز بۆ رسواکردنی سیسیی سەرۆکی وڵات ، رەنگە لەکۆتاییدا ببێتە بەربەستێکی جددی لەڕێی جێبەجێکردنی مامەڵە دوقۆڵییە نانەتەوەیی و نانیشتیمانیەکەی نێوان ئەو و شا سەلمان .

هەر ئێستا کە هێشتا مەرەکەبی ئیمزای سەر رێکەوتننامە دوقۆڵیەکەی نێوان قاهیرە - ریاز وشک نەبۆتەوە ، لەچەندین لاوە هەڵمەتی نارەزایەتیی خەڵک لەڕێی نێتەوە ؛ لەژێر ناونیشانی ئەو ئۆپەرێتە غینائییەدا (عواد باع ارضە) لەجمەدایە . دەکرێ خەڵکی کوردستان ، چ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ چەوتکاری و لاڕێییەکانی ناوخو ، چ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ چەواشەکاریی داگیرکەرانی خاک و نیشتیمانەکەیان ، ئیلهام لەم هەڵمەتە (عواد باع ارضە) وەربگرن و بەشوێنیدا بڕۆن .

ئەوەش بڵێین : بەپێی دەستورە یەکلەدوای یەکەکانی وڵاتی میسر ، هیچ کەس و سەرۆکێک بۆی نییە دەستبەرداری یەک بست لەخاکی وڵات ببێ بۆ هیچ دەوڵەت و لایەنێک .

بۆ چارەسەرکردنی ئەو بەربەستە دەستورییە ، دارو دەستەی سەرۆکی وڵات خەریکی رەواجدانن بەزانیارییەک (هەڵبەستراو و ناڕاست ، یان راستەقینەو دروست ، بۆ ئێمەومانان هێشتا مەعلوم نییە) کە دەڵێ : دو جەزیرەی ناوبراو (تیران و سەنافیر) لەئەسڵدا سعودین ، تەنها ئەوەیە ساڵی ١٩٥٠ پاراستنیان لەدەستی ئیسرائیل سپێردراوە بەمیسر ، لەبەر بەهێزیی سوپای میسر (ئەگەرچی زۆرێک لەدۆکیۆمێنتە فەرمی و نافەرمی ، میسری و غەیرە میسرییە بەردەستەکان ، دەڵێن : میسرین !) .

ئەوەش عروبەکەی سەرانی عەرەب و برایەتییە دینیەکەیان کە رێگە دەدا لەقوت و بژێویی حەفتا هەشتا ملیۆن عەرەبی کەمدەرامەتی میسر، بگیرێتەوە بۆ رێژەیەکی کەم لەعەرەبی دەوڵەمەندو تێروتۆخی سعودی.

بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئۆپەرێتەکەوە ، تەماشای ئەم لینکە بکە :

https://m.facebook.com/story.php...

بۆ بیستنی ئۆپەرێتەکەش تەماشای ئەم لینکە بکە :

https://www.youtube.com/watch?v=6XpmGPur0Wwت

................

8 ئەپریل

# عەبادییەکمان دەستبکەوتایە

# بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ناحیزبی لەهەرێم

واز لەوە بێنین ئەوەی عەبادی لەبەغدا دەیەوێ بیکا ئەنجامەکەی چی دەبێ ، یان تا چەند لەگەڵ دەستوری وڵاتدا کۆک و ناکۆکە ، یاخود چ خێرو شەڕێکی بۆ خەڵکی کوردستان لێ هەڵدەوەرێ ، تەنها باسی چەمکی حکومەتی تەکنۆکرات بکەین (بەو مانایەی کە عەبادی خۆی ، خستویەتیەڕو : حکومەتی ناحیزبیی پسپۆڕ لەتایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی کایەی حکومەتداری) .

گومانی تێدا نییە :

حکومەتی حیزبیی پەتی ، لەهەمو جۆرە حکومەتێکیتر موعەڕڕەزترە بۆ هەڵخلیسکان و گەندەڵبون ، هەردو حکومەت (حکومەتی بەغداو حکومەتی هەولێر) باشترین نمونەن بۆ سەلماندنی ئەم راستیە :

بڕینەوەی موچەی مفت و قەبە قەبە بەناوی خانەنشینییەوە بۆ هەزاران کەس ، تێخزاندن و جێکردنەوەی دەیان هەزار ناوی وەهمی لەقایمەی موچەدا کە لەکوردستان بەبندیوار ناودەبرێن و لەبەغدا بەهەوایی ، شوێنبزرکردنی ملیارەها دۆلار لەداهاتی نەوت کە مەگەر دواجار ویکلیکسێ ، پەنەمایێ ، شتێ ، پێمان بڵێ چییان لێهاتوە ، لەسایەی موحاسەسەی حیزبیدا نەبوایە ، چۆن دەکراو بەکێ دەکرا ؟

حەتمەن عەبادی بەوردی درکی بەو راستییە کردوە کە حیزب دایکی هەمو گەندەڵییەکی ناو حکومەتە ، بۆیە پێشنیاری پێکهێنانی حکومەتی (ناحیزبی - تەکنۆکرات) ی کردوە ، بەڵام رای کورد چی و چۆنبێ لەبارەی پێشنیارەکەی و بەشە وەزیری خۆیەوە لەبەغدا ، ئەوەیان باسێکی ترە .

خۆزگە عەبادییەک لەهەولێر پەیدا دەبو ، بەڵام ئەمریکاو ئێرانێکیش هەبونایە پشتیان بگرتایە ، وەکو ئەمەی کە تاران و واشنتۆن بۆ عەبادیەکەی بەغدای دەکەن .

کێ نازانێ هەرێم تۆپیوی دەستی حیزبەو لەبەغدا زیاتر پێویستی بەحکومەتی ناحیزبییە ، یان بڵێین : تەکنۆکرات !

کێ نازانێ چارەکە سەدەیەکە نەک هەر لەنێوان یەکێتی و پارتیدا ، بەڵکو لەنێوان باڵەکانی هەر یەکێکیاندا ، هەروەها لەنێوان باڵەکانی حیزبە تەوزیفکراوەکانی ناو

پرۆسەی حکومڕانیدا ، لەسەر نەک هەر وەزیفە باڵاکان ، بەڵکو لەسەر وەزیفە هەرە نزمەکانیش ، کێبەرکێی ناشەریفانەو ملشکاندن درێژەی هەیە ؟ ئەگەر شیرینیی گەندەڵی نەچوبێ بەقوڕگیاندا ئاوەها خۆیان بۆ پلەو پۆست هەڵدەنا ؟ ئەگەر حکومڕانی و وەزیفەی باڵا ئەرک بونایە نەک دەستکەوت و غەنیمەت ، ئاوەها ملیان بۆ دەدرا بەشکان ؟

بەڵکو وابێ :

بەغدا ببێتە دەروازە بۆ چونەدەرەوەی هەولێریش لەساحەی حیزب .

...............

4 ئەپریل

# کاندیدی کورد لەسەر لیستی حیزبی دەعوە

کورت و کرمانج :

ئەو چەند کوردەی عەبادی کاندیدی کردون بۆ پۆستی وزاری لەکابینە پێشنیارکراوەکەیدا ، لەسەر لیستی حیزبەکەی (حیزبی دەعوە) کاندیدی کردون ، ئەگەر کارەکە سەربگرێ دەبێ پابەندی سیاسەتی حیزبی دەعوەبن .

ئەمە عەیب نییە ، نە بۆ کوردە کاندیدکراوەکان ، نە بۆ حیزبی دەعوەو عەبادی ، هەروەها خیانەتیش نییە لەهیچ لایەکیانەوە (لەعێراقی ئەم سەردەمەدا کە کەس ناتوانێ مەعلومی بکا ئایا دەوڵەت بەتەواوی رو لەگەڕانەوەیە بۆ سەردەمی پێشو - سەردەمی بەعس ، یان نا) ، بەڵام بەمەرجێ : هەڵخەڵەتاندن و لەخشتەبردنی تێدا نەبێ ، بگوترێ مەسەلەکە بەو جۆرەیە (واتە بگوترێ کاندیداکان لەسەر لیستی حیزبی دەعوە کاندید کراون) ، هەروەها کاندیداکان خۆیشیان لانیکەم ئەوە بڵێن کە ئەوان وەکو کوردو کەسی سەربەخۆ ، لەسەر لیستی حیزبی دەعوە ، بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان ، خۆیانیان کاندید کردوە ، وەکو هەمو ئەو کوردانەی لەسەر لیستەکانی سەر بەدەوڵەت لەئێران و تورکیا ، خۆیان کاندید دەکەن بۆ بەشداری لەکارو پرۆسەی سیاسی ، یان وەکو ئەو تورکمان و ئاسوری و عەرەبانەی لەسەر لیستە کوردستانیەکانی هەرێم خۆیان کاندید دەکەن بۆ پەرلەمانی کوردستان ، ئەوسا ئەنجامەکەی دەکەوێتە ئەستۆی خەڵکی کوردستان : متمانەیان پێدەکەن و دەنگیان دەدەنێ ، یان نەخێر متمانەیان پێناکەن و پێیان وادەبێ کارەکەی ئەمانیش بەسەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان کۆتایی دێت ، وەکو کاری ئەو کوردانەی لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتیی حیزبی بەعس لەعێراق ، لەسەر لیستەکانی سەر بەدەوڵەت خۆیان کاندید دەکرد : (لیستی حیزبە کوردیەکانی ئەوسا کە لەناو خەڵکی کوردستاندا بەحیزبی کارتۆنی دەناسران و ناو دەبران ، هەروەها حیزبی بەعس خۆی) .

کاندیدکردنی کورد لەسەر لیستی حیزبی دەعوە ، یان مەجلیسی ئەعلا ، یان هەر حیزبێکی تری عەرەبیی عێراقی ، کە هەم لەئێستادا هەم لەئایندەدا ، ئەمرێکی موحتەمەلە ، بۆ ئەوەی نەچێتە چوارچێوەی خیانەتەوە (چ بۆ حکومەتی بەغدا چ بۆ کاندیدا کوردەکانی سەر بەلیستە عێراقیە ناکوردستانیەکان) ، هەروەها بۆ ئەوەی خەرقی دەستوری و هەڵوەشاندنەوەی بنەما سیاسیەکانی عێراقی نوێ و هەڵوەشاندنەوەی وڵاتەکە خۆیشی لێ نەکەوێتەوە ، پێویستی بەشتێکی زۆر

بنەڕەتیترە لەوەی کە ئاماژەی پێدرا :

دەبێ لەسەر حسابی بەشی هەرێم نەبێ لەپرۆسەی سیاسی و حکومڕانیدا ، واتە دەبێ هاوکات لەگەڵ هەبونی کاندیدای کورد لەناو لیستە عێراقیە ناکوردستانیەکان ، لیستە کوردستانیەکانی هەرێم ئیستیحقاقی تەواوی خۆیانیان بدرێتێ ، لەنوێنەرایەتیکردن و بەشداریکردن لەدروستکردنی بڕیاری سیاسی لەعێراقدا .

حیزبە کوردیەکانی ئێستای هەرێم ، ئەگەر دەیانەوێ ئەم سیناریۆیەی حکومەتی ناوەندی سەر نەگرێ (لەئێستاو ئایندەدا) ، دەبێ چەند گۆڕانکارییەکی گەورە لەخۆیان و هەلومەرجی سیاسەتکردن ، حیزبایەتیکردن ، ئیدارەو حکومڕانی لەکوردستاندا بکەن ، بۆ نمونە پابەندبن بەقەواعیدە عالەمیەکانی گەمەی سیاسی و حکومڕانییەوە (دەستبەرداری کۆسەڵەو کۆسەڵەکاری ببن) ، هەروەها رێگای دەرکەوتن و دروستبون لەحیزبی نوێ نەگرن ، کۆتایی بەگەندەڵی و تەزویرکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتی و پاشکۆیی بۆ دوژمنانی کورد بهێنن ... و زۆر شتی تریش ، دەنا لەمەزەنەی عەقڵەوە دور نییە لەم گرەوی متمانەیەدا کەوا عەبادی سەرەتاکەیی دامەزراندوە ، کاندیدانی کوردی سەر بەلیستی حیزبی دەعوەو مەجلیسی ئەعلاو رەوتی سەدر ، زو یان درەنگ ، لەکاندیدانی کوردی سەر بەهەرێم ببەنەوە .

..................

2 ئەپریل

# بەغدا لەهەولێرەوە فێری شێواندنی گەمەی سیاسی بو

تێکدانی گەمە لەلای منداڵ و هەرزەکار ئاساییە :

کاتێ یاریی هەڵماتێن دەکەن ، ئەگەر یاریەکەیان لێ تێکبچێ یان لێ تێکبدرێ ، دەیکەنە هات وهاوار ، هەریەکە رادەکا بۆ هەڵگرتنەوەی (موش - فلس) ی خۆی ، دواتر ئەگەر تاقەتیان هەبو تێهەڵدەچنەوە .. کێشە نییە !

بەڵام تێکدانی گەمە لەپرۆسەی سیاسی و حکومڕانیدا وەکو کودەتا وەهایە .

لەهەرێمی کوردستان ، چارەکە سەدەیەکە نەتوانراوە گەمەی سیاسی بەیەکجاری رێکبخرێ ، چەندینجار تێکدراوە ، رێکخراوەتەوە ، دیسان تێکدراوەتەوە ، تەنانەت گەیەنراوەتە شەڕو کوشتار .

دواترین تێکدان و شێواندن ئەوەیانبو کە بزوتنەوەی گۆڕانی لەگەمەی سیاسی تێدا کرایە دەرەوە .

بەچاوپۆشی لەوەی کە :

لەچارەکە سەدەی رابردودا تا ئەمڕۆ ، خەتای کێ لەهینی کێ کەم و زۆرتربوە لەشێواندنی گەمەی سیاسیدا ، دەکرێ روی لۆمە بکەینە چینی حاکم (وەکو چینی هەرە بەهەژمون بەسەر ئەزمونی هەرێم و پرۆسەی سیاسییەوە لەهەرێم) کە بەدرێژایی چارەکە سەدەی رابردو تا ئێستا تۆپەکە هەر لەپێی خۆیدابوە ، لێی بپرسین : تا کەی درێژەدان بەگەمەی سیاسی لەدەرەوەی قەواعیدی گەمەی سیاسی ؟! ئایا دەزانن ئەوەی ئێستا لەبەغدا لەگەڵتان دەکرێ (لەدەرکردنی وەزیر ، قسەی هەڵیت و پڵیت لەعیبادییەوە ، رەنگە ناردنەوەی پەرلەمانتارەکانیشتان لەداهاتودا) هەمان ئەو شتەیە کە خۆتان لەناوخۆی هەرێمدا بەرامبەر بەخەڵک و لایەنی ناڕازی کردوتانە ؟

لەوە بگوزەرێین ، پرسیاری رێگاچارە بکەین : هەرێم لەئاستی بەغدا چۆن بەجواب بێت ؟ چی بکا ؟ هەمان داوا لەبەغدا بکا کە بزوتنەوەی گۆڕان لەهەولێری داوا دەکرد : سەرلەنوێ جێکردنەوەی کەسە وەدەرنراوەکان و دەستبەکاربونەوەیان لەشوێنکاری پێشویان ؟

یان دەستەوئەژنۆ (دیسانەوە وەکو گۆڕان) چاوەڕوانی رەحمی خواو رۆژگاربێ دۆخەکە بەچاک و بەخراپ بخات بەلایەکدا ؟

لەوانەیە هەمان شت بکا ، کێشە نییە ، ئەنجامی ئەبو بەدوای ڕێگای تردا دەگەڕێ ، بەڵام هەرچییی کردوە دەبێ لەپێشدا :

ئەوەی لەناوخۆی خۆیدا خراپی کردوەو شێواندویەتی ، چاک بکاتەوە (ئەگەر پێی بکرێ) ، حەکیمانەو لەخۆبوردوانە .

پاشان هەرچیی تری هەڵبژارد هەڵیبژێرێ .

چینی حاکم لەهەرێم ، ناتوانێ داوای گەمەیەکی نەزیهو دروست لەبەغدا بکا ئەگەر لەناوخۆی خۆیدا کۆتایی بەگەمەی نانەزیهو نادروست نەهێنابێ .

................

1 ئەپریل

# نە داوای جیابونەوە ، نە داوای تەوافوق !

بۆچونێکی تەسک هەیە (تاکوتەرا کەسانێک لەهەوڵی پەیداکردنی رەواجدان بۆی) دەڵێ : خەڵکی هەرێمی باشوری کوردستان ، نەکەونە دوای وەهمی جیابونەوە لەعێراق ، داکۆکییش لەپێگەی کورد لەبەغدا نەکەن ، چونکە قازانجی حیزبە گەندەڵکارەکانی هەرێمی تێدایە ...

ئەی چی بکەین ؟

خۆ دەبێ لەدو سەری دارەکە دەست بۆ سەرێکیان ببەین !

لەسەری سەربەخۆیی و جیابونەوە بگەڕێین ، باسی سەری پێکەوە هەڵکردن و تەوافوق بکەین کە ئێستا بەناوی چاکسازیی دەستوری و سیاسییەوە ، بەفیتی مەراجیعی دینیی شیعیی عێراقی و رەنگە سەرانی وڵاتانی دراوسێش ، خەریکە لەدەست دەچێ ...

بێگومان ئەگەر تا ئێستا نەتوانرابێ هەرێم لەبەغدا جیابکرێتەوە ، تاقە کاری مومکین ئەوەیە نەهێڵرێ بگێڕدرێتەوە بۆ بندەستی بەغدا : لەهەرێمێکی فیدراڵەوە بۆ چەند شارێکی پەرتەوازەی وەکو ئەوەی سەردەمی رژێمی بەعس هەبو ، چونکە ئەگەر ئەوە قەوما ، ئەوا لەخەڵکی ئێستاو ئایندەی کوردستان قەوماوە ، بەرلەوەی لەچینە حاکمەکەی ئێستا قەومابێ .

دەستگرتن بەپێگەی کوردەوە لەبەغدا لەبەرئەوە !

لەبەر هۆیەکی تری ئاشکراش کەوا وردە وردە نۆرەی باسکردنی دێ .

جارێ ئەوە بڵێین :

لەنوسینی وتارێکی لەمجۆرەدا پێشەکییەک یان هەڵوێستدوپاتکردنەوەیەک لەبارەی ئەزمونی شکستخواردوی هەرێمی کوردستان و کوردایەتییە خێڵەکیانەکەی حیزبە فەرمانڕەواو نافەرمانڕەواکانیەوە رەنگە پێویستبێ ، ئەگەر وەها نەکرێ ئەوا رەنگە هەندێ کەس ، بەتایبەتی ئەوانەی بەسوتفە دەکەون بەسەر کورتە وتارێکی لەمجۆرەداو ئاگایان لەهەڵوێست و نوسینی تری خاوەنەکەی نیە ، وەها لێکی بدەنەوە کە :

پێداگیری لەسەر پرەنسیپی دیموکراتیەتی تەوافوقی لەعێراق ، پێداگیرییە لەسەر

## هێشتنەوەی شوێنپێیی حیزبە شکستخواردوە کوردیەکانی ئێستا لەناو پرۆسەی حکومڕانیدا !

نەخێر ...

ئەگەر خەڵکی کوردستان لەدەستیان بهاتایە لەیەک ریفراندۆم یان هەڵبژاردنی گشتی یان هەر جوڵەیەکی تری سیاسی - کۆمەڵایەتیدا ، چینی ئێستای حاکم لەهەرێمی کوردستان بنێرنە ماڵەوە ، بەوردەو پردەکەی دەوروبەریشیەوە کە لەژێر ناونیشانی جۆراوجۆرو قسەی زلزلدا بونەتە پاشکۆی و شەرعییەتیان داوەتە ئەزمونە شکستخواردوەکەی ، ئەوا نوسەری ئەم چەند دێڕە یەک دەقیقە لەو کاروانە جەماوەرییە دوا نەدەکەوت ، بەڵام کە کاروانەکە هێشتا تەپەتەپیەتی و گیرۆدەی فاکوفیکی چینێکی فەرمانڕەوای گەندەڵکاری نەخۆشباوەڕی دەوڵەتنامەدارە ، ناکرێ تۆپینی خۆمان و زەرەری ساحێبمان هەڵبژێرین : هەڵوەشاندنەوەی پرەنسیپی دیموکراتیەتی تەوافوقی ، قەبوڵ بکەین .

راستە ، هەڵوەشاندنەوەی ئەو پرەنسیپە لەعێراق ، شکستی فەرمانڕەوایانی هەرێمی کوردستان بەرجەستەتر دەکا ، بەڵام گورزێکی کوشندە دەبێ لەدۆزی کورد بەگشتی و کوردی باشور بەتایبەتی .

هەڵوەشاندنەوەی پرەنسیپی (دیموکراتیەتی تەوافوقی - هەرچەند تا ئێستا بەتەواوی پایەکانی نەچەسپێنراون کە گرنگترینیان بریتین لە : هەبونی لانیکەم سێ هەرێمی فیدراڵ ، بەخشینی مافی ڤیتۆ بەهەریەک لەو سێ هەرێمە بۆ ئەوەی لەدروستکردنی بڕیاری سیاسیدا هەقیان نەفەوتێ) واتە هەڵوەشاندنەوەی فیدراڵیزم **!**

دەی باشە لەئێستادا کە تازە بەتازە ئومێدێک دروست بوە خەڵکی کوردستانی سوریا بەهەرێمی فیدراڵیی خۆیان شاد ببن ، هەڵوەشاندنەوەی فیدراڵیەت لەعێراق کە حەتمەن هەڵوەشاندنەوەی پرەنسیپی تەوافوق هەنگاوە بەرەو ئەوە ، چ مانایەک دەگەیەنێ ؟ ئەوە ناگەیەنێ کە : کوردی سوریا بەتەمای هەرێمی فیدراڵ نەبن و چاو لەکوردی عێراق نەکەن ، ئەگەر چاویان لەکوردی عێراق کردوە ، ئەوا دەستی کوردی عێراقیش لەبنی هەمانەکە دەرهێنرا **!؟**

بەکورتی :

لانیکەم لەبەر نەوەکانی داهاتوی هەرێمی باشوری کوردستان ، هەروەها لەبەر رەشبیننەکردنی پارچەکانی تری کوردستان کە ساڵەهایە لەگەرمەی تێکۆشاندان بۆ سەندنی مافی خۆسەریی دیموکراتی و چەسپاندنی تۆزە فیدراڵیەتێک ، دەبێ خەڵکی هەرێمی باشور پاشەکشە لەخەبات نەکەن ، چ لەناوخۆی هەرێمدا بۆ کۆتاییهێنان بەگەندەڵکاری و کوردایەتیی خێڵەکیانە ، چ لەڕوی حکومەتی ناوەندیدا جا بەداوای جیابونەوەبێ یان بەداوای عێراقێکی فیدراڵیی دەستوری .

..............

30 مارس

# ئێستا کێ جودابیخوازه :
# کورد یان دەسەڵاتدارانی تورک و عەرەب و عەجەم ؟

پێویست بەپێشەکیی مێژویی نییە دەربارەی ململانێی نێوان کورد - تورک ، کورد - عەرەب ، کورد - عەجەم ، باسەکە تەنها دەربارەی تۆمەتێکی حازربەدەست و لەقوتونراوی داگیرکەرانی کوردستان (تورک ، عەرەب ، عەجەم) ە بۆ گەلی کورد و شۆرش و راپەرینەکانی : تۆمەتی جودابیخوازی و تیرۆر .

ئەم تۆمەتە بەناوبانگەی داگیرکەرانی کوردستان (تۆمەتی جوداخوازی) کە دەیان ساڵە دەیدەنە پاڵ بزوتنەوە سیاسییە کوردیەکان و لەرێی ئەوانیشەوە دەیدەنە پاڵ سەرلەبەری گەلی کورد ، تا سەر ئێسقان زۆربەی هەرە زۆرمانی ئێشاندوە ، هەندێکمانی بەدرێژایی تەمەنی هوشیاریمان ئێشاندوە :

چۆن نەئێشێین لەکاتێکدا بنەما سیاسی و یاساییە نێودەوڵەتییە پەسەندکراوە هەرە بەناوبانگەکان ، بەسەریحی عیبارەت ، مافی فەرهەنگی ، سیاسی و ئابورییان بۆ هەمو گەلان پریار داوە ، بەبێ جیاوازی ، هەر لەمافی چارەیخۆنوسینەوە بیگرە بۆ بەرەسمیناسینی زمان و کەلتورو یەکسانیی ئابوری ، کەچی لەولاوە لەناوخۆی تورکیا ، سوریا ، ئێران و عێراق ، خواستی کورد بۆ پێکەوە ژیانی شایستەو یەکسان لەگەڵ غەیری خۆیان لەناو وڵات ، لەچوارچێوەی دیموکراتیەت و فیدراڵیەتدا ، یان ئەگەر نا جیابونەوەی دڵخوازانە ، دەیانساڵە بەقانون تەجریم کراوە ، ئەحزاب و جەماعات و کەسانێکیش کە لەپێناوی چەسپاندنی ئەو خواستەدا تێدەکۆشن و تێکۆشاون ، بەجودابیخوازو تیرۆریست پێناسە کراون ، ئەگەر تەنانەت بریتی بوبن لەهەر هەمو گەلەکە (گەلی کورد) و لەریفراندۆمێکی جەماوەریی سەرتاسەریشدا داوای پێکەوەژیانی سەرفرازانەی دڵخوازانە ، یان ئەگەرنا جیابونەوەی دڵخوازانەیان کردبێ .

ئێستا لەناو تورکیادا کێ تیرۆریست و جودابیخوازە : ئەردۆغان و ئاکەپە کە جۆرەها چەکی کۆکوژیان تاوداوەو هەمو رێگاکانی تیرۆرو تۆقاندنیان گرتوتەبەر بۆ سەرکوێرکردن و سەرکوتکردن و تواندنەوەی

زۆرەملێیانەی شوناسی نەتەوەیی کورد ، لەسەر بنەمای ئاغاو رەعیەت ، کێوی و مەدەنی ، یان سەڵاحەدین دەمیرتاش و نەتەوەکەی و بزوتنەوە چەکداریەکەی نەتەوەکەی کە جگە لەچەکی سوک و سادە بۆ بەرگریلەخۆکردن و مانەوە ، هیچی تر شک نابەن و شکیان نەبردوە ؟

کوردی سوریا جوداییخوازو تیرۆریستە ، یان حیزبی بەعس و ئەسەد جوداییخوازو تیرۆریست و ملهۆڕن کە دوای پێنج دانە ساڵی خوێناوی لەشەڕو ئاشوبی ناوخۆیی ، کەڵەگایی داعش ، ئالسعودو ئەردۆگان و میرو گزیری خەلیج بەسەر سوریاوە ، هێشتا رازی نین مل بەچارەسەرێکی مامناوەندی بدەن : وڵات فیدراڵیزە بکرێ و خەڵکە ماندوەکەی کەمێک تیایدا بحەسێنەوە ، لەبەرئەوەی کورد دەستی نەگاتە خاک و ئاسودەیی خۆی !

کوردی ئێران جوداییخوازو تیرۆریستە ، یان دەوڵەتی ئێران و سەرکردەکانی کە نەک ژیانی شایستە بەکوردەکەی بندەستی خۆیان رەوا نابینن ، بەڵکو لەڕێی نفوزی خۆیانەوە بەسەر حکومەتی شیعەی عێراقەوە ، بۆ دەیەو نیوێک دەچێ نایەڵن کوردی عێراقیش لەچوارچێوەی عێراقدا بەئیسراحەت بژی ؟

کوردی عێراق جوداییخوازو نەکڵۆکە ، یان حکومڕانانی عەرەبی شیعەو برا لارەملەسوننەکەیان کە لەوەتەی دەستوری نوێی عێراق نوسراوەو دیموکراتیەتی تەوافوقی وەکو بنەمایەکی سیاسیی گونجاو بۆ یەکخستنی گەلانی وڵات ، لەعێراقی پاش سەددامدا ئیقرار کراوە ، لەخەیاڵی هەڵوەشاندنەوەی تەوافوق و تەعدیلی دەستوردان بەرەو دواوە ، بەجموجوڵەکەی ئێستاشیانەوە .

بێگومان ئەو شتەی کە ئێستا موقتەدا سەدر بەدوایەوەیە ، هەمان ئەو شتەیە کە مالکی بەدوایەوەبو :

دیموکراتیەتی تەوافوقی کە زەرورەتێکی سیاسیی حەتمییە لەوڵاتی فرە پێکهاتەدا ، هەڵبوەشێنرێتەوە .

ئێستا کورد نیازی جیابونەوەی هەیە لەعێراق ، یان سەدرو مالکی نیازی دەرپەڕاندنی کوردیان هەیە لەعێراق ؟

..................

28 مارس

# سیاسەت گوزارشتە لەئابوری

خەڵکانی تریش ئەو بڕوایەیان هەیە کە :

سیاسەت گوزارشتێکی چڕوپڕە لەئابوری .

تەماشا بزانە :

لەو رۆژەوەی هەواڵی لابردنی سزای ئابوری لەسەر ئێران بەرگوێ کەوتوە ، چەند لەم هەواڵ و سەردێڕانە بەر چاو و گوێ کەوتون :

_ بازاڕێکی حەفتا هەشتا ملیۆن کەسی دەرگای ئاواڵەبو .

_ فەرەنسا لیک زاوەتە دەمی بۆ وەبەرهێنان لەو بازاڕەدا .

_ ئیتالیا دەستی خۆی پێش خست : گرێبەستی ئەوەندە ملیار دۆلاریی لەگەڵ ئێران ئیمزا کرد .

_ ئیمارات و سەڵتەنەتی عوممان و کوێ و کوێ ، بەختیان باشی هێناوە : لەتەنگانەکەی لەمەوبەری ئێراندا دژایەتیی تارانیان نەکردوە ، یان بەتوندی دژایەتییان نەکردوە ، لەبەرئەوە حەتمەن لەڕوی ئابورییەوە سودمەند دەبن لەڕوداوەکەو فرسەتی چاکیان دەست دەکەوێ بۆ وەبەرهێنان لەو بازاڕە حەفتا هەشتا ملیۆن کەسییەدا .

### یان قسەی لەمجۆرە :

_ بەنگلادیش ئەگەرچی بازاڕێکی سەدو پەنجا ملیۆن کەسی یان زیاتر لەوەیە ، بەڵام جێگای بایەخ نییە لای وەبەرهێنەران ، لەبەرئەوەی توانای کڕین لەلای هاوڵاتییەکانی ، زۆر لەخوارەوەیە ، چاوەڕوانی قازانجی تێدا ناکرێ .

هەمو ئەو قسەو هەواڵانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە :

هەم بەنیسبەت دەوڵەتانەوە ، هەم بەنیسبەت کۆمپانیا وەبەرهێنە زەبەلاحە نێودەوڵەتیەکانەوە کە بەتوندی دەستەودامەنی سیاسەتن ، سیاسەت گوزارشتێکی چڕوپڕە لەئابوری .

لەهەر شوێنێکی دنیا قازانجی دارایی مسۆگەربێ ، ئەوان (مەبەست وڵاتان و کۆمپانیا سەرمایەگوزارەکانە) لەوێن ، جا بەئاشتی و کاری دیپلۆماتی بۆی کشابن یان بەشەڕ .

لەهەر شوێنێکی دنیاش سوسەی قازانج و سودی ئابوری نەکرابێ ، ئەوان لێی دوربون ئەگەر بەخاک و مرۆڤەوە ئاو بردبێتی یان ئاگر رایماڵیبێ .

جگە لەسودی ئابوری وقازانجی دارایی ، چیبتر ئەو هەمو وڵات و هێزە جۆراوجۆرانەی لەسوریا ، لیبیا ، عێراق و شوێنانی تری دورو نزیکی دنیا ، روبەڕوی یەکتر راگرتوە ؟

نەک هەر بەنیسبەت وڵاتان و کۆمپانیا زەبەلاحە سەرمایەگوزارە لۆکاڵی و نێودەوڵەتیەکانەوە ، بەڵکو بەنیسبەت هاوڵاتی و کەسی سادەشەوە (ئابوری) بزوێنەری بنەڕەتییە بەرەو چالاکیی سیاسی ، واتە : سیاسەت گوزارشتە لەئابوری .

تەماشا بزانە هەر لەهەرێمی کوردستان :

چەندینجار رێگری لەسازکردنی خۆپیشاندان کرا ، تۆ بڵێ چەندین ساڵە خۆپیشاندان قەدەغە کراوە کە مافێکی ئاسایی و یاسایی خەڵکە (بەپێی بنەما سیاسی - یاساییی) یە نێودەوڵەتیەکان .

چەندین نوسەرو رۆژنامەنوس تیرۆر کران .

چەند تەن کاغەز رەش کرانەوە بەباسی (بەسەرچویی ماوەی سەرۆکایەتیی سەرۆکی هەرێم) و خرانە بەرچاو و گوێی خەڵک .

چەند تەن دۆلار (چیای گەورە لەدۆلار) لەداهاتی گشتی ، کرا بەساقەی هەواو هەوەسی کەسانی نەخۆشباوەڕو نەخۆشچاو و نەخۆشدەرونی گەندەڵکار .

کام لەو روداوانە بەقەدەر برین و کەل و کەچکردنی موچەی فەرمانبەر ، ناڕەزایەتیی لەدڵ و دەرونی خەڵکی کوردستاندا چاندو بێئومێدیی خستەوە ؟

هیچیان !

ئەوەی دەبێ بگوترێ ئەمەیە :

چ لەعێراق ، چ لەهەرێمی کوردستان ، بەبۆنەی ئەو گەندەڵییە قەبەیەو ئەو فەرهودو فەرهودکارییەوە کە ساڵەهایە بەبەرچاوی خەڵکی لای خۆمان و وڵاتانەوە دەگوزەرێ ، داهاتی تاکەکەس زۆر خراپ هاتۆتە خوارەوە .

داهاتی تاکەکەس ، تەنانەت پێش داکەوتنی نرخی نەوت و شەڕی داعشیش ، پێناچێ لەئاستی چاوەڕوانیی ئەو وڵات و کۆمپانیا سەرمایەگوزارە نێودەوڵەتیانەدا بوبێ کە تەماعی قازانج کردبونیە دۆستمان ، ئەوان

لەخۆمان باشتر ئاگاداری ئەوەن کە ئەگەر گەندەڵی ڕێگەی بدایە تاکەکەس بەتەواوی بەبەشە داهاتی خۆی شاد ببێ ، عێراق و هەرێم بازاڕێکی چەند گەرم و گوڕو پڕدەسکەوتدەبو بۆیان .

ئەمە گەورەترین مەترسییە لەسەر دەسەڵاتدارانی هەولێرو بەغدا .

وڵاتانێک کە ئابوری پاڵنەری سەرەکییانبێ بۆ سیاسەتکردن ، بەدوای چیدا بێن خۆبخزێننە پشت حکومەتی ئێستای هەولێرو بەغداو نەهێڵن بکەون ، لەکاتێدا خوری بەمەڕ (هاوڵاتی) ەوە نەماوە بۆ خۆداپۆشین لەگەرماو سەرما ، نەخوازەڵا بۆ ئەوان کە تەماعی خوری نەبوایە هەر نەشیاندەزانی هەین یان نیین .

..................

22 مارس

# تۆ بیکەو ئەو بیگرێتە ئەستۆ

بەناوی داعشەوە ، تەقینەوە لەدوای تەقینەوە لەشوێنی جیا جیای دنیا رودەدا : فەرەنسا ، بەلجیکا ، تورکیا، میسر ، تونس ، سوریا ، عێراق و ... هتد .

ئەگەر بەوردی سەرنج بدرێ دەرک دەکرێ کە : لەچەندین روەوە جیاوازی لەنێوان تەقینەوەکاندا هەیە ، بۆ نمونە لەڕوی پلان ، جۆر (خۆکوژی یان پەلامار بەتفەنگ) ، بکەر ، ئامانج ، تەوقیت و ... هتد .

هەندێ جیاوازی لەنێوان تەقینەوەکاندا زۆر زەقن ، بۆ نمونە جیاوازی لەبکەرو شوناسی بکەردا :

ئەوانەی لەئەوروپا کردەوەی تیرۆریستی دەکەن ، ئەگەر هەمویشیان خەڵکی وڵاتانی مەغریبی عەرەبی (تونس ، مەغریب ، جەزائیر) نەبن ، ئەوا عەقڵە مودەبیرەکەیان ، یان بڵێین : سەردەستەکەیان ، ئەوێیین (تونسی و مەغریبی و جەزائیرین) ، بەزۆرییش ئەو وڵاتە ئەوروپییە بەئامانج دەگرن کە کاتی خۆی وڵاتانی مەغریبی عەرەبیی داگیر کردوە (فەرەنسا) یان ئەو وڵاتە ئەوروپیانەی لەوەوە زۆر نزیکن و دۆستین .

ئەم بکەرە تیرۆریستە مەغریبیانە ، شێوازو ئامانجی کردەوەکانیشیان جیاوازن ، هەڵگری مۆرکی تایبەتین.

کردەوەی ئەمان زۆر رێکخراوتر ، عەقائیدیتر ، دەنگدەرەوەترو ئامانجدارترە .

ئەمان ، ئەگەر لەناوخۆی وڵاتی خۆیشیاندا (بۆ نمونە لەتونس) کردەوەیەکی تیرۆریستی بکەن ، گەشتیار (بەتایبەتی گەشتیاری ئەوروپی) بەئامانج دەگرن .

هەمو ئەم شتانە بەسەر یەکەوە دەیسەلمێنن : ئامانجی یەکەم و کۆتایی ئەمان ، قەومییە (بەرلەوەی دینییێ) ، تۆڵەکردنەوەیە لەداگیرکەری کۆن و هەوڵدان بۆ کورتکردنەوەی دەستی شاردراوەی ئەو لەپشتی میرو گزیری ئێستای عەرەبەوە لەناوخۆی وڵاتانی عەرەبیدا .

بەڵام بکەرە تیرۆرستەکانی ناو سوریاو عێراق ، بەشێوەی سەرەکی لەحیلفە (سعودی ، تورکی ، قەتەری) ەکەوە نزیکن ، جا لەڕوی شوناسەوەبێ یان لەڕوی وەلائو مەرجەعیەتەوە .

ئەمان بەزۆری بەدوای پێکانی ئەو ئامانجانەوەن کە دەڕژێنە خزمەتی بەرژەوەندیی قەومی - تائیفیی تورکیاو سعودییەو هاوپەیمانەکانیانەوە ، هەروەها کەسانی فرەشوناسن : چیچانی ، تورکمان ، تورک ،

سعودی ، سوری و شوێنانی تر کە پێدەچێ پشتیوانیی بێشوماری دارایی و خستنەسەرپشتی روبەری جوگرافیی فراوان و ئاسانکاریی زۆر لەسازاندنی زەمینەی جموجوڵدا بۆیان ، هۆکاری سەرەکی بوبێ لەکۆکردنەوەو یەکخستنیاندا .

ئەو ئامانجانەی ئەمان تا ئێستا نیشانەیان لێگرتون بریتی بون لە : رژێمی حوکم لەسوریا ، عێراق ، کانتۆنە کوردیەکانی سوریا ، میدیای روسیا لەسوریاو ... هتد کە سەرلەبەریان لەلایەن ئەنقەرەو رییازەوە بەرەسمی وەکو هەڕەشە بۆ سەر ئەمنی قەومیی تورکیاو سعودییەو خەلیج ناسێنراون .

پاش ئەم کورتە بەراوردکارییە لەنێوانی تەنها دو پێر داعشدا :

- داعشی مەغریبی عەرەبی کە داعشێکی خۆهاژۆی خاوەنخۆی قەومییە بەرلەوەی دینیبێ .

- داعشی سعودی ، تورکی ، خەلیجی ، کە داعشێکی دەوڵەتیی تائیفیی هاژوشتراو (لێخوڕدراو) ە .

دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە : داعش یەک دانە رێکخراوی یەکئامانج نییە لەژێر فەرماندەیی یەک سەرو یەک سەرکردایەتیدا ، بەڵکو چەندین دانەیە بەچەندین ئامانجەوە لەژێر فەرماندەیی چەندین سەرو چەندین سەرکردایەتیدا :

دو دانەیانمان ئاماژە پێدا لەبەرئەوەی دیارترینیانن ، بەڵام ئەو دو دانەیە هەمو دانەکان نین ، دانەی تریش هەن ، یان تۆ بڵێ : دانەی تریش پەیدا دەبن .

چۆن هینی تریش هەن یان پەیدا دەبن ؟

وەڵام : لەبەرئەوەی ئیشێکە بەئاسانی بەدەستەوە دێت :-

هەر هێزو لایەن و دەوڵەتێک نەیتوانی بەئاشکرا ماڵی دوژمن یان رکابەرێکی خۆی ئاگر بدا ، ئەوەندەی بەسە لەبڕێکی بودجەی خۆی ببورێ و بیداتە کەسانێ تەقینەوەی بەناوی داعشەوە پێ بکەن لەهەر شوێن و کاتێکدا کە دڵی بیخوازێ .

چ گەمەیەک لەوە ئاسانتر بەدەستەوە دێت :

بەپارەو ئیمکانیاتی خۆت ، بتەقێنیتەوەو دواتر (خۆبەخۆ یان بەپێی سەفقەیەکی ژێربەژێر) کەسانێ ناوی خۆیان بخەنە سەر کردەوەکەی تۆو بیگرنە ئەستۆ ؟

لەنێوان هێزگەلی ناکۆکی ناوخۆی وڵاتێکیشدا سیناریۆهاتی لەمجۆرە مومکینە نەک هەر لەنێوان وڵاتێک و وڵاتانێکی تردا ، بۆیە نالۆژیکی نییە لەڕوانگەیەکی وەهاییەوە تەقینەوەکانی ئەمڕۆی بەلجیکا بدرێتە بەر خوێندنەوە ، بەتایبەتی ئەگەر زانرا رەبتی بەنەعرەی قەومیی داعشەکانی وڵاتانی مەغریبی عەرەبییەوە نییە .

................

11 مارس

# قسه بەسە

قسه یان نوسین شتێکی ئەوەنده بێبایەخ نییه داوا بکەین وازی لێبهێنرێ ، بەڵام لەهەرێمی کوردستان شتی لەقسەو نوسین گرنگتر بۆ ئەم دۆخه کردەوەیه .

دەبێ بەکردەوه بەدەسەڵاتدارانی هەرێم بگوترێ شکستتان هێناوه ، دەست هەڵگرن .

بەپێی نوسین و توێژینەوه ئەکادیمیەکان دەسەڵات و حکومات بۆ ئەوه دروست دەبن خەڵکی وڵات بپارێزن لەخۆسەپێنی و گوندەیی تیرەو تایەفەو گروپ و تاقمی سەرەڕۆ که لەهەمو کۆمەڵگەیەکدا هەن و بەدوای خولیای سەری خۆیانەوەن ، بەڵام لەهەرێمەکەی ئێمەدا دەسەڵات خۆی بۆته گونده بەسەر خەڵکەوه ، بەئارەزوی خۆی هەمو شتێ دەکا ، بەبێ پابەندبون بەهیچ دەستورو یاسایەکی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتییەوه .

خۆسەپێنیی چینی حاکم لەهەرێمی کوردستان بۆ ماوەی چارەکه سەدەیەک بەتەزویرکاری و راووڕێوی ، بەڵگەیه لەسەر ئەوەی که ئەو چینه پێی وا نییه پەیوەندیی نێوان گەل و دەسەڵات پەیوەندییەکی تەعاقودییه (لەسەر بنەمای گرێبەستی کۆمەڵایەتیی نێوان خۆی و خەڵک دامەزراوه) ، بەڵگەیه لەسەر ئەوەی که ئەو چینه پێی وایه پەیوەندیی نێوان خەڵک و دەسەلاتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی زۆرەملێیه (هێزیان هەیەو هیچ کەس بۆی نییه لەدەسەڵاتیان بخا)! بێئاگا لەوەی که بۆ لەدەسەڵاتخستنی دەسەڵاتدارانێک (هەر دەسەڵاتدارانێک) پێویست بەهێزو قوەت نییه ، بەڵکو تەنها ئەوەنده بەسه دەسەڵات ئیخلال بەئەرکەکانی خۆی بکا ، بۆ ئەوەی خەڵک داوای وازهێنان و دەستلەکارکێشانەوەی لێبکا ، ئەگەر بڕوا وابێ که پەیوەندیی نێوان خەڵک و دەسەڵات پەیوەندییەکی تەعاقودییه .

بێگومان لەهەمو پەیوەندییەکی تەعاقودیی نێوان هەر دو لایەنێکدا ، ئەگەر لایەنێکیان ئیخلالی بەعەقدەکه کرد ، ئەوا لایەنەکەی بەرامبەری بۆی هەیه ئیلتیزام بەعەقدەکەوه نەکا ، یان داوای هەڵوەشاندنەوەی عەقدەکه بکا (جا عەقدەکه هەر جۆره عەقدێکبێ)!

بەڵام ئایا چینی حاکم لەهەرێمی کوردستان بڕوای بەم بۆچونه هەیه ؟ بێگومان نەخێر ، دەنا ئەگەر تا ئێستاش رازی نەبوبن رێگه بۆ کەسان و لایەنی تر چۆڵ بکەن و ئیعتیراف بەشکست و ناپەسەندیی خۆیان بکەن ، دەبوایه لەدوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و برسیکردن و بێموچەکردن و فەرق و تەفرەقەکرنی ئەم دواییەیان لەنێوان موچەخۆراندا (لەسەر بنەمای سەربازی و مەدەنی : بەشی زۆر بۆ پاسەوانانی نیزام

، بەرماوە بۆ بێدەست و پایانی مەدەنی) دەست هەڵگرن ، شوێن چۆڵ بکەن بۆ کەسانی دڵسۆزتر ، نەزیهتر ، بۆ وڵات ژییاوتر .

بەکورتی :

لەگەڵ چینی حاکم لەهەرێمی کوردستان قسە بەسە ، چونکە سودی نییە !

پێناچێ خۆپیشاندان و رژانەسەرجادەش کەڵکی هەبێ ، لەبەرئەوەی دەسەڵات ناتوانێ مەدەنیانە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندانداندا بکا .

چار ئەوەیە لەڕێی ئیمزاکردن و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکەوە (بەشێوەیەکی فراوان و بەربڵاو) دنیا ئاگادار بکرێتەوە لەوەی خەڵکی هەرێمی کوردستان پرواى بەم دەسەڵاتەو هیچ کام لەئۆرگانەکانی نەماوە (لەپەرلەمانەکەیەوە بیگرە تا دەگاتە حکومەت و دامودەزگا قەزائیەکانی) .

ئەگەر رۆشنبیران ، نوسەران ، مامۆستایانی زانکۆو ئەکادیمیان ، دەستپێشخەرییەکی وەها بکەن و خەڵکی بۆ بانگ بکەن ئەوە کارێکی زۆر باشە ، ئەگەر ئەوانیش نەهاتنە پێشەوە ئەوا خەڵک خۆی کارەکە لەئەستۆ بگرێ .

..............

14 فێبرایەر

# کێشەی هەرێم لەکێشەی نێوان (گۆران - پارتی) دا کورت مەکەنەوە

هەندێ کەسی بەڕێز (لەم حیزب و ئەو حیزب) باشکردنەوەی رەوشی خراپی سیاسیی هەرێم ، وەکو پێشهەنگاو بەرەو باشکردنی رەوشی خراپی دارایی هەرێم تەماشا دەکەن .

هاوکات ، رێکەوتنەوەی گۆڕان و پارتی وەکو پێشهەنگاو بەرەو باشکردنەوەی رەوشی سیاسیی هەرێم تەماشا دەکەن .

واتەچارەسەری رەوشی خراپی دارایی هەرێم لەدو هەنگاودا کورت دەکەنەوە: -

هەنگاوی یەکەم : سیاسی

گۆران و پارتی کێشەسیاسیەکانی نێوانیان کۆتایی پێ بهێنن .

ئەگەر ئەو دو حیزبەکێشەی سیاسیی نێوان خۆیانیان کۆتایی پێهێنا ، ئەوا کێشەی سیاسی لەهەرێمدا کۆتایی هات .

هەنگاوی دوەم : دارایی

ئەگەر کێشەی سیاسی لەهەرێمدا نەما (کەلەکێشەی نێوان پارتی و گۆڕاندا کورت کراوەتەوە) ، ئەوا لەچارەسەری رەوشی خراپی دارایی نزیك بوینەوە.

ئەم قسەیەوەکو ئەوەوایەبگوترێ :

* خراپیی رەوشی دارایی هەرێم ، دەرەنجامی خراپیی رەوشی سیاسیی هەرێمە.

* خراپیی رەوشی سیاسیی هەرێمیش ، دەرەنجامی نەسازانی گۆڕان و پارتییەلەگەڵ یەکتر !

راستە: خراپیی رەوشی دارایی هەرێم ، دەرەنجامی خراپیی رەوشی سیاسییە.

بەڵام خراپیی رەوشی سیاسیی هەرێم ، دەرەنجامی نەسازانی پارتی و گۆڕان نییەلەگەڵ یەکتر ، بەڵکو

دەرەنجامی دەستاودەست نەکردنی دەسەڵاتە، بەهۆی دەستاودەست نەکردنی دەسەڵاتەوە، گەندەڵی و حیزبسالاری و بێقانونی ، لەهەرێمدا رەگیان داکوتا ، بەهۆی رەگداکوتانی گەندەڵی و حیزبسالاری و بێقانونییشەوە، هەرێم کرایەخاوەنی سیستمێکی سیاسیی خراپ و سیستمێکی (ئابوری - دارایی) ی لەرزۆکی بەرگەنەگر کەیەکسەر لەگەڵ بڵاوبونەوەی هەواڵی داکەوتنی نەرخی نەوت لەبازارەکانی جیهاندا ، حکومەت خێرا ئیفلاسی خۆی راگەیاند .

بێگومان کارێکی باش دەبو پارتی لەگەڵ گۆران و لایەنەسیاسیەکانیتر بسازایە، بەڵام سازان لەسەرچی ؟ حەتمەن لەسەر شتێك !

سازان (بۆ نمونە) لەسەر ئەوەی : پێکەوەبەهەمویان (بەڵام راستگۆیانەو خۆنەویستانە) شانیان بدایەتەبەر وەزعەکە، کۆمەڵێك چاکسازیی ئیداری - ئابوری - داراییان لەسیستمی سیاسیدا بکردایە.

## پارتی دەیتوانی لەو رێگەیەوە(رێگەی چاکسازیی ئیداری - ئابوری - دارایی) خەڵکی وڵاتی بگەیاندایەتەئەو پروایەی (چاکسازیی سیاسی) مەسەلەیەکی لاوەکییە:

(ئەگەرئامانج لەچاکسازیی سیاسی بریتیبێ لەدەستاودەستکردنی دەسەڵات و تاقیکردنەوەی دیموکراتی ،

ئامانج لەدەستاودەستکردنی دەسەڵات و تاقیکردنەوەی دیموکراتییش بریتیبێ لەدەستەبەرکردنی گوزەرانێکی شایستەبۆ خەڵك ، چش با خەڵك لەسایەی دیموکراتیی عەیارەبیست و چواردا نەژی، گرنگ ئەوەیەگوزەرانی باشە!) .

ئەوسا زۆر قورس نەدەکەوتەوەئەگەر چارەکەسەدەیەکی تریش جڵەوی فەرمانڕەوایی هەر بەدەست ئەو کەسانەوەبوایەکەچارەکەسەدەیەکەبەدەستیانەوەیە!

بەڵام کە:

* سازان (لەسەر بنەمایەکی دروست) بەدەستەوەنەهات

* هیچ چاکسازییەك بەدەستەوەنەهات

## *پەرلەمان تێك درا

*حکومەت ئیفلاسی کرد

* خەڵك لەگرتنبەبەری رێگەی عەقڵ بێئومێدبو

- میللەت چاری چییە؟

- دوای نەسازان ، پاشاگەردانی ، بێقانونی و بێموچەیی و بێئومێدییەکی زۆر ، دەبێ بەدوای چییەوەبێ ؟

* دەبێ بەدوای چاکسازیی سیاسییەوەبێ ، بەدوای دەستاودەستکردنی دەسەڵات و تاقیکردنەوەی دیموکراتییەوەبێ ، بەڵکو لەو رێیەوەشتێ بکا بەشتێ !

ئەمەدوایین رێگەیەلەبەردەم هەر میللەتێکدا (ئەگەر رێگەی سازان لەبەردەم لایەنەسیاسیەکاندا نەماو چاکسازیی ئیداری مەحاڵبو) ، جا ئیتر لەئەنجامی شۆڕش و شەڕوشۆڕەوەدەست بەم رێگایەدەگا ، یان لەئەنجامی عەقڵ و لۆژیکەوە: هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گشتیی خاوێن.

دەبێ ددانی پێدا بنرێ : -

* خراپیی رەوشی (سیاسی - ئیداری - ئابوری و دارایی) ی هەرێم ، رەگی لەچارەکەسەدەیەك لەمەوبەردایە.

* ئەزمونی حکومڕانیی هەرێم ، زۆر لەمێژە: لەڕۆژی هەڵایسانی شەڕی نێوان یەکێتی و پارتییەوە(واتەزۆر پێش تێکچونی نێوانی پارتی و گۆڕان ، هەروەها زۆر پێش داکەوتنی نرخی نەوت لەبازاڕەکانی جیهاندا) ، لەڕوی (سیاسی - ئیداری - ئابوری و داراییەوە) شکستی هێناوە.

* تاقەیەك روداوی تازەلەئارادایە، ئەویش‌ئەوەیە: خوا بۆ دەسەڵاتدارانی داوەنرخی نەوت لەبازاڕدا داکەوتوەو بیانویان دەستکەوتوەبۆ راگەیاندنی دەستتەنگی و ئیفلاسی حکومەتەکەی ئێستایان لەڕوی داراییەوە.

بەدەم ئەوەوە:فرسەتی حەپەلوشکردنی داهاتی چەندین ساڵەی نەوتیان بۆ رەخساوە!

* بەڵکو خوا فرسەتێکیشی بۆ میللەت رەخساندبێ و وایکردبێ :

لایەنەسیاسیەکان (هەمویان پێکەوەبەیەك دەنگ ، بەبێ ئاژاوە!)بیانویەکی تریان دەستکەوێ بۆ راگەیاندنی ئیفلاسی سیستمەسیاسیەکەلەڕوی سیاسی و ئیدارییشەوە.

بەدەم ئەوەوە: فرسەتی هەڵبژاردنێکی گشتیی خاوێن برەخسێ ، کاروباری وڵات بکەوێتەدەست نوخبەیەکی سیاسیی بۆ وڵاتژیاو .

بێگومان پاش چارەکەسەدەیەك تاقیکردنەوەی دیموکراتیی کارتونی ، جڵەوشلکردن بۆ گەندەڵی تا ئاستی نغرۆبونی وڵات ، رێگریکردن لەدەستاودەستکردنی دەسەڵات ، ئێستا ئیتر بەتەواوی کاتیەتی فرسەت بدرێ میللەت کاروباری خۆی بسپێرێت بە(نوخبەیەکی تری سیاسی) ، نوخبەیەکی شارەزای بۆخۆنەژیاو (بۆ وڵاتژیاو) ، کاتیەتی وردەوردەکۆمەڵگەرابێت لەسەر دەستاودەستکردنی دەسەڵات .

بەکورتی :

سازانی گۆڕان (یان یەکێتی و هەر لایەنێکیتر) لەگەڵ پارتی ، پێناچێ‌چارەسەری رەوشی خراپی سیاسیی هەرێم ، یان‌چارەسەری رەوشی خراپی ئابوری و دارایی هەرێم بکا (لەو ماوەکورتەدا کەخەڵك

بەهیوایەتی) .

سازانی پارتی و لایەنەکان لەنێوانی خۆیاندا (دوای تەقینەوەی دۆخی هەرێم بەم ئەندازەترسناکە) ، تەنها لەیەکحاڵەتدا جێگای ئومێدە:

لەسەر بنەمایەکی تازەبێ و زەمینەبڕەخسێنێ بۆ گۆڕینی سیستمی (سیاسی - ئیداری) لەهەرێم (لەسیستمێکی سەپێنراوەوەبۆ سیستمێکی هەڵبژێردراو) کەپێناچێ وابێ .

................